# گوڵان

ساڵی سییەم (١٣٧١)- (١٠)ی تەمموزی ٢٠٢٣



## دیداری سەرۆک وەزیران و خەڵک

# دڵنیاتان دەکەمەوە داهاتووی کوردستان باشتر و ڕووناکتر دەبێت




# دیدار لەگەڵ باڵوێزی چەند وڵاتێک لە ئەنکارا

## ٧٢

ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٩٣، لەگەڵ مستر بارکلی، باڵیۆزی ئەمەریکا و مستر گۆلدن، باڵیۆزی بەریتانیا لە تورکیا کۆ بوومەوە. لە دیدارەکەدا چەندین پرسیاریان سەبارەت بە بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و کوردستان هەبوو. بەوردی باسی بابەتەکان کرا. زۆر ڕازی و دڵخۆش بوون بە دیدارەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا و ڕایگەیاند ئەم دیدارانە هاوکاریمان دەکەن لە بەردەوامیی پاراستنتان.

ڕۆژی دواتر چاوم بە باڵیۆزی ئەڵمانیا لە ئەنکارا کەوت. باڵیۆزی ئەڵمانیا لە دانیشتنەکەدا گوتی: « دوای شەڕی دووەمی جیهانی، من منداڵ بووم و وڵاتەکەمان وێران و خاپوور ببوو، باش لە بیرمە دایکم چۆن بە شەو و ڕۆژ کاری دەکرد بۆ چاککردنەوەی خانووەکەمان کە بەهۆی شەڕەوە ڕووخابوو».

منیش لە وەڵامدا پێم گوت: «جەنابی باڵیۆز دایکانی ئێمەش ئامادەن شەو و ڕۆژ بخەنە سەر یەک و کار بکەن بۆ چاککردنەوە ئەو خانووانەی چەندین جار وێران و خاپوور کراون، بەڵام لێرە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان دایکی جەنابت و دایکانی ئێمە، دایکت هیوای هەبوو کە خانووەکەی چاک دەکاتەوە و لە ناوی دەژی، بەڵام دایکانی ئێمەن نازانن کەی جارێکی دیکە دوژمن خانووەکانیان بەسەردا وێران دەکاتەوە».




پرۆفیسۆر ماوڕا گرۆسمان:

## دەبێت زیرەکیی دەستکرد یاریدەدەر و تەواوکاری مرۆڤ بێت، نەک جێگەی مرۆڤ بگرێتەوە


# گوڵان

ساڵی سییەم (١٣٧١)- (١٠)ی تەمموزی ٢٠٢٣


**هیوا ئەحمەد**

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان:

## ئەگەر هەڵبژاردن نەکرێت سیمای هەرێمی کوردستان ناشیرین دەبێت و دامەزراوەکانی حکومەت شەرعییەتیان نامێنێت





كەریم سلێمان :



**کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرچەرخانی لە کەرتی پەلەوەر و ساخکردنەوەی بەرهەمی جووتیاراندا دروست کرد**

پ. د.کامەران ساڵحی




**ئایا عێراق یەک گەلە یان فرەگەلە؟**

عەبدولڕەحمان سدیق



**چەمکی ئابووریی بازنەیی**

پرۆفیسۆر ستیڤن ڕەوچ :



**پێدەچێت سوپای رووسیا وەی پێویستی بۆ ئەنجامدانی دژەهێرش نەبێت**

ستروان ستیڤنسۆن :



**رووسیا دەرئەنجامێکی پێچەوانەی لە شەڕەکە چنیوەتەوە**


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

ستار نەورۆز :



**کوردانی فەیلی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە ڕێپێوانێکی گەورە پاڵپشتیی خۆیان بۆ مستەفا بارزانی دەربڕی**



ئەمیرە ئەسعەد:

**لە ئەمریکاش خواردنە کوردەوارییەکانم داواکاری زۆری لەسەرە بەتایبەت یاپراخەکەم**

**سوودەکانی غەرغەرە بە زەیت**



**لۆمۆ سکۆتەرێکی زیرەک**



فەرهەنگ غەفوور:

**پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ڕۆڵی هونەر لە نزیککردنەوەی پێکهاتەکان**



**پاڵەوانانی وڵاتان لە کوردستان بوون**





## سەرۆک وەزیران و خەڵک

# ڕاستگۆیی
# خاکەڕایی
# خزمەتکاری



لە سەرەتای دەستبەکاربوونی ئەم کابینەیە (کابینەی ٩) ئومێدێکی زۆرمان هەبوو بە سیستمێکی تۆکمەی چاکسازی دەست پێ بکەین و، ئەو شتە باشانەشی پێشتر ئەنجام دراون درێژەیان پێ بدەین، ئەوانەشی کەموکورتییان هەیە، یان پێویستیان بە کاری زیاتر هەیە، هەوڵ بدەین باشتریان بکەین.

پاش دەستبەکاربوونمان هەستم کرد، زۆر سێکتەر و بواری حوکمڕانی هەن، بوونیان نییە و دەبوو لە سەرەتا و بنەڕەتەوە بونیاد بنرێنەوە، یەکێك لەوانە سیستمی بەدیجیتاڵکردنی سیستمی حوکمڕانییە، کە من ئومێدێکی زۆرم هەیە کارئاسانییەکی گەورە بۆ پرۆسەی حوکمڕانی و حکومەت و هاووڵاتیانیش دەکات، بەڵام لە زۆربەی سێکتەرەکانی حوکمڕانیدا ئەسڵەن داتابەیس بوونی نەبوو، بۆیە تیمێکی تایبەتیم دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان ئەو داتا بەیسە دروست بکرێت.

لەم کابینەیەدا زۆر شتی باش کراون و، لە زۆر بواریشدا سەرکەوتنی باشمان بەدەست هێناوە، بەڵام هەمووشتان دەزانن ئەم کابینەیە لە دەستپێکدا شانسی نەبوو، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك قەیرانی گەورە بووینەوە، وەك:

- لە سەرەتای دەستپێکی ئەم کابینەیە پەتای کۆرۆنا زۆر بە فراوانی بڵاو بووەوە و، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ نەمانتوانی کارەکان وەك پێویست ڕاپەڕێنین.
- جووڵەی بارزگانی وەستا و نرخی نەوت زۆر زۆر دابەزی، کە ئەمانەش کاریگەریی زۆر نەرێنییان لەسەر ئابوریی وڵات دروست کرد.
- ڕووبەڕووی کۆمەڵێك قەیران و تەحەددیی دیکە بووینەوە، هەموویان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە ژیان و بژێوی خەڵکدا هەبووە.

سەرەڕای ئەم قەیران و تەحەددییانە، ئێمە بەردەوام بووین لەوەی ڕووبەڕووی قەیرانەکان ببینەوە و توانیمان چارەسەری گونجاویان لە کاتی گونجاودا بۆ بدۆزینەوە.

من دەزانم کەموکورتیی زۆر هەبووە، بەشێك لەو شتانەی ڕوویان دا، خەتای ئێمەی تێدا نەبووە، هەندێك لەو قەیرانانە دروست کراون، بەشێکیان لەسەر ئاستی ناوخۆ لەلایەن ئەو کەسانەوە دروست کران کە بەرژەوەندییەکانیان لێی درابوو، یان هەستیان بە مەترسی دەکرد، بۆیە کەوتنە جووڵە بۆ دژایەتیکردنی ئەم حکومەتە و، بەشێکی دیکەی قەیرانە دروستکراوەکان لە دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کرابوون، هەوڵی زۆر درا بۆ ئەوەی گوشاری ئابووری و یاسایی و ئەمنی بۆ ئەم حکومەتە بێنن، تاکو نەتوانێت لە ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە بە پشتیوانی خودا و هاووڵاتیانی کوردستان توانیمان بەسەر ئەو قەیرانانەدا سەر بکەوین. ئەوەی گرنگە بابەتی بژێویی خەڵك و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانە بۆ هاووڵاتیان، بۆ ئەمەش لە هەموو سێکتەرەکاندا پێشکەوتنی باش کراوە، هەوڵمان داوە لە نزیکەوە لە ئازارەکانی هاووڵاتیان تێبگەین و بتوانین خزمەتگوزارییەکان تا ئاستی گوند و شار و شارۆچکەکان ببەین.

بابەتی مووچەی فەرمانبەران، بابەتی سەرەکی بووە، هەرچەندە لەوانەیە ناحەزان بڵێن (مووچە نەدراوە)، بەڵام دەتوانم بڵێم لەم کابینەیەدا هەموو مووچەکان دراون، هەرچەندە لەوانەیە هەندێك جار دواکەوتبێت.

لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەردەوام لەسەر ئەو خاڵانە ناکۆك بووین، یان تاکو ئێستا نەمانتوانیوە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بدۆزینەوە، ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە نەرمییەکی زۆرمان نواند و بەردەوامیمان بە هەوڵەکانمان داوە بۆ ئەوەی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکەین.

**مسرور بارزانی دیداری «سەرۆك وەزیران و خەڵك»**

**ڕۆژی ٤ی تەمموزی ٢٠٢٣ کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دیداری (سەرۆك وەزیران و خەڵك) لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بڵاو کرایەوە و، لەم دیدارەدا کە خەڵکی هەموو ناوچەکانی کوردستان ئامادە بوون، بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە دڵفراوانی گوێی بۆ پرسیاری ئامادەبووان ڕاگرت و، زۆر بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوییەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، لەم ڕاپۆرتە تیشك خراوەتە سەر چەند لایەنێکی گرنگ.**

**● کێشەکانی کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان**

پرسی کەرکووك و شنگال و ناوچە دابڕێنراوەکان یەکێك لەو پرسانە بوو کە هاووڵاتیان لەگەڵ سەرۆك وەزیران گفتوگۆیان کرد، سەبارەت بەو دەستدرێژییانەی دەکرێتە سەر جووتیارانی کورد و تورکمان و نەتەوەکانی دیکە و درێژەدان بە سیاسەتی شۆڤێنیی بەعەرەبکردن، سەرۆك وەزیران ڕاشکاوانە گوتی: «ئێمە دەڵێین کەرکووك دڵی کوردستانە، جەنابی مستەفا بارزانی شۆڕشێك و خۆیشی کردە قوربانی، چونکە ئامادە نەبوو واز لە کوردستانییەتی کەرکووك بهێنێت، ئێمەش بە هەمان شێوە داکۆکی دەکەینەوە کە کەرکووك بەشێکی دانەبڕاوە لە کوردستان، بەڵام بەداخەوە ئەو ناپاکییەی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧، ئەم دۆخەی ئێستای لە کەرکووك دروست کردووە، ئێستا خەڵکی کەرکووك بەگشتی بە کورد و تورکمان و نەتەوەکانی دیکەوە لەژێر دەستی دەسەڵاتێکی خۆسەپێندا ژیان بەسەر بەدەن، بە شێوەیەکی تایبەتیش جووتیارە کوردەکان کە من دەزانم بە چ شێوازێك دژایەتی دەکرێن، بە چ شێوازێك ڕێگرییان لێ دەکەن و ناهێڵن لە زەوییە کشتوکاڵییەکانیاندا کاری خۆیان بکەن و بەرهەمەکانیان کۆ بکەنەوە، لەسەر ئەم پرسە چەندین جار بە دیدار و بە تەلەفۆنیش لەگەڵ بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ قسەم کردووە و داوام کردووە، ئەم دەستدرێژییانە لەسەر جووتیارانی کوردی ئەو سنوورانە ڕابگرن، لەبەر ئەوەی هێز بەکار دەهێنێن و خەڵکانێك دێنن کە خەڵکی ناوچەکە نین، دەیکەنە شوێنگرەوەی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە و زەویی جووتیارانی کورد داگیر دەکەن، لەسەر ئەم پرسە سەرۆك وەزیرانی عێراق بەڵێنی پێ داوم لێکۆڵینەوە بکەن، ئەوانەشی ئەم جۆرە کارانە دەکەن، ڕێوشوێنی یاسایی لە بەرانبەریان بگیرێتە بەر، چاوەڕێین بزانین حکومەتی فیدراڵی چ ڕێوشوێنێك دەگرێتە بەر، بەڵام تا ئێمە مابین واز لە کەرکووك ناهێنین.

هەر لەم دیدارەدا و سەبارەت بە چارەنووسی شنگال و کوردستانییەتی شنگال سەرۆك وەزیران بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە و گوتی: «شنگال بەشێکە لە کوردستان و داگیر کراوە، بەداخەوە ئەو زوڵم و دەستدرێژییەی لە خەڵکی شنگال کرا، هەتا ئێستاش بەردەوامە.

زۆر جار باسی شەنگال کراوە، بەس حەزدەکەم بزانن، کاتێك تیرۆریستانی داعش ئەو تاوانە گەورەیەیان دژی خەڵکی کوردستان لە شنگال و چەند ناوچەیەکی دیکە ئەنجام دا، کە زیاتر خوشك و برا ئێزدییەکان بوون، من بۆ خۆم لە میحوەری ٨ لەگەڵ جەنابی سەرۆك پێشمەرگە بووم، ماوەی ٥٢ ڕۆژ ئێمە لە ناو ئۆتۆمبێل نووستین، هەتا شەنگالیشمان ڕزگار نەکرد، نەگەڕاینەوە و، تەنیا بۆ ڕزگارکردنی شنگال ٥٠٠ شەهیدمان داوە، خەڵکی دیکە زۆر موزایەدە بە شنگالەوە دەکەن، بەڵام ئەوەی کراوە ئێمە کردوومانە و ئەوانەشی بۆ ئازادکردنەوەی شنگال شەهید بوون، هی ئێمە بوون، بەڵام دوای ناپاکییەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر جارێکی دیکە حکومەتی هەرێم لە شنگال گەڕایەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شنگال نەبێتەوە مەیدانی شەڕ و پێکدادان و خەڵکی ئێمە نەبنە قوربانی، گوتمان با جارێ لێی گەڕێن، ئەوەی گرنگە لەسەر ئەم پرسەش لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق (مستەفا کازمی) ڕێککەوتنی شنگالمان ئیمزا کرد، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو بارودۆخی شنگال چارەسەر بکەین و دەسەڵاتی شەرعی و فەرمی و خزمەتگوزارییەکان بگێڕینەوە بۆ شنگال، ئەوجا خەڵکەکەشی بە سەربەرزی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام بەداخەوە ئەو لایەنەی بووە هۆکاری ئەوەی ئەو ڕێککەوتنە

**هەوڵی زۆر درا بۆ ئەوەی گوشاری ئابووری و یاسایی و ئەمنی بۆ ئەم حکومەتە بێنن، تاکو نەتوانێت لە ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە بە پشتیوانی خودا و هاووڵاتیانی کوردستان توانیمان بەسەر ئەو قەیرانانەدا سەر بکەوین**

**پرسێک کە ئێمە هەموو کات داکۆکی لەسەر دەکەین و سازشی لەسەر ناکەین، مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستانە، لەبەر ئەوەی نە بۆ من و نە بۆ هیچ کەسێکی دیکە گونجاو نییە سازش لەسەر ئەو مافە دەستوورییانە بکات**

**ئێمە دەڵێین کەرکووک دڵی کوردستانە، جەنابی مستەفا بارزانی شۆڕشێک و خۆیشی کردە قوربانی، چونکە ئامادە نەبوو واز لە کوردستانییەتی کەرکووک بهێنێت، ئێمەش بە هەمان شێوە داکۆکی دەکەینەوە کە کەرکووک بەشێکی دانەبڕاوە لە کوردستان**

**ئەو ناپاکییەی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧، ئەم دۆخەی ئێستای لە کەرکووک دروست کردووە، ئێستا خەڵکی کەرکووک بەگشتی بە کورد و تورکمان و نەتەوەکانی دیکەوە لەژێر دەستی دەسەڵاتێکی خۆسەپێندا ژیان بەسەر بەدەن**

**چاوەڕێین بزانین حکومەتی فیدراڵی چ ڕێوشوێنێک دەگرێتە بەر، بەڵام تا ئێمە مابین واز لە کەرکووک ناهێنین**

**شنگال بەشێکە لە کوردستان و داگیر کراوە، بەداخەوە ئەو زوڵم و دەستدرێژییەی لە خەڵکی شنگال کرا، هەتا ئێستاش بەردەوامە**

**من بۆ خۆم لە میحوەری ٨ لەگەڵ جەنابی سەرۆک پێشمەرگە بووم، ماوەی ٥٢ ڕۆژ ئێمە لە ناو ئۆتۆمبێل نووستین، هەتا شەنگالیشمان ڕزگار نەکرد، نەگەڕاینەوە**

**خەڵکی دیکە زۆر موزایەدە بە شنگالەوە دەکەن، بەڵام ئەوەی کراوە ئێمە کردوومانە و ئەوانەشی بۆ ئازادکردنەوەی شنگال شەهید بوون، هی ئێمە بوون**

جێبەجێ نەکرێت، ئەو هێزە نایاساییانەن کە ئێستا لە شنگال دەسەڵاتدارن، ئەوەی جێگەی نیگەرانییشە هاریکاریی ئەو لایەنە نایاساییانە زیاتر دەکەن کە شنگالیان داگیر کردووە، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە، شنگال بەشێکە لە کوردستان و جیا نابێتەوە، ڕۆژێك هەر دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، ئێمە دەمانەوێت بە سەربەرزی و ئازادی بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆتان، نەك جارێکی دیکە بکەونەوە ژێر دەستی هەندێك لایەنی داگیرکار و هێزی نایاسایی، هەوڵەکانی ئێمە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دۆست بەردەوامە، بەوەی چۆن بتوانین هاوکاریی خەڵکی شنگال بکەین، هەتا دەگەینە ئەو چارەسەرە، کوردستان ماڵە گەورەکەی خۆتانە، پشتیوان بەخوا بە سەربەرزی دەگەڕێنەوە بۆ شنگال».

## ● قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا هیچ کام لە کابینەکانی حکومەتی عێراق هەنگاوێکی بەو ئاراستەیە هەڵنەگرتووە کە قەرەبووی کەسوکاری ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدانی کوردستان بکاتەوە، هەر بۆیەشە کەسوکارەکانیان ناچارن بە کرێکاری و کولەمەرگی ژیانی خۆیان بەسەر بەرن، خانمێکی کەسوکاری ئەنفال بە سەرۆك وەزیرانی گوت: «من هیچ ناڵێم سەیری دەستەکانم بکە، بە کرێکاری گوزەرانی خۆم دابین دەکەم»، سەرۆك وەزیران بەم جۆرە وەڵامی ئەم خاتوونەی دایەوە: «زۆر بەخێر بێیت خوشکی بەڕێز، ئێوە وەك بنەماڵەی ئەنفال و شەهیدان مافتان بەسەر هەموو خەڵکی کوردستانەوە هەیە، نەك تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمەش حکومەت ئەوەی لە توانایدا بێت بۆ ئاسانکاریی بژێوی ئێوە دەبێت دریغی نەکات، بەڵام لەم پرسەدا دەبێت زۆر بە وردی هەڵوەستە بکەین و لەخۆمان بپرسین: کێ تاوانبارە بەرانبەر ئەو هەموو تاوانانەی کە دژی خەڵکی کوردستان ئەنجام دراون؟ هەروەها کێ خاوەنی ئەو خەڵکەیە و دەبێت بەپیر داواکارییەکانیانەوە بچێت؟ گرنگە ئێمە ئەم دوو خاڵە لە یەکتری جیا بکەینەوە، بێگومان تاوانباری سەرەکی لەم تاوانەدا هەموو ئەو حکومەت و ڕژێمانەی پێشووی عێراقن کە تا ساڵی ٢٠٠٣ لە دەسەڵاتدا بوون، بە بەردەوامیش هەوڵی ئێمە لەگەڵ هەموو حکومەتەکانی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستا بۆ ئەوە بووە کە حکومەتی فیدراڵی عێراق دان بەو تاوانەدا بنێن کە ڕژێمەکانی پێشتر کردوویانە و قەرەبووی کەسوکاری ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدان بکەنەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەندەی هەندێك لایەنی سیاسی هەوڵی ئەوە دەدەن ڕووی تۆمەت و گلەیی لە حکومەتی خۆیان بکەنەوە، ئەوەندە ڕووی تۆمەت و گلەییەکانیان ڕووبەڕووی ئەو ڕژێمانەی عێراق ناکەنەوە کە ئەو تاوانە گەورەیەیان دژی گەلەکەمان ئەنجام داوە، ئەو تاوانانەی دژی نەتەوەکەمان ئەنجام دراوە، تاوانی جینۆساید و کۆمەڵکوژییە و پێویستە هەموومان جەخت لەوە بکەینەوە، ئەم تاوانانە وەك جینۆساید بناسرێن و، تاوانباری سەرەکی کە ڕژێمەکانی پێشووی عێراقە دیاری بکرێن و حکومەتی فیدراڵی عێراق قەرەبووی کەسوکاری ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدان بکاتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێمە وەك حکومەت پێویستە هەموو داواکارییەکانی ئێوە لەبەرچاو بگرین، ئێوە مافی خۆتانە و شایستەی ئەوەن زۆر لەوەی هەیە زیاترتان بۆ بکەین».

## ● پارێزگای هەڵەبجە و نەبوونی خزمەتگوزاری

هاووڵاتییەکی شاری هەڵەبجە بە سەرۆك وەزیرانی گوت: «ئەمڕۆ ئێمە باسی هەندێك خزمەتگوزاریی سەرەتایی دەکەین کە دەبوو پێش ٢٠-٣٠ ساڵ حکومەت ئەنجامی بدایە، دەبوو ئەمڕۆ ئێمە باس لە شتی گەورەتر بکەین»، لە وەڵامی ئەم قسەیەدا سەرۆك وەزیران بەم جۆرە وەڵامی دایەوە: «بە ڕاستی قسەکانت زۆر لە جێگەی خۆیدایە، منیش دەڵێم بۆچی هەتا ئێستا ئەنجام نەدراون؟ بۆچی ئەوەی لە ماوەی ٢٠-٣٠ ساڵی ڕابردوو نەکراوە، ئێستا هەموو ئەم کێشانە ڕووبەڕووی ئەم کابینەیە دەکرێتەوە؟ دەبوو ئەو خزمەتگوزارییە

سەرەکییانەی وەك ئاو، کارەبا، یەکەی نیشتەجێبوون، قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان و ...هتد، ئەمانە هەمووی پێش ٢٠ ساڵ بکرێت، پرسیاری منیش ئەوەیە بۆ نەکراوە؟»

هەر لەسەر کێشەکانی هەڵەبجە، هاووڵاتییەکی دیکە گلەیی ئەوەی لە سەرۆك وەزیران کرد، کە هەتا ئێستا سەردانی هەڵەبجەی نەکردووە، لە وەڵامی ئەم هاووڵاتییەشدا بەم جۆرە وەڵامی دایەوە: «من ڕەخنە و گلەییەکانتان بە چاوان قبووڵ دەکەم، بەڵام نەهاتنی ئێمە مانای ئەوە نییە ئێمە دڵمان لەگەڵ هەڵەبجە نییە، یان ئاگاداری ئێش و ئازارەکانی ئێوە نین، سەبارەت بە نەهاتنیشم بۆ هەڵەبجە دەمەوێت زۆر بە ڕاشکاوی باسی ئەو هۆکارانەتان بۆ بکەم، من لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە بڕیارم دابوو یەکەم شوێن کە بچم سەردانی بکەم، پارێزگای هەڵەبجە بوو، بۆ ئەم مەبەستە داواشم کردبوو ئەو پڕۆژانەی کە پێویستن بۆ هەڵەبجە ئامادە بکرێن، تاکو من بتوانم نەك تەنیا بۆ سەردانێکی ئاسایی، بەڵکو بە کۆمەڵێك پڕۆژەوە بێین و خزمەتێکی شایستەی ئەم شارە بکەین، بەڵام بەداخەوە هەرجارێك داوام کردووە و ویستوومە سەردانی هەڵەبجە بکەم، هەر جارێك بیانوویەك هەبووە، وەك (پڕۆژەکان ئامادە نین، بارودۆخەکە ڕێك نەخراوە و.. هتد)، بۆیە نەهاتم بۆ هەڵەبجە، هەمووی خەتای من نەبووە، بەڵام ئێستا زۆر پەرۆشم بێم و سەردانی هەڵەبجە بکەم و ئەرکی سەرشانی ئێمەشە، بەڵام مەرج نییە هەتا سەرۆك وەزیران سەردانی ئەو دەڤەرە نەکات، هەڵەبجە بێبەش بێت لەو خزمەتەی کە خەڵکەکەی شایستەی زیاترن، بۆیە دەبوو ئیدارەی سنووری هەڵەبجە زیاتر خزمەتی هەڵەبجە بکات، تاکو بەڕێزتان هەموو گلەییەکان ئاراستەی من نەکەیت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من خۆم بە خزمەتکاری هەموو کوردستان دەزانم، ئامادەشم ئەوەی پێم بکرێت بۆ خەڵکی هەڵەبجە و تەواوی خەڵکی کوردستان بیکەم، پێشتریش شتی تایبەت هەبووە، بە تایبەتی بۆ هەڵەبجە کردوومانە، چونکە هەستم کردووە، وەك پێویست خزمەت نەکراون، من بەرپرسیارێتی هەڵدەگرم، بەڵام نەهاتنم بۆ هەڵەبجە مانای ئەوە نییە هەڵەبجە دوورە لێمان.

## ● لێبووردەیی و پێکەوە ژیان ئازادیی ڕادەربڕین و پاراستنی مافی مرۆڤ

یەکێك لەو مەترسییانەی لەم دیدارەدا سەرۆك وەزیرانی لێ ئاگادار کرایەوە، ئەوەیە کە خەریکە لە ناو موسڵمانانی کوردستاندا و لەژێر کاریگەریی ئیسلامی دەرەکیدا ڕەوتێکی پەڕگیر دروست دەبێت و ئیسلام بۆ مەبەستی سیاسی بەکار دەهێندرێت، بۆیە پێویستە موسڵمانی کوردستان بگەڕێنەوە سەر ئەو ڕەوتەی موسڵمانی کە دەیان زانا و سەرکردەی لە حوجرەکانی خوێندندا بەرهەم هێناوە، سەرۆك وەزیران وێڕای پشتیوانی بۆ ئەم بۆچوونە گوتی: «من پێشنیار دەکەم، ئەم قسانەی مامۆستا کردی بۆ خەڵك بڵاو بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی پەیامی ڕاستەقینەی مامۆستایانی ئایینی دەبێت بەم جۆرە و بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی بێت، ئێمە دەبێت لەو ڕاستییە تێبگەین کە ئایین (هەر ئایینێك) بۆ هیدایەتی مرۆڤ هاتووە، بۆ ئەوە هاتووە مرۆڤ لە خراپە دوور بخاتەوە و ڕێگەی چاکەی پیشان بدات، هەر بۆیە ئەگەر خوانەخواستە ئایین بەکارهێنرا بۆ وتاری ڕق و کینە و دژایەتی و سووکایەتیپێکردنی بەرانبەر، ئەوا دڵنیا بن ئەو کەسە بە هەڵە لە پەیامی ئایین تێگەیشتووە، بۆیە دەبێت ئێمە ڕێز لە ئایین بگرین، لەبەر ئەوەی ئایین ڕێگەنیشاندەرە بۆ پاراستنی بەها بەرزەکان، ئەرکێکی گرنگی مامۆستایانی ئایینی ئەوەیە بەرگری لە ماف و کەرامەتی مافی خۆت و نیشتمانەکەت بکەیت و دژی ستەمکار و داگیرکار بوەستیتەوە، بەڵام ئەگەر خوانەخواستە ئایین بووە بەشێك لە سیاسەت، یان ئایین بۆ سیاسەت و دەستکەوتەکان بەکار هێنرا، ئەوا ئەو مامۆستا ئایینییە، یان ئەو لایەنە سیاسییە بە هەڵە لە ئایین تێگەیشتووە، لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتەدا پەیامی ئایین بچووك و بەرتەسك دەکاتەوە و تەنیا دەبێتە پەیامی ئەو کەسانەی کە هاوڕا و هاوبیروبۆچوونی خۆیەتی، ئێمە

■ دوای ناپاکییەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر جارێکی دیکە حکومەتی هەرێم لە شنگال گەڕایەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە شنگال نەبێتەوە مەیدانی شەڕ و پێکدادان و خەڵکی ئێمە نەبنە قوربانی

■ شنگال بەشێکە لە کوردستان و جیا نابێتەوە، ڕۆژێک هەر دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، ئێمە دەمانەوێت بە سەربەرزی و ئازادی بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆتان، نەک جارێکی دیکە بکەونەوە ژێر دەستی هەندێک لایەنی داگیرکار و هێزی نایاسایی

■ من خۆم بە خزمەتکاری هەموو کوردستان دەزانم، ئامادەشم ئەوەی پێم بکرێت بۆ خەڵکی هەڵەبجە و تەواوی خەڵکی کوردستان بیکەم

■ پێویستە موسڵمانی کوردستان بگەڕێنەوە سەر ئەو ڕەوتەی موسڵمانی کە دەیان زانا و سەرکردەی لە حوجرەکانی خوێندندا بەرهەم هێناوە

**پێشنیار دەکەم، ئەم قسانەی مامۆستا کردی بۆ خەڵک بڵاو بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی پەیامی ڕاستەقینەی مامۆستایانی ئایینی دەبێت بەم جۆرە و بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی بێت**

**ئەگەر خوانەخواستە ئایین بەکارهێنرا بۆ وتاری ڕق و کینە و دژایەتی و سووکایەتیپێکردنی بەرانبەر، ئەوا دڵنیا بن ئەو کەسە بە هەڵە لە پەیامی ئایین تێگەیشتووە**

**ئێمە میللەتێکین زۆربەی موسڵمانین، بەڵام مەرج نییە هەموو موسڵمانێک ئیسلامی سیاسی بێت، پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خودای خۆی جیاوازە لەوەی کە ئایین بۆ بابەتی سیاسی بەکار بهێنرێت**

**مایەی خۆشحاڵییە کوردستان بووەتە مەڵبەندی پێکەوەژیان و لێبووردەیی، بۆیە دەبێت هەموومان شانازی بەم لێبووردەیی و پێکەوە ژیانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان بکەین**

میللەتێکین زۆربەی موسڵمانین، بەڵام مەرج نییە هەموو موسڵمانێك ئیسلامی سیاسی بێت، پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ خودای خۆی جیاوازە لەوەی کە ئایین بۆ بابەتی سیاسی بەکار بهێنرێت.

هەر لەم دیدارەدا قەشەیەکی ئایینی کریستانیش ئامادە بوو، زۆر ڕاشکاوانە هەڵوەستەی لە پێکەوەژیانی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان کرد، بەڵام داوای لە سەرۆك وەزیران کرد سنوورێك بۆ کۆچکردن دابنێت، لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەو ئایین و نەتەوانە دروست دەکات کە ژمارەیان کەمە، لەم بارەیەوە سەرۆك وەزیران ئاماژەی بەوە کرد کە «مایەی خۆشحاڵییە کوردستان بووەتە مەڵبەندی پێکەوەژیان و لێبووردەیی، بۆیە دەبێت هەموومان شانازی بەم لێبووردەیی و پێکەوە ژیانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان بکەین»، سەبارەت بە پرسی کۆچیش، سەرۆك وەزیران جەختی لەوە کردەوە دیاردەی کۆچکردن لە کوردستانەوە، یان کۆچکردن لە دەرەوە بۆ کوردستان، دیاردەیەکی ئاساییە و مرۆڤ خۆی بڕیار دەدات حەز دەکات لە کوێ بژی، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە، ئێستا بەشی زۆری وڵاتان ئەگەر بزانن ئەو کۆچبەرە لە کوردستان دەژی، ڕێگەی پێ نادەن، چونکە دەزانن کوردستان ئارامە و ئاستی بژێویی هاووڵاتیانیشی باشە و، ئەو هاووڵاتییانەی دەچنە دەرەوە هەر کاتێك بگەڕێنەوە کوردستان نیشتمانی خۆیانە و بەخێر بێنەوە».

سەبارەت بە پرسی ماف و ئازادییەکان و کاری ڕێکخراوەکان، سەرۆك وەزیران لە وەڵامی پرسیاری چالاکێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا گوتی: «زۆر بە بێ ویژدانانە باس لە حکومەتی هەرێم دەکرێت، بەوەی گوایە پانتایی ئازادیی بۆ ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بەر تەسك کردووەتەوە، ئەمە بەراستی بەو جۆرە نییە، لەبەر ئەوەی دەبێت هەڵسەنگاندنەکان بە داتا و ژمارە بێت، ئەم پرسە تەنیا بە قسە و بە دەرکردنی بەیانێك هەڵسەنگاندنی بۆ ناکرێت و واقیعێکی پێ بشێوێندرێت، دەبێت ئازادی و ئازادیی ڕادەربڕین لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان بۆ هەموو لایەك فەراهەم بکرێت، داوات لێ کردم وتەیەکم لەسەر کوشتنی ئەو گەنجەی چەمچاڵ هەبێت کە لەسەر بیروبۆچوونی جیاواز تیرۆر کرا، بە داخەوە زۆر پێی دڵگران بووم، نابێت هیچ کەسێك لەسەر بیروبۆچوونی خۆی تیرۆر بکرێت، ئیدی هۆکارەکەی هەر چییەك بێت، دەبێت هەموومان سەرکۆنەی بکەین و دژی بوەستینەوە، بەڵام پرسەکە تەنیا ئەوەندە نییە کە ئێمە ڕای خۆمانی لەسەر دەرببڕین، بەڵکو پێویستە هەر جۆرە تیرۆرێك لە هەر شوێنێکی کوردستان ئەنجام بدرێت، ئێمە هەموومان بە حکومەت و کۆی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگە لە دژی بوەستینەوە و بوێریی ئەوەمان هەبێت لە هەر شوێنێکی کوردستان تاوان و تیرۆر ئەنجام درا، تاوانبار بە تاوانبار بزانین و نابێت مەیلی ئەوەمان هەبێت لە ناوچەیەك پرسەکە زەق بکەینەوە و لە شوێنێکی دیکە پەردەپۆشی بکەین.

## ● سلێمانی گلێنەی چاومانە

### ڕێگەمان نادەن وەك پێویست خزمەتی بکەین

لەم دیدارەدا میدیاکارێك چەند پرسێکی گرنگی ڕووبەڕووی سەرۆك وەزیران کردەوە، لەوانە (بۆچی لە ماوەی چوار ساڵی ئەم کابینەیەدا ناحەزانت زۆر بوون؟ بۆچی دەگوترێت سەرۆك وەزیران دژی سلێمانییە؟ بۆچی لە بودجەی عێراقدا دژی ئەوە بوویت لە بەغداوە بوجە بۆ سلێمانی بنێرێت؟) سەرۆك وەزیران بە ڕاشکاوییە وەڵامی ئەم پرسیارانەی دایەوە: «پێش هەموو شت من پێموا نییە لە کوردستان ناحەزم زۆر بووبێت، بەڵام پێموایە ناحەزەکانم ئیمکانییەتیان لەبەر دەستە و دەنگیان بەرزە، ئەوانە لە بەرژەوەندییان دراوە و دەیانەوێت لە گەندەڵی بەردەوام بن و کەس ڕێگرییان لێ نەکات، ئەگەر ئەمانە ناحەزەکانی منن، بەو پەڕی دڵخۆشییەوە ئامادەم وەڵامیان بدەمەوە، بە پێچەوانەی ئەمە پێموایە و پشتم بەوە ئەستوورە و هۆکاری بەردەوامبوونیشم لەوەدا دەبینمەوە کە زۆربەی خەڵکی کوردستان هاوڕا و پاڵپشتی منن، ئەو هێزەن بۆ ئەوەی بتوانم بەردەوام بم، من نەك سلێمانی، دژی هیچ



ناوچەیەکی کوردستان نیم، ئەسڵەن قبووڵ ناکەم ئەم تێڕوانینە دروست ببێت و بەو شێوەیە بڵاو بکرێتەوە، بە هەرحاڵ با ڕێگە بدەن من بێم ئەو خزمەتەی دەتوانم لە ناوچەکانی دیکە بیکەم، بێم لە سلێمانی بیکەم، بزانە بە چاوان خزمەتی سلێمانی ناکەم، کە بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبی و شەخسی ڕێگری دەکەن لەوەی حکومەت خزمەتی سلێمانی بکات، ئەو کات با خەڵك گلەیی لەو ڕێگرانە بکات، نەك لە من، ئامادەم خزمەتی هەموو گوند و شار و شارۆچکەیەکی کوردستان بکەم، بەڵام دەبێت یارمەتیم بدەن، یان هەتا ئەگەر یارمەتیشم نادەن، با ڕێگری دروست نەکەن.

سەبارەت بە بودجەی عێراق و دژبوونی من کە لە بەغداوە بودجە بنێرێت بۆ سلێمانی، ئێوە هەمووتان دەزانن، ئێمە قەوارەیەکی فیدراڵی کوردستانین، لە دەستووردا مافەکانی کوردستان پارێزراوە، ئەو بڕگەیەی لە ناو بودجەکە زیاد کراوە، بە هیچ شێوەیەك بۆ ئەوە نەبووە خزمەتی سلێمانی بکەن، بەڵکو بۆ ئەوە بووە ڕێگە خۆش بکەن تا دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بکرێت، بۆ ئەوە بوو مافێکی دەستووری پێشێل بکرێت و حکومەتی فیدڕاڵی قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز و بێ بەها بکات، بە هیچ شێوەیەکیش حکومەتی عێراقی نە بە ڕێگەی دەستووری ناتوانێت و ناشیکات کە ڕاستەوخۆ بودجە بۆ سلێمانی بنێرێت، لەمەش زیاتر با بپرسین کێ بودجەی سلێمانیی ڕاگرتووە، تا بچن پەنا بۆ حکومەتی عێراقی ببەن؟.

دەمەوێت ڕاشکاوانە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم داوام کرد ئێمە با بیین خەرجییەکان کەم بکەینەوە و داهاتی حکومەت زیاد بکەین،

**ئێستا بەشی زۆری وڵاتان ئەگەر بزانن ئەو کۆچبەرە لە کوردستان دەژی، ڕێگەی پێ نادەن، چونکە دەزانن کوردستان ئارامە و ئاستی بژێویی هاووڵاتیانیشی باشە**

هەمــوو هــاوڕا بــوون لەســەر ئــەم پێشــنیارە، لەبــەر ئــەوەی ئێمــە تووشــی قەیرانێکــی ئابــووری ببوویــن و دەبــوو بزانیــن لانــی کــەم ئیمکانییەتــی بەردەســتی حکومــەت چەنــدە، دەتوانیــن چ جــۆرە چاکســازییەك بکەیــن، کــە ئەمەمــان کــرد، دیســان هــەر ئــەو برادەرانــە گلەیــی ئەوەیــان کــرد، بــەوەی گوایــە دەســەڵات لــە پارێــزگا و ئیــدارە ســەربەخۆکان وەرگیراوەتــەوە و هەمــووی کــراوە بــە سەنتراڵی، گوتیـان دەمانەوێت دەسـەڵاتەکان شـۆڕ بکرێتــەوە بــۆ پارێــزگا و ئیــدارە ســەربەخۆکان، بــۆ ئەمــەش گوتمــان بەســەر چــاو، نــەك تەنیــا بــۆ پارێـزگای سـلێمانی، بەڵکـو بـا دەسـەڵاتەکان بـۆ هەمــوو پارێــزگا و ئیــدارە ســەربەخۆکان شــۆڕ بکرێنــەوە، بێگومــان کــە دەســەڵاتەکانیش شــۆڕ دەبنــەوە لەگەڵیــدا پەرپرســیارێتییەکانیش شــۆڕ دەبنــەوە، چونکــە دەســەڵات و بەرپرســیارێتی لێــك جیــا ناکرێنــەوە، کــە ئەمەشــمان کــرد، لــە بــری ئــەوەی داهاتــەکان زیــاد بــن، داهــات نەمــا، هەمــوو لایەکیــش دەبینــن چــۆن مامەڵەیــان لەگــەڵ داهاتــەکان کــرد و غــەدریان لــە خەڵکــی ســلێمانی کــرد، بۆیــە ئــەو کەســانە بەرپرســن بەرانبــەر شــێوازی ئیدارەدانــی ئــەو ســنوورە کــە ســەروەت و ســامانی ســلێمانییان بــە جۆرێــك بەڕێــوە بــرد کــە نەگەڕێتــەوە بــۆ خەڵکەکــەی، هەرچــی ســیولە لــە بانکەکانــی ســلێمانی هەبــوو، هەمــووی بــۆ بابەتــی تایبەتــی و شەخســی و حزبــی و کۆمپانیــا حزبییــەکان ســەرف کــرا، دوای هەمــوو ئەمانــەش کەوتنــە هەوڵــدان بــۆ ئــەوەی قەرەبــووی ئــەم کورتهێنانــە لەســەر حیســابی پارێــزگا و ئیــدارە سەربەخۆکانی دیکەی کوردستان ڕاست بکەنەوە، بــۆ چەنــد مانگێکیــش ئەمــە کــرا، بــەڵام دوای ئــەوە ئیتــر هیــچ ســوودی نەبــوو و کارەکانیــان وەك خــۆی بەردەوامبــوون و پارەکــە نەدەگەڕایــەوە بــۆ خەڵکــی ســلێمانی، ئــەم ڕاســتییانە دوای ئــەوەی لیژنــەی لیکۆڵینەوەمــان پێــك هێنــا و دیراســەتیان کــرد، هەموویــان لــە ڕاپۆرتەکانــدا تۆمــار کــراون، کــە بــە چ شــێوازێك یــاری بــە ســیولەی بانکەکانــی ســلێمانی کــراوە.

ئینجــا ئەمانــەش هاتــن گلەییــان کــرد بــە حیسـاب گەمـارۆ خراوەتـە سـەر سـلێمانی و پـارەی سـلێمانی ڕەوانــە نەکــراوە، بــۆ ئاگاداریــی ئێــوە لــە پــارەی هەولێــر و دهــۆك بــۆ ســلێمانی ڕەوانــە کــراوە، تەنیــا بــۆ ئــەوەی مووچــەی فەرمانبەرانــی ئــەو دەڤــەرە بدرێــت.

دوای هەمــوو ئەمانــە جارێکــی دیکــە داوایــان کــرد و گوتیــان دەمانەوێــت داهــات ســەنتراڵی بێــت، بــۆ ئەمــەش گوتــم بەســەر چــاو، دەبێــت خەرجــی و داهــات ســەنتراڵی بێــت و ناکرێــت لــە خەرجــی حکومــەت بەرپــرس بێــت، بــەڵام کۆکردنــەوەی داهــات لایەنێکــی حزبــی بەرپــرس بێــت و، خەرجــی و داهــات ســەنتراڵی بــن، دوای ئەمــە مــن بەڵێنــم دا کــە ئــەو داهاتــە بــە بــێ جیــاوازی بــۆ هەمــوو کوردســتان بێــت و نانێکمــان هەبێــت لەگــەڵ ســلێمانی دەیکەینــە نیــوە، بــۆ ئــەوەی ئــەو فەرمانبەرانــە ناچــار نەکرێــن ببنــە ئامرازێــك بــە دەســت لایەنێکــی سیاســی، یــان خــراپ ســوودی لــێ وەربگیرێــت.

ئێمــە لێــرە ئــەو بڕیارەمــان دابــوو بــەو جــۆرە مامەڵــە بکەیــن، بــەڵام لــە بەغــدا ئــەو ناپاکییــە دەکرا و داوا لـە لایەنـە توندڕەوەکانی بەغدا دەکرا بۆ ئەوەی سلێمانی لە کوردستان جیا بکرێتەوە، چونکــە بــە حیســاب مەترســی لەســەر ســلێمانی هەیــە، بــەڵام مەترســی لەســەر ســلێمانی و هەولێــر نییــە، بەڵکــو ئــەو شــوێنانەیە کــە بــە شــێوازێکی شــۆڤێنییانە مامەڵــە لەگــەڵ کوردســتان دەکــەن، بۆیــە ئێســتا مــن دەڵێــم ســلێمانی گلێنــەی چــاوی ئێمەیــە و بــە هیــچ شــێوازێکیش ئێمــە واز ناهێنیــن و ئــەوەی پێشــمان بکرێــت بــە بــێ جیــاوازی خزمەتــی هەمــوو شــار و شــارۆچکە و گوندەکانــی کوردســتان دەکەیــن».

### ● گەندەڵی ڕاگیرا
### بەڵام گەندەڵکاران سزا نەدران

لەســەر پرســی ڕووبەڕووبوونــەوەی گەندەڵــی و ڕاگرتنــی، ســەرۆك وەزیــران ڕووبــەڕووی ئــەو پرسیارە کرایـەوە (بۆچـی نەتانتوانـی گەندەڵـکاران بدەنــە یاســا و ســزیان بــدەن؟) لــە وەڵامــی ئــەم پرســیارەدا زۆر ڕاشــکاوانە گوتــی: «لەگــەڵ ئــەوەی پرســیارێکی توزێــك زەحمەتــە، بــەڵام هــەوڵ دەدەم وەڵامــت بدەمــەوە، مــن پابەنــدم بــەوەی کۆتایــی بــە گەندەڵــی بهێنــم، ئەمــە جیــاوازە لــەوەی گەندەڵــکاران ســزا بدرێــن، هــەر بۆیــە ئەگــەر مەبەســتت ئەوەیــە هەمــوو گەندەڵکاران ســزا بدرێــن، دەبێــت خەڵکێکــی زۆر بهێنرێنــە بەردەمــی

**زۆر بە بێ وێژدانانە باس لە حکومەتی هەرێم دەکرێت، بەوەی گوایە پانتایی ئازادیی بۆ ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان بەر تەسک کردووەتەوە**

**نابێت هیچ کەسێک لەسەر بیروبۆچوونی خۆی تیرۆر بکرێت، ئیدی هۆکارەکەی هەر چییەک بێت، دەبێت هەموومان سەرکۆنەی بکەین و دژی بوەستینەوە**

**ناحەزەکانم ئیمکانییەتیان لەبەر دەستە و دەنگیان بەرزە، ئەوانە لە بەرژەوەندییان دراوە و دەیانەوێت لە گەندەڵی بەردەوام بن و کەس ڕێگرییان لێ نەکات**

**ئەو بڕگەیەی لە ناو بودجەکە زیاد کراوە، بە هیچ شێوەیەک بۆ ئەوە نەبووە خزمەتی سلێمانی بکەن، بەڵکو بۆ ئەوە بووە ڕێگە خۆش بکەن تا دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بکرێت**

دادگا، ئەگەر ئەمەمان کرد، سبەی چەندین کێشەی جیاواز دروست دەبێت و لەوانەیە ببێتە شەڕیش، کە ئەمەش ڕووی دا، هەردیسان خودی خەڵکی کوردستان دەڵێن ئەوەندە ناهێنێت و با یەکڕیزیی کوردستان پارێزراو بێت و چاوی لێ بپۆشن، ئەگەر ئەمەیان نەکرێت، تەنیا خەڵکی هەژار و بێ دەسەڵات ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە، ئەمەشیان نادادپەروەرییە، لەبەر ئەوە من پێموایە باشترین ڕێگە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی نەهێشتنی ڕێگەدانە بە گەندەڵی، کە ڕێگە نەدرێت چیتر گەندەڵی بکرێت، ئەمەش دەبێت گشتگیر بێت و هەموو دامەزراوەکانی حکومەت پێوەی پابەند بن، بەڵام هەندێك گەندەڵییش هەبووە زۆر زەق بووە، لەسەر ئەوانە ڕێوشوێنی یاساییمان لە بەرانبەر وەرگرتوون و ڕووبەڕووی داگا کراونەتەوە».

## ● سیستمی پێدانی ئەلیکترۆنیی بانکی لەماوەی دووساڵی داهاتوودا تەواو دەبێت

سیستمی بانکیی پێشکەوتوو و خەرجکردن و وەرگرتنی پارە بە شێوەی ئەلیکترۆنی بناغەی پێشکەوتنی هەموو وڵاتێکە و کارئاسانیی گەورە بۆ بووژانەوەی ئابووری دەکات و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەنگاوی بەم ئاراستەیە هەڵگرتووە، سەبارەت بەوەی کەی ئەم پرۆسەیە تەواو دەبێت؟ سەرۆك وەزیران بەم جۆرە وەڵامی دایەوە: «ئەو سیستمەی باسی دەکەیت، بەرنامەی (هەژماری من)ە، واتە هەر کەسێك بە شێوازێکی ئەلیکترۆنی حیسابێکی بانکیی هەبێت، ئێمە ئەم پرۆژەیەمان دەست پێ کردووە و بڕیارە لە دووساڵی داهاتوودا هەموو فەرمانبەرانی حکومەت کە ژمارەیان لە ملیۆنێك زیاترە، هەموویان بخرێنە سەر ئەو سیستمە و بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی مووچەکانیان لە بانك وەربگرن، سوودی ئەم سیستمەش تەنیا هەر ئەوەندە نییە کە پارەکانیان لە کاتی خۆیدا لە بانك وەربگرن، بەڵکو فەرمانبەران دەتوانن سوودمەند بن لە هەموو تایبەتمەندییە بانکییەکان و لە هەموو ئەو بەرنامە و سوودانەی کە بانك دەتوانێت پێشکەشی هاووڵاتیانی بکات و، دەکرێت ئەم سەرکەوتنە دوو لایەنە بێت، لەلایەك بانك سوومەند دەبێت لەو هەموو پارەیەی لە ڕێگەی بانکەوە خەرج دەکرێت، لەلایەکی دیکە هاووڵاتیش دەتوانێت بە ڕێگەی هێشتنەوەی بەشێك لە پارەکەی لە بانکدا لە سیستمی بانکی سوودمەند بێت، بەداخەوە ئەمە یەکێکە لەو پرۆژیانەی کە دەبوایە پێش ٢٠ ساڵ لە کوردستان ئەنجام بدرایە، بەڵام تاکو ئێستا نەکراوە، ئێستاش درەنگ نییە، دەمانەوێت لە ماوەی دوو ساڵدا زیاتر لە ملیۆنێك و ٢٠٠ هەزار فەرمانبەر بخەینە ناو ئەم سیستمە».

## ● تێڕوانین و بەرنامەی حکومەت بۆ ساڵانی ٢٠٢٤-٢٠٢٨

بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی ئەم دیدارەدا (سەرۆك وەزیران و خەڵك) پێشنیار و بۆچوونەکانی خەڵکی کوردستانی زۆر بەرز نرخاند و، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو پێشنیارانە زۆر بە جددی وەردەگرین و بەشی زۆریشی کاریان لەسەر کراوە، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «ئەوەی تا ئێستا کراوە لە ئاستی خواست و خۆزگەی ئێمەدا نەبووە و ئێمە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو پرۆژەمان هەبووە و، بۆ چوار ساڵی داهاتووش بەرنامەمان هەیە، ئومێدم زۆرە و دڵنیاشم داهاتووی کوردستان زۆر زۆر ڕووناکتر و باشتر دەبێت و بۆ ئەمەش بەرنامەمان هەیە، وەك:

١. پێشخستنی سیاسەتی هەرێم لەگەڵ جیهان، ئێمە چۆن دەتوانین بارودۆخی خۆمان باشتر بکەین.
٢. گەشە پێدانی سەرمایەی مرۆیی و کۆمەڵایەتی.
٣. حوکمڕانیی دامەزراوەیی و باوەڕپێکراو.
٤. وەرچەرخانی ئابووری .
٥. گەشە پێدانی ژێرخان و شارسازی.
٦. پاراستنی هاوسەنگیی ژینگەیی.

جێگەی ئاماژەپێکردنە لەم دیدارە (سەرۆك وەزیران و خەڵك) چەندین پرسی گرنگی پەیوەست بە پەرەپێدانی کشتوکاڵ و پاراستنی ژینگە و کەموکورتییەکانی بواری تەندروستی پرسیاریان لەبارەوە کرا و، لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە وەڵام درانەوە.

**ئەو کەسانە بەرپرسن بەرانبەر شێوازی ئیدارەدانی ئەو سنوورە کە سەرووت و سامانی سلێمانییان بە جۆرێک بەڕێوە برد کە نەگەڕێتەوە بۆ خەڵکەکەی**

**داوایان کرد و گوتیان دەمانەوێت داهات سەنترالی بێت، بۆ ئەمەش گوتم بەسەر چاو، دەبێت خەرجی و داهات سەنترالی بێت و ناکرێت لە خەرجی حکومەت بەرپرس بێت، بەڵام کۆکردنەوەی داهات لایەنێکی حزبی بەرپرس بێت**

**باشترین ڕێگە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی نەهێشتنی ڕێگەدانە بە گەندەڵی، کە ڕێگە نەدرێت چیتر گەندەڵی بکرێت، ئەمەش دەبێت گشتگیر بێت و هەموو دامەزراوەکانی حکومەت پێوەی پابەند بن**

**سیستمی بانکیی پێشکەوتوو و خەرجکردن و وەرگرتنی پارە بە شێوەی ئەلیکترۆنی بناغەی پێشکەوتنی هەموو وڵاتێکە و کارئاسانیی گەورە بۆ بووژانەوەی ئابووری دەکات**

**هیوا ئەحمەد** ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی بەشی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان بۆ گوڵان:

# پارتی وەکو ئەرکێکی نیشتمانی و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستاندا ئامادەیی تێدایە هەموو پێکەوە کار بکەین و هەڵبژاردن ئەنجام بدەین

## پارتی بۆ ئەوەی گوێ بە لایەنی سیاسیی توێژەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان بدات، پاڵپشت و بەرگریکارێکی سەرسەختی خواست و داواکارییەکانیانە





# ئەگەر هەڵبژاردن نەکرێت، سیمای هەرێمی کوردستان ناشیرین دەبێت و، دامەزراوەکانی حکومەت شەرعییەتیان نامێنێت و، وڵات دەکەوێتە ناو بۆشاییەکی یاساییەوە، ڕەنگە ئەو دەمە لە بەغدا کەسانێک بڕیار بدەن، لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نەبێت

## بەشێکی زۆری سەندیکا و یەکێتی و کۆمەڵەکان دەستیان بە پرۆسەی بەستنی کۆنگرەی خۆیان کردووە

**گۆڕانکارییەکانی دوای کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان و پرسی هەڵبژاردن و چالاککردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی سەندیکا و یەکێتی و کۆمەڵەکان و گرنگیدان بە خواست و داواکارییەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان، تەوەرەی دیداری گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ هیوا ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی بەشی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی.**

*** لە کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورە کرا، ئەمەش ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی بۆ قۆناغێکی نوێ ئامادە دەکات و، دەیەوێت بەڕاستی گوێ لە خواست و داواکانی گەلی کوردستان بگرێت و، فاکتەرێک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، ئایا ئەو میکانیزمە چۆنە کە بۆ ئەم قۆناغە نوێیە کاری پێ دەکەن؟**

- بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری دهۆک بەڕێوەچوو، هەر وەکو سەرۆک بارزانی داوای لێ کردبووین، کۆنگرەکە ئامانج و ڕاسپاردەکانی لە پێناو خزمەتی بەرژەوەندییەکانی باڵای گەلەکەمان و خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بێت، بۆ ئەمەش پێویست بوو پارتی بۆ ئەم قۆناغە خۆی نوێ بکاتەوە و پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی تازە بکاتەوە، لەئاست ئەو گۆڕانکارییانەشدا بێت کە لە دوای کۆنگرەی ١٣ لە ساڵی ٢٠١٠ هاتووەتە پێشەوە. لەو ماوە زەمەنییەدا گۆڕانکاریی زۆر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهان ڕوویان داوە، ئەو دەمە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و گۆڕانکارییەکانی کە بەسەر زۆر لە وڵاتانی عەرەبی و شەڕی سووریا و هاتنی داعش و کۆنترۆڵکردنی زۆر لە شارە گەورەکانی عێراق و هاتنی دوو ملیۆن پەنابەر و ئاوارە و گەمارۆی سەر هەرێمی کوردستان و بڕینی بودجە لەلایەن عێراق و پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و داشکانی بەهای نەوت و وشکەساڵی

و دەیان ڕووداو و کارەسات و گۆڕانکاریی دیکە ڕوویان نەدابوو، بۆیە کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان جیاواز بوو لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی و بە شێوەیەك بەسترا کە لە ئاست هەموو ئەو گۆڕانکارییانە و ڕووداو و پێشبینییانەدا بێت، هەرچی ئەو گۆڕانکارییانەش هەیە لە دامەزراوەکان و دامودەزگاکانی لە پێناو بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و خزمەتی خەڵکدا بووە، هەر ئەمەش لە پارتی چاوەڕوان دەکرێت کە هەر لە دامەزراندنیەوە لەسەر دەستی سەرکردەی کاریزمای نەتەوەیی کورد و کوردستانی مەلا مستەفا بارزانی خاوەنی دۆزی ڕەوای گەلی کورد و کوردستانە، پارتی لەسەر ئەم فکرو ڕێبازە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد خۆی بە بەرپرس زانیوە و هەرگیز لە بەرپرسیارێتی هەڵنەهاتووە و داکۆکیکار و پارێزەری سەرەکی و سەرسەختی مافەکانی گەلی کوردستان بووە بە جیاوازی نەتەوەیی و پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکانەوە، ئەم ڕەوتە نەتەوەیی و کوردستانییەی پارتی و هەڵوێستی بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان و پارێزگاریکردن لە پێکەوەژیان و ئاشتی و تەبایی وای کردووە، لە ناو جەماوەری کوردستاندا خاوەنی پێگە و قورسایی خۆی بێت. لە شەڕی داعش و کۆڕۆنا و قەیرانی دارایی و هێرشکردنە سەر کوردستان، پارتی ئەو بەرپرسیارێتییە مێژووییەی هەڵگرتووە لە پارێزگاریکردنی قەوارەی هەرێم و لە پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان درێخی نەکردووە و شەهید و قوربانییەکی زۆری داوە، بە پێچەوانەوە حزبی دیکەش هەبووە لە کوردستان ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ خزمەتی بە ئامانجەکانی دوژمن کردووە، هەر لەم پێناوەشدا ئەوەی دژی دۆزی ڕەوای کورد و لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت، هاوکات دژی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، زۆربەی جار ئەم دژایەتیکردنەی پارتی بە مەبەستی لێدان لە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵك و بە پەراوێزخستنی ماف و شایستە داراییەکانی خەڵك بووە، یان چاکسازی و گۆڕانکارییەکانیان لە حوکمڕانیدا پێ هەزم نەکراوە، لەگەڵ ئەمەشدا پارتی وەکو ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان ئامادەیی تێدایە لەگەڵ حزبەکان هەموو پێکەوە کار بکەین، چونکە پارتی بە تەنیا ئیدارەی هەرێمی کوردستان ناکات، دەبێت لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکە پێکەوە ڕووبەرووی تەحەددییەکان ببینەوە، چ ئەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی جیهان یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتەوە، یان ئەو تەحەددییانەی لە ناوچەکە و لە نێوخۆی عێراقدا دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان و ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان دەبێتەوە. کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە لە ناو چوارچێوەی عێراقدا وەکو پێگەیەکی دیار و لەبەرچاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، هەروەکو چۆن دۆست و هاوپەیمانی هەیە، هەرواش نەیار و ناحەزی هەیە، بۆیە عەقڵ و لۆژیك پێمان دەڵێن دەبێت لە قۆناغی داهاتوودا ناکۆکییەکان بەلاوە بنێین و لەگەڵ حزب و هێزە نیشتمانپەروەر و دڵسۆزەکان کاری جددیی و بوێرانە ئەنجام بدەین، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو تەحەددییە جیهانی و ناوچەیی و نێوخۆییەکان و چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی خەڵك، ئەوەتا پارتی توانی لە پرۆسەی حوکمڕانیدا وەرچەرخانێك لە بەڕێوەبردن و چاکسازی و ڕاگرتنی گەندەڵی و فرەچەشنکردنی ئابووری و دابینکردنی مووچە و خزمەتگوزارییەکان و پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان ئەنجام بدات. ئێمە هەرگیز نەمانوتووە کەموکورتی نییە، بەڵام لە بەرپرسیارتی ڕامان نەکردووە و شانمان داوەتە بەری و چارەسەرمان کردووە، وێڕای هەموو ئەو تەحەددییە گەورە جیهانی و ناوچەیی و عێراقی و نێوخۆییانەش ڕەوتی ژیان و خزمەتگوزارییەکان و ئارامی و سەقامگیریمان پاراستووە، ئێستاکەش پارتی بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی حوکمڕانی و دیموکراسییەت جەخت لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکاتەوە، وەکو بنەمایەکی گرنگی دیموکراسی و ڕووی جوانی هەرێمی کوردستان زۆر پێویستە چیتر ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە دوا نەخرێت.

*** وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشێکی لەو بڕیارەی مەکتەبی سیاسی کە بڕیار دراوە ئەمساڵ هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت،**

**ئەم ڕەوتە نەتەوەیی و کوردستانییەی پارتی و هەڵوێستی بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان و پارێزگاریکردن لە پێکەوەژیان و ئاشتی و تەبایی وای کردووە، لە ناو جەماوەری کوردستاندا خاوەنی پێگە و قورسایی خۆی بێت**

**ئەوەی دژی دۆزی ڕەوای کورد و لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت، هاوکات دژی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە**

**پارتی بە تەنیا ئیدارەی هەرێمی کوردستان ناکات، دەبێت لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکە پێکەوە ڕووبەرووی تەحەددییەکان ببینەوە**

**پارتی توانی لە پرۆسەی حوکمڕانیدا وەرچەرخانێک لە بەڕێوەبردن و چاکسازی و ڕاگرتنی گەندەڵی و فرەچەشنکردنی ئابووری و دابینکردنی مووچە و خزمەتگوزارییەکان و پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان ئەنجام بدات**

**پارتی بۆ بەهێزکردنی بنەماکانی حوکمڕانی و دیموکراسییەت جەخت لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکاتەوە، وەکو بنەمایەکی گرنگی دیموکراسی و ڕووی جوانی هەرێمی کوردستان زۆر پێویستە چیتر ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە دوا نەخرێت**

**پارتی هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بووە بیرۆکەی دیموکراتی لەم هەرێمە گەشەی پێ بدرێت و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیشی لە حزب و کەسێکەوە بۆ حزب و کەسێکی دیکە زۆر بە سرووشتی زانیوە و پێشوازی لێ دەکەین**

**سەندیکا و یەکێتی و کۆمەڵەکان بەشێکن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و داکۆکیکارن لە چین و توێژەکانی پیشەیی خۆیان، ڕۆڵێکی گەورەشیان لە هاوکاریکردنی حکومەت و هوشیارکردنەوەی هاووڵاتیان هەیە و بۆشایی نێوان دەسەڵات و خەڵک پڕدەکەنەوە**

**بەڵام کاتەکە دەڕوات و هیچ هەوڵێکی جددی بۆ هەڵبژاردن نابینین، یان ڕاشکاوانەتر کات ئەوەندە بە دەستەوە نەماوە کە لە ئەمساڵدا ئەنجام بدرێت، ئایا پارتی سەبارەت بە هەڵبژاردن هەڵوێستی چی دەبێت؟**

- ئێمە پێمان وایە هەڵبژاردن جگە لەوەی مافێکی سرووشتیی هاووڵاتیانە و پێویستە هەر چوار ساڵ جارێك پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بنەمایەکی بەهێزبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستانیشە، بەپێچەوانەوە خۆ ئەگەر هەڵبژاردن نەکرێت، سیمای هەرێمی کوردستان ناشیرین دەبێت و، دامەزراوەکانی حکومەت شەرعییەتیان نامێنێت و، وڵات دەکەوێتە ناو بۆشاییەکی یاساییەوە، ڕەنگە ئەو دەمە لە بەغدا کەسانێك بڕیار بدەن، لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نەبێت، تەنانەت کاتێك پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەزامەندی دا بەوەی ماوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵێك درێژ بکرێتەوە، تەنیا لە بەر کەمیی ماوە بوو، چونکە یەکێتی و زۆر حزبی دیکە داوای هەمووارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنیان دەکرد، هەروەها دەیانویست پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لە یەك بازنەوە بکرێتە چوار بازنە، پارتی لە پێناو پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی نێو حزب و لایەنە سیاسییەکان و بۆ پێدانی ماوەیەك بۆ جێبەجێکردنی ئەم داواکارییانە ڕەزامەندی دا بەوەی بۆ ماوەی یەك ساڵ هەڵبژاردن دوا بخرێت، ئەگینا پارتی پێی باشە هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێت و ژینگە و بیرۆکەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا گەشەی پێ بدرێت. پارتی هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بووە بیرۆکەی دیموکراتی لەم هەرێمە گەشەی پێ بدرێت و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیشی لە حزب و کەسێکەوە بۆ حزب و کەسێکی دیکە زۆر بە سرووشتی زانیوە و پێشوازی لێ دەکەین. لە ئێستادا لەگەڵ یەکێتی لە گفتوگۆداین و کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە و کۆبوونەوەیەکی دیکە لەگەڵ یەکێتی و حزب و لایەنەکانی دیکە بەم نزیکانە ئەنجام دەدرێت و ئومێد هەیە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بە بەهێزی بهێڵینەوە و ناکۆکی و پشێوی دروست نەکرێت و لەم پێناوەشدا درێخی ناکەین.

سەبارەت بە تەوەرەی دووەمی پرسیارەکەتان بەوەی بۆچی هەوڵێکی جددی لەلایەن زۆر حزب و لایەنی سیاسی نابینن، ڕەنگە بەشێکی بۆ ترسی ئەو حزب و لایەنە سیاسییانە بگەڕێتەوە بەوەی پارتی جەماوەرییە و لەبەرپرسیارێتی هەڵنەهاتووە و وێڕای بوونی کەموکورتی، بەڵام بەپێی توانا خزمەتی بە گەلەکەی کردووە و جەماوەری خۆی لەدەست نەداوە، بەشێکی دیکەش لەم نەبوونی جددییەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە یەکێتی ترسی ئەوەی هەیە لە ناوچەی پارێزگای سلێمانی و گەرمیان حزب و لایەنی سیاسی دیکە دەنگ بهێنن، بۆیە پێویستیان بە پشتیوانیی پارتی هەیە، بەهەر حاڵ ئێمە پێمان وایە دەبێت لێکتێگەیشتن هەبێت، تاوەکو هەڵبژاردنێکی ڕاست و تەندروست و پاك ئەنجام بدرێت و هەمووان بەپێی پێگە و قەوارەی ڕاستەقینەی خۆیان دەنگی ڕاستەقینەی خۆیان بەدەست بهێنن.

*** بەشی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، دوو بەشی گرنگ لە خۆی دەگرێت کە بریتین لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکان، سەبارەت بە ڕێکخراوە پیشییەکان کە کرێکاران و کاسبکارانی پیشە جیاوازەکان لە خۆیان دەگرن و هەریەك لەو پیشانە سەندیکا و ڕێکخراوی خۆیان هەیە و ماوەیەکی زۆرە ئەم ڕێکخراوانە هەڵبژاردنیان نەکردووە، ئایا بەرنامەتان بۆ دووبارە ئەکتیڤکردنەوەی ئەم ڕێکخراوە پیشەییانە چییە؟**

- سەندیکا و یەکێتی و کۆمەڵەکان بەشێکن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و داکۆکیکارن لە چین و توێژەکانی پیشەیی خۆیان، ڕۆڵێکی گەورەشیان لە هاوکاریکردنی حکومەت و هوشیارکردنەوەی هاووڵاتیان هەیە و بۆشایی نێوان دەسەڵات و خەڵك پڕدەکەنەوە، بەشێکی ئەم ڕێکخراوانە ماوەیەکی زۆرە کۆنگرەی خۆیان نەبەستووە، لە ئێستادا لە گفتوگۆداین لەگەڵ ئەندامەکانمان تاوەکو پاڵپشتییان بکەین و کۆنگرەی خۆیان ببەستن و خۆیان نوێ بکەنەوە.

*** ڕێکخراوە جەماوەرییەکان چەندین چین و توێژی هەستیاری کۆمەڵگە لە خۆی دەگرێت، بەتایبەتی هەردوو ڕێکخراوی قوتابیان**

**و ڕێکخراوی یەکێتیی لاوان، ئەمانیش بڕیار بوو پێش کۆنگرەی ١٤ کۆنگرەی خۆیان ئەنجام بدەن، بەڵام دواکەوت بۆ دوای کۆنگرە، بۆچی خەمساردی لە کۆنگرەی ئەم دوو توێژە گرنگە هەیە؟**

- قوتابیان و لاوان ڕۆڵی گەورەیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و هەر دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بینیوە. مەلا مستەفا بارزانی بۆ پاڵپشتی و بەهێزبوونی ڕۆڵیان ئەم دوو ڕێکخراوەی دامەزراندووە و بە هەموو توانایەوە هاوکاری و پاڵپشتی کردوون، لە ئێستاشدا کەسایەتیی گەورە و ناسراو و شارەزای زۆریان لە ناو کۆمەڵگە تیا هەڵکەوتووە. سەرۆك بارزانی بەردەوام جەخت لەسەر گرنگیدان بەم دوو توێژە دەکات و هەموو پاڵپشتی و هاوکارییەکی پێشکەش کردوون و هەزارەها ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو ئەم دوو ڕێکخراوەدایە و زۆربەیان وەکو ئامار بە ئەندام حیساب ناکرێن لە ناو پارتیدا، ئامانجی ئێمە ئەوەیە بەپێی توانا پاڵپشتیی تەواوی حەز و ویستەکانیان بکەین لە بواری پەروەردەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و خوێندن و گرنگیدان بە وەرزش و لایەنی هونەری و ڕۆشنبیری و گەشتکردن و بەرزکردنەوەی تواناکانیان، سەبارەت بە لاوانیش جگە لەم بوارانە هانی ڕێکخراوەکانی لاوانمان دەدەین خول بۆ لاوەکان بکەنەوە و هەلی کاریان بۆ بدۆزنەوە و لەم پێناوەدا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمپانیا و کەرتی تایبەت بەهێز بکەن و پارێزگاری لە ئاستی ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانییان بکەین و پاڵپشتیی داواکارییەکانیان بەتایبەتی لە پەیمانگە و زانکۆکان بکەن و هاوکاریی ماددی و لایەنی تەندروستییان بکەن، پارتی بێ ئەوەی گوێ بە لایەنی سیاسیی توێژەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان بدات پاڵپشت و بەرگریکارێکی سەرسەختیانە و لە زانکۆ و پەیمانگاکان پاڵپشتی داواکارییە ڕەواکانیان دەکات، ئەمانیش وەکو زۆربەی سەندیکا و ڕێکخراوەکانی دیکە پێویستە کۆنگرەی خۆیان ببەستن.

*** ڕێکخراوێکی دیکەی جەماوەری «یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان»ـە و ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ ئەوەی ڕێکخراوێکی دێرین و گرنگە، دەبێت ڕۆڵێکی زۆر دیاری لە کۆمەڵگەدا هەبێت، بەڵام بەو ئاستە بە چالاکی نایانبینین، ئەمە لە کاتێکدا لە کۆنگرە بڕیار دراوە دەبێت بایەخێکی تایبەت بە ئافرەتان بدرێت و ڕۆڵی دیاریان پێ بدرێت، ئایا بەرنامەیەکی هاوبەشتان لەگەڵ یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان هەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە بدەن بە ئافرەت کە سەرۆك بارزانی مەبەستێتی؟**

- کەس ناتوانێت نکۆڵی لە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتان بکات لە سەرجەم بوارەکانی ژیان و پەروەردەکردنی منداڵ و پێگەیاندنی نەوەی دوارۆژ و ڕۆڵی گەورەشیان لە ناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە. ئافرەتان حزوورێکی گەورە و گرنگیان لە سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و دامەزراوەکانی حکومەت و کەرتی تایبەت و حزبدا هەیە، ئافرەت کۆڵەکەیەکی گرنگە بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵگەی ئێمە و کەسایەتی و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ئەندازیار و پزیشك و کارمەندی بەتوانا و دڵسۆزیان تێدا هەڵکەوتووە، ئێمەش لە ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەو پێیەی لەناو حزبدا ژمارەیەکی یەکجار بەرزی ئافرەتان بوونیان هەیە، بۆیە لە ناو ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان ٣٠٪ی کادیرەکانمان لە توێژی ئافرەتانە و پێگە و ڕۆڵی خۆشیان هەیە، لە پلان و بەرنامەماندایە کە وا گرنگی و بایەخێکی زیاتر بە توێژی ئافرەتان بدەین لە سەرجەم بوارەکاندا بەرنامە و پلانمان هەیە و پشتگیریی سەرجەم ئافرەتانیش دەکەین لە چوارچێوەی دابونەریتە جوانەکانی کوردستان و ئایینی پیرۆزی ئیسلام داوای مافەکانی خۆیان بکەن و هەست بە وجوودی خۆیان بکەن، لە بەرنامەی ئێمەدایە هەل و ژینگەیەکی لەبار بڕەخسێنین تاوەکو سەرجەم ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان ڕۆڵ و پێگەی خۆیان بۆ بگەڕێتەوە.

لە کۆتاییدا من سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە ڕۆڵ و دەنگ و ڕەنگ و قورسایی خۆی هەیە و کەسایەتیی مەعنەوی خۆی پاراستووە و گرنگی بە لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی و پێکەوەژیان و ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەدات.

**هانی ڕێکخراوەکانی لاوانمان دەدەین خول بۆ لاوەکان بکەنەوە و هەلی کاریان بۆ بدۆزنەوە و لەم پێناوەدا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمپانیا و کەرتی تایبەت بەهێز بکەن**

**ئافرەتان حزوورێکی گەورە و گرنگیان لە سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و دامەزراوەکانی حکومەت و کەرتی تایبەت و حزبدا هەیە**

**لە ناو ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان ٣٠٪ی کادیرەکانمان لە توێژی ئافرەتانە و پێگە و ڕۆڵی خۆشیان هەیە**

**سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە ڕۆڵ و دەنگ و ڕەنگ و قورسایی خۆی هەیە و کەسایەتیی مەعنەوی خۆی پاراستووە**

# ئایا عێراق یەک گەلە یان فرەگەلە؟

**«سەرۆك مسعود بارزانی لە زۆر بۆنەدا دووپاتی كردووەتەوە كە گەلی كورد لە كوردستان، سەرباری شانازیكردنی بە ئینتیما بۆ عێراق، بەڵام گەلێكی سەربەخۆیە و بەشێك نییە لە گەلێكی دیكە، بۆیە بەڕێزیان زۆر ڕاشكاو و ڕاستگۆیە لەگەڵ گەلی كورد و هەموو ئەو گەلانەی لە عێراقدا دەژین. ئەوەش شتێكی سرووشتییە كە هەندێ كەس وای ببینن، زاراوەی نەتەوەی عێراق نامۆیە و لە فەرهەنگی سیاسیدا نییە، خوێندنەوەیەكی خێرای مێژووی نوێی عێراق و مێژووی میسر و وڵاتانی دیكە ئەو قسەیە دەسەلمێنێت».**

سیاسەتمەدارانی عێراق چ لە حوكمڕانان، یان لە ئۆپۆزسیۆن لەوەتەی چەندین نەوەی یەك لە دوای یەك لەوە ڕاهاتوون، كە زاراوەی گەلی عێراق بە كار بهێنن بۆ گوزارشتكردن لە سەرجەم پێكهاتە نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینی و تائیفی ئەوانەی لە سنووری جوگرافیی دەوڵەتی عێراقدا دەژین. ئەم زاراوەیە بە مەبەست بەكار دەهێندرێت، چونكە ئاراستەی قسەكە چۆن بێت، بەم شێوەیە دەگوترێت، بۆ نموونە ئەگەر بۆ هەموو عێراق بێت، زاراوەی گەلی عێراق بە كار دەهێنرێت، ئەگەر قسەكە بۆ كورد ئاراستە بكرێت ئەو كاتە زاراوەی گەلی كورد بەكاردەهێندرێت، حزبە نەتەوەییەكانی كورد و توركمان و عەرەب و... تاد، هەر بە هەمان شێوە، بە شێوەیەك كە حزبە توركمانییەكان دەڵێن گەلی توركمان، تەنانەت مێژوونووسان و توێژەر و گەڕیدەكانیش كاتێ باسی عێراق دەكەن، زاراوەی گەلی عێراق بە كار ناهێنن، بەڵكو دەڵێن: كورد، عەرەب، كلدوئاشووری، یان سریان و.. تاد. هەروەها لە گوتاری كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زاراوەی گەلی كورد بە كار دەهێنن، كاتێك ئاماژە بە پاڵپشتیكردن، یان مافەكانی كورد دەكەن.

**مێژوونووسان و توێژەر و گەڕیدەكانیش كاتێ باسی عێراق دەكەن، زاراوەی گەلی عێراق بە كار ناهێنن، بەڵكو دەڵێن: كورد، عەرەب، كلدوئاشووری، یان سریان و.. تاد**

عێراق وەك ناوچەیەكی جوگرافی لە كۆمەڵێك گەل پێك دێت، كە دەستووری ٢٠٠٥ بە پێكهاتەكان ناویان دەهێنێت، ئەمەش دداننانە بە فرەگەلی كە لە عێراقدا نیشتەجێن. باشتر وایە هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەم هەموو زاراوانە بكرێتەوە، زاراوەی نەتەوەی عێراق بەكاربهێنرێت لە جیاتی گەلی عێراق، چونكە زاراوەی نەتەوە گوزارشت لە برایەتیی نێوان گەلانی عێراق دەكات و بۆ ئەم واقیعە قووڵتر و وردتر دەردەكەوێت.

سیاسەتمەدارانی دێرینی عێراق زۆر بە وردی و چاك زانیویانە زاراوە سیاسی و دەستوورییەكان بەكار بهێنن. دامەزرێنەری دەوڵەتی عێراق شا فەیسەڵی یەكەم لە گوتارە سیاسییەكانیدا زاراوەی نەتەوەی عێراقی بەكاردەهێنا، سیاسەتمەدارەكانی دیكەش بە جیاوازیی ئینتیمای سیاسی و فكرییان هەر بە هەمان شێوە، مەبەستیشیان لە زاراوەی نەتەوەی عێراق گوزارشتكردن بووە لە كۆمەڵێك لە گەلانی عێراق، ئەوانەی لەم وڵاتەدا نیشتەجێن.

دەستووری ساڵی ١٩٢٥ بە دەسەڵاتی یاسادانانی دەگوت «ئەنجومەنی نەتەوەی



**پ. د.کامەران ساڵحی**
شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ
بۆ گوڵانی نووسیوە

عێراق»، کە لە هەر دوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیاوماقووڵان پێك دەهات، هەروەها دەستووری ساڵی ١٩٥٨ لە ماددەی (٤)دا بە دەق دەڵێت: «عەرەب و کورد لەم نیشتمانەدا شەریکن، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە عێراق لە دوو گەلی سەرەکی پێك دێت، کە عەرەب و کوردن لە پاڵ پێکهاتەکانی دیکە. هەروەها دەستووری ساڵی ١٩٦٣ زاراوەی (ئەنجومەنی نەتەوە)ی بەرانبەر دەسەڵاتی یاسادانان بەکارهێناوە، لە دەقەکەشدا داوای کردووە لە میانی یەك ساڵدا پێکبهێنرێت، هاوکات دەستووری ١٩٧٠ لەسەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بوو کە لە ماددەی (٥- ب)دا بە دەق دەڵێت: «گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی، عەرەب و کورد پێك دێت».هەروەها پرۆژەی دەستووری ساڵی ١٩٩١ لە ماددەی شەشەمدا بە دەق دەڵێت: «گەلی عێراق لە عەرەب و کورد پێك دێت»، لە ماددەی (٣)ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ هاتووە «عێراق وڵاتی فرە نەتەوە و ئایین و ئایینزایە»، بەم شێوەیە ئەم هەموو ماددە دەستوورییانە دووپاتی دەکەنەوە کە عێراق لە کۆمەڵێك گەل پێك دێت، جا ئەگەر بە گەلی عەرەب و کورد، یان بە ناوی پێکهاتەکانیش ناو ببرێت، تا ئێستاش سیاسەتمەدارانی عێراق و سەرکردەکانی حزبە سیاسییەکان لە گوتارە سیاسییەکانیاندا، یان لەو داخوازییانەی پێشکەشی حکومەت و پەرلەمانی دەکەن، زاراوەی گەلی عەرەب، یان کورد، یان تورکمان بە کار دەهێنن، ئەمەش دووپاتی دەکاتەوە کە هەموو لایەك بە تەواوی کۆکن لەسەر ئەوەی کە عێراق لە واقیعی خۆیدا نەتەوەیەکە لە چەندین گەل پێك دێت، یان هەندێ جار بە پێکهاتە ناودەبرێن، هەر یەك لەوانەش سیما و تایبەتمەندیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئایینی و تائیفیی خۆیان هەیە.

پێکەوەژیانی گەلانی عێراق و لە سایەی ڕژێمە سیاسییە مەرکەزییەکاندا هەوڵیان داوە لە سیما و تایبەتمەندییەکانی خۆیان دایانماڵن و هەموویان لە نێو یەك بۆتەدا بتوێننەوە، بەڵام هەموو ئەو گەلانە خۆڕاگر بوون و هەوڵی بەدەستهێنانی ئاواتەکانیان داوە. سەرباری هەندێ فاکتەری هاوبەش لە نێوان ئەو گەلانەدا کە پێکەوە لە ناوچەیەکی جوگرافیدا دەژین و لە ڕووی داب و نەریت و کەلتوورەوە

**لە گوتاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زاراوەی گەلی کورد بە کار دەهێنن، کاتێک ئاماژە بە پاڵپشتیکردن، یان مافەکانی کورد دەکەن**

**عێراق وەک ناوچەیەکی جوگرافی لە کۆمەڵێک گەل پێک دێت، کە دەستووری ٢٠٠٥ بە پێکهاتەکان ناویان دەهێنێت، ئەمەش دداننانە بە فرەگەلی کە لە عێراقدا نیشتەجێن**

**دەستووری ساڵی ١٩٥٨ لە ماددەی (٤)دا بە دەق دەڵێت: «عەرەب و کورد لەم نیشتمانەدا شەریکن، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە عێراق لە دوو گەلی سەرەکی پێک دێت**

**چەمکی نەتەوە لەگەڵ مەیلی خۆسەپاندنی گەلێک بەسەر گەلێکی دیکەدا دژبەیەکە، بۆیە تا ئێستا هەندێ لە خاوەن بیروباوەڕی توندڕۆ و دەمارگیریی نەتەوەیی هەوڵ دەدەن زاراوەی گەلی عێراق بۆ تواندنەوەی گەلانی دیکە و چەوساندنەوەیان بە کار بهێنن**

**کاتێک گەلان دێنە نێو ئیسلامەوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە وای کردووە دەستبەرداری خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆیان ببن، بەڵکو ئەم ئایینە ڕێزی لێ گرتوون و بەها ئەخلاقییەکانیانی زیاتر تۆکمە کردووە**


لە یەکەوە نزیکن، زۆربەشیان ئیسلامن، بۆیە ناوبردنی ئەم هەموو گەل و پێکهاتانە بە زاراوەی نەتەوەی عێراق گوزارشتە لە ئینتیما و پێکەوەژیانیان، نەك لێکدابڕان و جیاکاری، چەمکی نەتەوە لەگەڵ مەیلی خۆسەپاندنی گەلێك بەسەر گەلێکی دیکەدا دژبەیەکە، بۆیە تا ئێستا هەندێ لە خاوەن بیروباوەڕی توندڕۆ و دەمارگیریی نەتەوەیی هەوڵ دەدەن زاراوەی گەلی عێراق بۆ تواندنەوەی گەلانی دیکە و چەوساندنەوەیان بە کار بهێنن، بەتایبەتیش کورد و تورکمان.

ئەو ڕۆژگارە بەسەر چوو کە گەلێك دەست بەسەر گەلێکی دیکەدا بگرێت، ستەمخوازیی فیکری و نەتەوەیی دەمارگیر ناتوانێت ڕۆڵی گەلان فەرامۆش بکات، چونکە ئەمە لەگەڵ چەمکەکانی واقیعی ئێستای مافی گەلان لە دیاریکردنی مافی چارەنووسدا ناگونجێت. سەردەمی کارکردن بۆ چەوساندنەوە و تواندنەوەی گەلان لە ڕوانگەی بیروباوەڕی تاکلایەنە کۆتایی هات، پڕۆپاگەندەی هەندێکیان کە گوایە بانگەواز دەکەن بۆ یەکسانی و هاریکاریی نێوان تاکەکانی یەك گەل شکستی هێنا. بۆیە من وای دەبینم کە زاراوەی نەتەوەی عێراق گوزارشتێکی کردارەکییە لە گەلان و پێکهاتەکانی عێراق بە بێ جیاوازی، چونکە ئەم زاراوەیە دووپاتکردنەوەی سیما و تایبەتمەندیی یەك بە یەکەی ئەو گەل و پێکهاتانەیە و گوزارشتیشە لە هاوکاری و یەکرێزیی نێوانیان، لەگەڵ ئەوەی هەر گەل و پێکهاتەیەك شانازی بە ئینیتمای خۆی بۆ نیشتمان دەکات، لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەی هەیەتی بە ئایین و کەلتوور و داب و نەریت، بەڵام شانازیی هەر یەکەیان لەگەڵ ئەوەی دیکە زۆر جیاوازە، تەنانەت بە ناسنامەکەشیان.

سەرۆك مسعود بارزانی لە زۆر بۆنەدا دووپاتی کردووەتەوە کە گەلی کورد لە کوردستان، سەرباری شانازیکردنی بە ئینتیما بۆ عێراق، بەڵام گەلێکی سەربەخۆیە و بەشێك نییە لە گەلێکی دیکە، بۆیە بەڕێزیان زۆر ڕاشکاو و ڕاستگۆیە لەگەڵ گەلی کورد و هەموو ئەو گەلانەی لە عێراقدا دەژین، ئەوەش شتێکی سرووشتییە کە هەندێ کەس وای ببینن، زاراوەی نەتەوەی عێراق نامۆیە و لە فەرهەنگی سیاسییدا نییە، خوێندنەوەیەکی خێرای مێژووی نوێی عێراق و مێژووی میسر و وڵاتانی دیکە ئەو قسەیە دەسەلمێنێت.

هەروەها هەندێکی دیکە پێیان وایە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بانگەوازە بۆ توانەوە لە بۆتەی یەك نەتەوەدا، هاوکات فەرامۆشکردن و پەراوێزخستنی داب و نەریت و خەسڵەتەکانی نەتەوەیی و کەلتووری و کۆمەڵایەتیی گەلانی عێراقە، بەو کەسانە دەڵێین کە زاراوەی نەتەوە گوزارشتە لە هاوبەندی و هاوکاری و برایەتی و یەکسانیی نێوان گەلان، بۆیە دەبینین کاتێك گەلان دێنە نێو ئیسلامەوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە وای کردووە دەستبەرداری خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆیان ببن، بەڵکو ئەم ئایینە ڕێزی لێ گرتوون و بەها ئەخلاقییەکانیانی زیاتر تۆکمە کردووە، جا ئەگەر ئینتیمای ئەو گەلانە بۆ ئیسلام سیفەتی نەتەوەی دابێت بەو هەموو گەلانە کە باوەڕیان پێ هێناوە و لە مافەکانی خۆیان بێبەشی نەکردبن، ئەوا زاراوەی نەتەوەی عێراق دیسان بەو مانایە نییە کە گەلان لە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی خۆیان داماڵدرابن.

دیارە زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە زاراوەی نەتەوە زاراوەیەکی سیاسییە، بە واتای ئەوەی کۆمەڵێك گەل ئینتیمایان بۆ ڕەسەن و بنەچەیەکی نزیك لە یەکدی هەیە و مێژوو و زمانی هاوبەشیان هەیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئینتیمای ئەو گەلانە بۆ یەك نەتەوەیە، بەڵکو دەتوانین بڵێین کە ئەم زاراوەیە بەو مانایەیە کە کۆمەڵێك گەل هەن کە بەیەکەوە دەژین و هاریکارن لەنێو خۆیاندا. بۆیە پێمان وایە کە نەتەوەی عێراق لە چەند گەلێك پێك دێت، قەدەر وای کردووە لە یەك ناوچەی جوگرافیدا پێکەوە بژین، بۆیە دەبینین هەر گەلێك لەو نەتەوەیە سەر بە نەتەوەیەکی گەورەترە، گەلی عەرەب لە عێراق سەر بە نەتەوەی عەرەبە، گەلی کوردیش بەشێکە لە نەتەوەی کورد، هەروەها تورکمان، بەڵام لە عێراق نەتەوەی عێراق پێك دەهێنن، لەپاڵ ئەوەی ئینتیمایان بۆ ئیسلام هەیە، چونکە لە یەك نیشتماندا دەژین.



دیمانەی تایبەت

## پرۆفیسۆر ستیڤن ڕەوچ بۆ گوڵان:

# پێدەچێت سوپای ڕووسیا وەرەی پێویستی بۆ ئەنجامدانی دژەهێرش نەبێت

ستیڤن ڕەوچ، پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی ساوز فلۆریدا، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك سیاسەت و کاروبارە نێودەوڵەتییەکان، مافەکانی مرۆڤ، سیاسەتی ئەوروپی و حوکمڕانیی جیهانی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، وەك شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ڕەهەند و لێکەوتەکانی ئەم شەڕە و و پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە و ڕۆڵی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

*** لە ڕوانگەی پسپۆڕی و شارەزاییتانەوە، ئایا هەڵکشانی هاوکاریی نێوان ڕووسیا و ئێران بە مایەی نیگەرانی دەزانن، بە تایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییەی کە لە ئێستادا ئێران دامەزراوەی دروستکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی لەسەر خاکی ڕووسیا دامەزراندووە؟**

- بەڵێ، پێم وایە مایەی نیگەرانییە. بەڵام ئەگەر ڕاشکاو بم لە وەڵامەکەمدا، ئەوا ئەمە بۆ من جێی سەرسوڕمان نییە، بە تایبەتی ئەگەر کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا لەبەر چاو بگرین. دواتر بوارێکی کەم هەیە بۆ ئەوەی بزانین ئایا بە ڕاستی پەیوەندیی گەشەکردووی نێوان ڕووسیا و ئێران بەرەو کوێ سەردەکێشێت، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە پەیوەندیی نێوانیان بەهێزتر دەبێت و پێ دەچێت لە لایەن ڕووسیاوە تەکنەلۆژیای ناوکی، یان پێدانی کڵاوەی تاکتیکی ناوکی بە ئێران بدرێت.

**بوارێکی کەم هەیە بۆ ئەوەی بزانین ئایا بە ڕاستی پەیوەندیی گەشەکردووی نێوان ڕووسیا و ئێران بەرەو کوێ سەردەکێشێت**

*** تێڕوانینتان چییە لە بارەی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ئێران لە ڕووی دامەزراندنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانەوە کە سعودیە ڕێگەی بە ئێران دا، باڵیۆزخانەکەی لە ڕیاز بکاتەوە، ئەم ڕێککەوتنەش بە ناوبژیوانیی چین بووە، ئایا پێویستە ئەمریکا بە نیگەرانییەوە لە پرسی لەدەستدانی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا بڕوانێت؟**

- بە تێڕوانینی من دووبارە دامەزراندنەوەی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان بە ڕاددەیەکی گەورە پەرەسەندنی ئەرێنین، لەبەر ئەوەی ئاماژەن بە هاتنەئارای پابەندبوون بە سەقامگیریی ناوچەییەوە. لە ڕاستیدا ناکرێت مەترسییە سیاسییەکانی ناوچەکە لەوە گەورەتر بن، کە ئەگەرێکی ڕاستەقینە هەیە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی لە ناوچەکەدا ببینین. بە چاوپۆشین لەوەی ئەمە پێشبینییەکی ڕاست بێت، یان نا، ئەوا دەستپێشخەرییەکەی، یان ناوبژیوانییەکەی چین دەرئەنجامێکی پێشوازی لێ کراوە، بەڵام ئەگەری ئەوەی لە هەناوی هەڵنەگرتووە کە بەم نزیکانە ببێتە هۆی زاڵبوون بەسەر پەیوەندییە چەسپیو و قووڵەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. بە دیدی من هێشتا چین بە میانگیرێکی خاوەن میسداقییەتی ئاشتی، یان میانگیرێکی لایەنی سێیەمی هاوشێوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دانانرێت، کە کاریگەریی ئەمریکا لە بەها سەرنجڕاکێشەکانیدایە وەك دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی. لە ڕاستیدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژە چین بەرهەڵستیی هەر یەکێك لەم بەهایانەی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەهایەکی قەناعەتپێهێنەری تایبەت بە خۆی نەخستووەتەڕوو بۆ خستنەگەڕ و پاساوهێنانەوە بۆ دەستتێوەردانەکەی. لەم ڕووەوە، هۆکارێکی کەم لە ئارادایە بۆ نیگەرانبوونی ئەمریکا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش کە ئاماژەم پێ کرد، ئەوا گەورەترین هەڕەشە کە ڕووبەڕووی ئەو سەرکردایەتییە جیهانییە بووەتەوە کە ئەمریکا مومارەسەی دەکات لە ناوخۆ، یان لە سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکاوە سەرچاوە دەگرێت، بە زۆری لە ناسیۆنالیزمی کریستیانی، یان پۆپۆلیزمی خۆسەپێنی (ترەمپیزمی دژ بە جیهانگەرایی)، کە کار لەسەر بنکۆڵکردنی خودی ئەم بەهایانە دەکەن.

**پێ دەچێت لە لایەن ڕووسیاوە تەکنەلۆژیای ناوکی، یان پێدانی کڵاوەی تاکتیکی ناوکی بە ئێران بدرێت**

*** بە ڕای ئێوە بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆ بە بەردەوامی پاڵپشتی دارایی و چەك و تەقەمەنی و سیستمی بەرگریی ئاسمانی بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر دەکەن، بەڵام هێشتا هەوڵێکی بەرچاویان نەخستووەتەگەڕ لە بەدیهێنانی چارەسەرێکی گشتگیر بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە؟**

- من باوەڕم وایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆ نیگەران بوون لەوەی ئێستا زیاتر پاڵپشتیی دارایی و سەربازی بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر بکەن، هۆکارە سەرەکییەکە خودی پوتین خۆیەتی، کە خەونە ئیمپریالییەکانی و پشتگوێخستنی دڵڕەقانەی بۆ ژیانی مرۆیی و هەڕەشەکردنی بۆ بەکارهێنانی چەکی ناوکیی تەکتیکی بوونەتە هۆی ئەوەی ئەنجامدانی هەر گفتوگۆیەك بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر کارێکی دژوار بێت، ئەگەر مەحاڵ نەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕووسیا لە ڕێی هێز و ناچارکردنەوە هەرێمی کریمیا و چەند بەشێکی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیای کردە بەشێك لە خاکەکەی، کە ئەمە بەردی بناغەی خەونە بێ سنوورەکانی پوتینە بۆ داگیرکردنی تێکڕای ئۆکرانیا. لەبەر ئەوە پێ دەچێت دروستترین ستراتیژیەت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆ شەکەتکردن، یان لە ناوبردنی ورەی دوژمنەکە بێت، بە

چەشنێك کە بارگرژی ناوخۆیی، یان شەڕی نێو پارتەکەی ببنە هۆی لاوازکردنی پوتین و خەونە ئیمپریالیستییەکانی.

*** تێڕوانینی ئێوە چییە لەبارەی چەند وڵاتێکی دیاریکراوەوە کە دژن بە سزا سەپێندراوەکانی سەر ڕووسیا، یان ئەم سزایانە فەرامۆش دەکەن، ئایا پێت وایە ئەم کارە لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕەنگە دواتر ئەوانیش بکرێنە ئامانج، یان ئەوەتا ئەمە ئامرازێکە بۆ گوزارشتکردن لە ناڕەزایەتیی خۆیان لە دژی باڵادەستی و دەستڕۆیشتوویی ڕۆژئاوا بەسەر کاروبارە جیهانییەکانەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە ترس هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە لە بەشێکی زۆریدا پەیوەندیدارە بە دەستڕۆیشتوویی هەڵکشاوی ڕووسیا لە ناوچەکەدا، واتە پەیوەندییە بەهێزەکانی لەگەڵ وڵاتانی وەك سووریا. دواتر هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەناڵێنێت بەدەست دەرئەنجامە ئابووری و سیاسییەکانی ئەو شەڕانەی بەرپای کردن لە عێراق و ئەفغانستاندا، ئەوە بوو ئەم وڵاتانەشی لە بارێکی ناسەقامگیردا جێهێشت و پشتی لە گەلەکانیان کرد. ئەمەش تەنیا ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە تاوەکو ژمارەیەکی زیاتری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو وانەیە فێر بن کە بەندە بە پشتبەستن بە پاڵپشتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، لە ڕێی ڕووکردنە هێزە مەزنەکانی دیکە، ئەوا بە تێڕوانینی من ناتوانین بڵێین ئەمە گوزارشتە لە ناڕەزایەتییەکانیان لە باڵادەستیی ڕۆژئاوا، بەڵکو زیاتر ناڕەزایەتی لە شکستی ڕۆژئاوایە لە سەپاندنی باڵادەستیی خۆی لە بەرانبەر هەڵکشانی دەستڕۆیشتوویی ڕووسیا.

*** ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ستراتیژیەتی ئۆکرانیایە بۆ ئەنجامدانی هێرشی پێچەوانەوە، بەڵام پێ دەچێت سەربازانی ڕووسیا بتوانن بەرەنگاری ببنەوە. ئەگەر ئەم دژە هێرشانە سەرکەوتوو نەبن، ئایا دەکرێت ئەمە دەرئەنجامی کارەساتباری لێ بکەوێتەوە لەسەر ئۆکرانییەکان، بە تایبەتی ئەگەر بوارێك بخوڵقێت کە سوپای ڕووسیا بتوانێت خۆی ڕێك بخاتەوە و هێرش بکاتەوە و دەستکەوتی ستراتیژی بەدەست بهێنێت؟**

- تەنانەت ئەگەر دژە هێرشەکان سەرکەوتوو نەبن، ئەوا ڕۆژئاوا هێندە چەك و هاوکاری دەستەبەر دەکات بۆ ئۆکرانیا کە بتوانێت درێژە بە هەوڵەکانی بدات لە دژی ڕووسیا. لە ئێستادا پێ دەچێت سوپای ڕووسیا سوپایەکی دابەشبوو بێت، یان وەرەی پێویستی نەبێت بۆ ئەنجامدانی دژە هێرش. هەروەها ڕوون نییە ئایا هەڵگەڕانەوە کورتخایەنەکەی ئەم دواییە پوتینی لاواز کردبێت، ئایا ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕینی ستراتیژیەتی ڕووسیا لە مەودای کورتخایەن، یان تەناتەت مەودای درێژخایەندا.

**ئەمریکا و ناتۆ نیگەران بوون لەوەی ئێستا زیاتر پاڵپشتیی دارایی و سەربازی بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر بکەن**

*** دید و تێڕوانینتان چییە لەسەر ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چارەسەرکردنی ئالنگارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی فەرامۆش کردووە، ئایا پێت وانییە ئەمە دەرفەتێك دەڕەخسێنێت بۆ چین بۆ ئەوەی ڕۆڵی گەورەتر ببینێت و ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، هەروەك ئەوەی بەدی کرا لە پرسی ناوبژیوانیکردن لە ڕێککەوتنی ئاشتی لە ناوچەکەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە پێم وایە ئەم دەرئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە. بەلای کەمەوە بوار بە چین دەدات بۆ ئەوەی هەندێ پەرەسەندنی دیپلۆماتی بەدەست بهێنێت. ئەوەی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجامی دەدات دابڕانێکی سەیرە لە ڕۆڵە پشتیوانکارەکەی- کە پتر ڕۆڵێکی ئابوورییە- لە ئەمریکای لاتین و ئەفریقا. بەڵام پێ دەچێت ئەم دابڕانە ڕواڵەتی، یان ڕووداوێکی دابڕاو بێت، کە ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو خاڵەی لە سەرەتادا ئاماژەم پێ کرد، واتە هۆکاری ئەوەی کە بۆچی چین بە زەروورەت هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەدات کە ئەمریکا خوڵقاندوویەتی، ئەوەیە کە دیدگایەکی مۆراڵی، یان بەهایەکی نییە کە ببێتە بناغەی ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی، هەروەها هەستێکی هاوبەشی ئەرێنیشی نییە، نەك تەنیا لەگەڵ حکومەت، بەڵکو لەگەڵ گەلی ئەو وڵاتەشدا. ئەوەی پێی گەیشتووم لە میانەی سەرجەم گەشت و ئەرکی توێژینەوەکانم لە ئەفریقا و چەند بەشێکی ئەمریکای لاتین، ئەوەیە کە سەرنجڕاکێشیی چین وەك هێزێکی مەزن زۆر کەمترە بە بەراورد لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ نموونە، چین خاوەنی سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی، یان متمانەیەك نییە بۆ ئەوەی ببێتە جێگرەوەی هێزی میانگیری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**پێ دەچێت دروستترین ستراتیژیەت بۆ ئەمریکا و ناتۆ، شەکەتکردن، یان لە ناوبردنی وەرەی دوژمنەکە بێت، بە چەشنێك کە بارگرژی ناوخۆیی، یان شەڕی نێو پارتەکەی ببنە هۆی لاوازکردنی پوتین و خەونە ئیمپریالیستییەکانی**

دیمانەی تایبەت



**ستروان ستیڤنسۆن**

**سەرۆکی کۆمەڵەی ئەوروپی بۆ ئازادیی عێراق بۆ گوڵان:**

# ڕووسیا دەرئەنجامێکی پێچەوانەی لە شەڕەکە چنیوەتەوە

**ستروان ستیڤنسۆن پێشتر ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا بووە و نوێنەری سکوتلەندا بووە ( ١٩٩٩-٢٠١٤)، و سەرۆکی شاندی پەرلەمانی ئەورووپا بووە بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق ( ٢٠٠٩-١٤) و سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستانی ئێران ئازاد بووە (٢٠٠٤). هەروەها سەرۆکی لیژنەی «گەڕان بە دوای دادپەروەری»یە بۆ پاراستنی ئازادییە سیاسییەکان لە ئێران. هەروەها وانەبێژی نێودەوڵەتییە لە بارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرۆکی کۆمەڵەی ئەورووپییە بۆ ئازادیی عێراق. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی ئەم شەڕە لەسەر ئەورووپا و ئەو ڕۆڵەی چاوەڕوان دەکرێت چین لە پەیوەندی بە ئاسانکاریکردن بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە هەیبێت و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** بە تێڕوانینی ئێوە ئایا ئەورووپا ڕووبەڕووی چ دەرئەنجامێك دەبێتەوە ئەگەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بەردەوام بێت و درێژە بخایەنێت، بە بێ ئەوەی چارەسەرێکی ڕوون لە ئارادا بێت، یان ئومێدێك هەبێت بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە، بە تایبەتی کە ڕۆژ بە ڕۆژی شەڕەکە سەختتر دەبێتەوە؟**

- هێرشە پێچەوانەکانەی ئۆکرانیا زیاتر لەوەی زۆر کەس پێشبینی دەکرد، درێژە دەکێشێت و بەرەو ئەوە دەچێت هێرشێکی درێژخایەن و خوێناوی بێت. بە پێی سوپاسالاری ئۆکرانیا، ڤالێری زالوژنی، نەبوونی هێزی ئاگرینی پێویست و نەبوونی فڕۆکەی جەنگیی هاوچەرخ و تەقەمەنیی تۆپخانەکان ئاستەنگ و بەربەستیان دروست کردووە. هەرچۆنێك بێت، هەڵگەڕانەوە لەباربردراو و ئەگەری کودەتا لە ڕووسیا بە ڕاددەیەکی گەورە پوتینی لاواز کردووە و خۆی و سوپای ڕووسیایان خستووەتە بارێکی لەرزۆکەوە. هەروەها سزا نێودەوڵەتییەکانی ئابووری ڕووسیایان لاواز کردووە و شەڕەکە بە چەشنێکی ڕیشەیی دەستەبەرکردنی کەرەستەی سەربازی و ڕۆکێتەکانی کەم کردووەتەوە. لەم هەلومەرجەدا پێم وانییە شەڕەکە بۆ ساڵێکی دیکە درێژە بخایەنێت. کاتێك پوتین دەستی بە داگیرکارییەکەی بۆ سەر ئۆکرانیا کرد لە مانگی شوباتی ٢٠٢٢، ئامانجەکەی بریتی بوو لەوەی لە میانەی چەند ڕۆژێکدا ئۆکرانیا وەك دەوڵەتێکی خاوەنی سەروەری لە ناو ببات. لەو کاتەدا، لە ڕووسیا و لە ڕۆژئاوادا وەك ئامانجێك دەهاتە بەرچاو کە ئەگەری ئەوە هەیە بێتەدی. دوای ساڵ و نیوێك لە شەڕەکە، گرەوکردن لەسەر مانەوەی ئۆکرانیا سەلامەتترە وەك لە گرەوکردن لەسەر مانەوەی پوتین. شەڕەکەی پوتین ڕووسیا دەکاتە وڵاتێکی شکستخواردوو، کە سنوورەکانی کۆنترۆڵ نەکرابن و سوپای تایبەت و ئەمیری جەنگ لە ئارادا بن و خەڵکەکە وڵاتەکە جێ بهێڵن، و داخوڕانی مۆراڵی هەبێت و ئەگەری هاتنەئارای شەڕی ناوخۆییش هەبێت. بەڵام تاکە ڕێگەی لادانی پوتین ئەوەیە یان ئەوەتا بمرێت، یان دەست لەکار بکێشێتەوە، یان دەسەڵاتەکەی بڕووخێندرێت.

**هێرشە پێچەوانەکانەی ئۆکرانیا زیاتر لەوەی زۆر کەس پێشبینی دەکرد، درێژە دەکێشێت و بەرەو ئەوە دەچێت هێرشێکی درێژخایەن و خوێناوی بێت**

*** ئایا پاڵپشتیی سەربازی و دارایی دەستەبەرکراو لەلایەن ناتۆوە بۆ ئۆکرانیا وەك پێویست نییە، یان سوپای ڕووسیا زۆر بەهێزە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سەرباری هاوکاریی گەورەی دەوڵەتە ئەندامەکانی ناتۆ هێشتا ئۆکرانیا نەیتوانیوە سەرکەوتن لە شەڕەکەدا بەدەست بهێنێت لە بەرانبەر ڕووسیا و لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا؟**

**ئەگەری کودەتا لە ڕووسیا بە ڕاددەیەکی گەورە پوتینی لاواز کردووە و خۆی و سوپای ڕووسیایان خستووەتە بارێکی لەرزۆکەوە**

- ئۆکرانیا بە چەشنێکی سیستماتیکی و ستراتیژی نیوەی ئەو خاکەی بەدەست هێناوەتەوە کە ڕووسیا دەستی بەسەردا گرت و شکستی سەرشۆڕپێهێنەری تووشی ڕووسیا کردووە، کە پوتین ناچار بوو داوای سەربازی زیاتر بکات بۆ نێو سوپاکەی، کە ئەمەش بڕیارێکی تا سەر ئێسقان ناجەماوەری بوو. لەگەڵ کەڵەکەبوونی سەرکەوتنەکانی ئۆکرانیا لە بەرەکانی شەڕدا، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ زیاتر چەکی پێشکەوتووی بۆ دەستەبەر دەکەن. پێشبینیی ئەوە دەکرێت کە ئۆکرانیا بتوانێت بەڵێنی ساڵی نوێی سەرۆك ڤلۆدیمیر زیلێنسکی بباتەسەر بەوەی لە کۆتایی ئەمساڵدا

**دوای ساڵ و نیوێک لە شەڕەکە، گرەوکردن لەسەر مانەوەی ئۆکرانیا سەلامەتترە وەک لە گرەوکردن لەسەر مانەوەی پوتین**

**ئۆکرانیا بە چەشنێکی سیستماتیکی و ستراتیژی نیوەی ئەو خاکەی بەدەست هێناوەتەوە کە ڕووسیا دەستی بەسەردا گرت و شکستی سەرشۆڕپێهێنەری تووشی ڕووسیا کردووە**

**پوتین چەندین جار بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ئامادەیە بۆ بەکارهێنانی چەکی ناوکی، ئەگەر هەستی کرد ڕووسیا هەڕەشەی لەسەرە**

سەرجەم خاکی ئۆکرانیا بەدەست بهێنێتەوە.

*** ئایا ڕەوایە باس لەوە بکرێت کە جێگیرکردنی چەکی تاکتیکی ناوکی لەلایەن ڕووسیا و وڵاتانی ناتۆ لەسەر سنوورەکانی بیلاڕووسیا و سنوورەکانی دیکە دەبێتە هۆی زیادبوونی مەترسیی هەڵکشانی بارگرژییەکان تا ئەو ڕاددەیەی بگاتە بەکارهێنانی ئەم چەکانە، لەوەش زیاتر ئایا دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم پەرەسەندنانە ئاماژەن بۆ کۆتاییهاتنی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە چەکی ناوکییەوە؟**

- هەفتەی پێشوو ئەلێکساندەر لوکاشێنکۆ ڕایگەیاند کە دڵنیایە لەوەی هەرگیز ئەو چەکە تاکتیکییە ناوکییانەی ڕووسیا کە لە وڵاتەکەیدا جێگیر کراون بەکار ناهێنرێن. لوکاشێنکۆ و سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین ئیقراریان بەوە کردووە کە هەندێ چەکی تەکتیکی گەیشتووەتە بیلاڕووسیا و باقییەکەی دیکە لە کۆتایی ئەمساڵدا جێگیر دەکرێن. پوتین چەندین جار بانگەشەی ئەوەی کردووە کە ئامادەیە بۆ بەکارهێنانی چەکی ناوکی، ئەگەر هەستی کرد ڕووسیا هەڕەشەی لەسەرە. سەرەتای ئەمساڵ ڕایگەیاند کە مۆسکۆ پابەندبوونەکانی خۆی هەڵدەپەسێرێت لە پەیوەندی بە نیوستارتەوە، کە تا ڕێککەوتنی کۆنترۆڵکردنی چەکەکە مابێتەوە لە نێوان هەردوو وڵاتی مەزن و خاوەن چەکی ئەتۆمییەوە. شەڕە ناڕەواکەی لە ئۆکرانیا و هەڕەشە ناوکییەکانی بوونەتە هۆی بەرفراوانبوونی ناتۆ، و وەرگرتنی فینلەندا وەك ئەندامێکی نوێ و زیادبوونی ٨٣٢ میل لە سنوورەکانی ناتۆ لەگەڵ ڕووسیادا. ئەگەر ئەردۆغان ناڕەزایەتی خۆی بکێشێتەوە، سویدیش دەبێتە ئەندامی ناتۆ. ئەو کاتە نزیکەی کارێکی بنەڕەتی دەبێت کە ناتۆ ڕێ بدات ببێتە ئەندام تێیدا. کەواتە بانگەشەکەی پوتین کە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی تایبەتی لە ئۆکرانیا ئەنجام دا، لەبەر ئەوەی هەستی کرد هەڕەشەی ناتۆی لەسەرە، ئەوا ئەم ئۆپەراسیۆنە دەرئەنجامێکی تەواو پێچەوانەی لێ کەوتووەتەوە.

*** ئایا هەستی گشتی لە نێو گەلی ڕووسیا لە پەیوەندی بە شەڕەکەوە چییە؟ ئایا بەشێکی زۆری خەڵکەکە دژی ئەم شەڕەن؟ ئایا ئەم بەرهەڵستییە کاریگەری لەسەر درێژەکێشانی شەڕەکە دەبێت؟**

- گەنجانی ڕووسیا بە شێوەیەکی دیاریکراو خۆشحاڵ نین لەبارەی شەڕەکەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی هەستی دژ بە شەڕ بە سەختی سەرکوت دەکرێت لەلایەن پۆلیسەوە، ئەوا کەسانێکی کەم هەن کە بە ئاشکرا بیروباوەڕی خۆیان دەر ببڕن. گەنجانی ڕووسیا بە پێچەوانەی سەرکردەکانیانەوە، دەستیان بە مۆبایلی زیرەك و تۆڕەکانی سۆشیال میدیا ڕادەگات، واتە دەستیان بە زانیارییەکی زیاتر ڕادەگات بە بەراورد بەوەی پێیان دەوترێت لەبارەی شەڕەکەوە لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتەوە. زۆرێك وڵاتیان جێ هێشتووە، ئەوان زانیاریی باشیان هەیە لە بارەی هاوڕێ و خزمەکانیانەوە کە لە بەرەکانی شەڕی ئۆکرانیا دەمرن. کەسانی بەساڵاچووش کە سەروەختی سۆڤیەتیان بە بیر دێت، زیاتر مەیلی ئەوەیان هەیە باوەڕ بەوە بکەن کە لەلایەن ڕاگەیاندنی دەوڵەتەوە پێیان دەوترێت، لەبەر ئەوە پشتیوانی لە پوتین و شەڕەکەی دەکەن. هەرچۆنێك بێت، ئاماژەی زیاتر هەن کە زیاتر نائومێد دەبن بە هۆی زیادبوونی قوربانییەکان و ئابووریی شکستخواردووی ڕووسیاوە. بزنێس و کەرتی نیشتەجێ و خزمەتگوزاریی کۆمەڵگە و دەرمان و پەروەردە و هەموو شتێك لە داکشاندایە. دوای شکستە گەورەکان، تەنانەت پێویستە دووبارە سوپاش بنیاد بنرێتەوە. چینی ناوەڕاستی ڕووسیا ناڕەحەتن لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی کۆت و بەندی توند دەبنەوە لە پەیوەندی بە توانای گەشتکردنەوە و هەست بە فشاری سزاکان دەکەن لەسەر ژیان و گوزەرانیان. کەواتە بەرهەڵستییەکی بەردەوام لە ئاست ئەم شەڕەدا هەیە.

*** ئەگەر شەڕەکە درێژە بخایەنێت، چۆن لە ڕۆڵی ئایندەی چین دەڕوانیت بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی ئێستا کە بێلایەنە، بەڵام لە هەمان کاتدا گوزارشت لە پشتیوانیی خۆی دەکات بۆ ڕووسیا؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە چین ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە ببینێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا؟**

- چین زیاتر و زیاتر دەبێتە هاوبەشێکی بازرگانیی گرنگ بۆ ڕووسیا، کە هەوڵ دەدات لە کاریگەری سزا ئابوورییەکان کەم بکاتەوە کە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە سەپێندراون لە بەرانبەر داگیرکردنە ناڕەواکەی پوتیندا. لە هەمان کاتدا، چین بە بەردەوامی توانای

بەرهەمە سەربازییەکانی زیاد کردووە و لە ئێستادا چوارەم گەورەترین وڵاتی هەناردەکاری چەکە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاندووە یەکین بیر دەکاتەوە لە دەستەبەرکردنی چەك و تەقەمەنی بۆ ڕووسیا، ئەگەرچی چین بە توندی ئەم بانگەشانە ڕەت دەکاتەوە. باوەڕەکە ئەوەیە ئەگەرچی چین هێشتا بە شێوەیەکی ئاشکرا چەکی کوشندەی نەداوە بە ڕووسیا، بەڵام ڕەنگە بە نهێنی بەرهەمی تەکنەلۆژیای بەرزی پێ بفرۆشێت کە ڕەنگە بۆ ئامانجی سەربازی بێت. هەروەها ئەوەش ئاشکرایە کە ئێران فڕۆکەی بیفرۆکەوانی سەربازی بەکار بهێنێت. سەرۆکی چین (شی جی پینگ) ڕێککەوتنێکی دوور و درێژی پشتێنە و ڕێگای لەگەڵ ئێراندا واژوو کردووە، بە بەهای چەندان ملیار دۆلار، و بە چەشنێکی کارا ئێران دەکاتە دەوڵەتێکی وەکیل. هەروەها شی جی پینگ ناوبژیوانی ئاشتبوونەوەی ئەم دواییەی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودیە بوو، کە ئەوە بوو باڵیۆزخانەکانیان ئاڵوگۆڕ کرد. ئەم دەستڕۆیشتووییە کەڵەکەبووانە دەبنەهۆی ئەوەی چین لە پێگەیەکی زۆر بەهێزدا بێت بۆ ئاسانکاریکردن بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکەی ئۆکرانیا.

*** هینری کیسنجەر وەزیری پێشووتری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵانی حەفتەکانی سەدەی ڕابردوو، چارەسەرێکی خستووتە ڕوو بۆ شەڕە بەردەوامەکە و پێشنیاری ئەوەی کردووە کە ئەو خاکەی ڕووسیا دەستی بەسەردا گرتووە لە ژێر دەستیدا بمێنێتەوە و باقی ئۆکرانیا بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە، هەرچۆنێك بێت دیار نییە ئایا ناتۆ ئەم پێشنیارە قبووڵ دەکات، یان نا، ئەگەر وا بێت ئایا ئەمە بە مانای دۆڕان نایەت بۆ هاوپەیمانیی ناتۆ؟**

- لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٤ و دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسە ئەمنییەکانی کە شەوێکی تەواوی خایاند، ڤلادمیر پوتین ڕایگەیاند پێویستە کار بکەین بۆ گەڕاندنەوەی کرێمیا بۆ ڕووسیا. لە ١٨ی ئازاری ئەو ساڵەدا ئەو ئامانجەکەی خۆی بەدەست هێنا، بە چەشنێکی کارا کرێمیای کردە بەشێك لە وڵاتەکەی و لەگەڵ شاری سیڤاستۆپۆڵ کردنیە بەشێك لە ڕووسیای فیدراڵ. دەستەبەرداگرتنی کریمیا نموونەیەکی دیکە بوو لە هەوڵی پوتین بۆ دروستکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی پێشوو. ساڵی ٢٠٠٨ زیاتر لە ٢٠٪ی خاکی جۆرجیای خستە سەر خاکی وڵاتەکەی (ناوچەکانی ئەبخازیا و باشووری ئۆسیتیا) کە هەردووکیان گۆڕەپانی ناکۆکیی جوداخوازیی توندوتیژی بوون کە بە هەزاران کوژراو و دەیان هەزار بێ ماڵ و حاڵیان لێ کەوتەوە، ئێستا بوونەتە ناوچەی قەدەغەکراو. پوتین ڕێگەی دا بە سەردانی سنووردار بۆ ئەبخازیا لەلایەن پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. بەڵام باشووری ئۆسیتیا بۆووەتە کامپێکی سەربازیی ڕووسیا و هێڵە ناڕوونەکانی جیاکردنەوەش کە لەلایەن ڕووسیاوە کێشراون بە تەلی دڕکاوی دەورە دراون و بۆرجەکانی چاودێریی سەربازی پارێزگاری لێ دەکەن. سەدان هەزار کەس ناچار کران کە لە شەڕەکەی ساڵی ٢٠٠٨ هەڵێن. وەزیرەکانی حکومەتی جۆرجیا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو کەسانەی لە نێو هەردوو خاکە داگیرکراوەکەدا ماونەتەوە بە چەشنێکی ڕۆتینی ڕووبەڕووی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ دەبنەوە، لەگەڵ بێبەشکردن لە ئازادیی ڕادەربڕین، هەروەها تووشی جیاکارییەکی بەربڵاو دەبنەوە و منداڵەکانیشیان بێبەشن لەوەی بە زمانی دایك (زمانی جۆرجی) بخوێنن. چەندان گوندی جۆرجیا وێران کران لەلایەن ئەو جوداخوازانەی کە ڕووسیا پشتیوانییان دەکات، بە تایبەتی لە باشووری ئۆسیتیا و پاکتاوی ڕەگەزی سەدان هەزار کەسی ناچار بە هەڵاتن کردووە. سەرۆکی ئەو کاتەی فەرەنسا، نیکۆلای سارکۆزی، بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئاگربەستی ڕێك خستووە و بە تەنیا قەناعەتی بە پوتین هێناوە کە تانکەکانی نەنێرێت بۆ (تیبلیسی) پایتەختی جۆرجیا و پلانی پوتینی پووچەڵ کردەوە بۆ داگیرکردنی تەواوی جۆرجیا. کیسنجەر تەمەنی ١٠٠ ساڵە، ئایا بە ڕاستی باوەڕی وایە کە پێویستە ڕێ بدرێت پوتین هەموو ئەو خاکانەی لە ژێر دەستیدا بمێنێتەوە کە دەستی بەسەردا گرتوون؟ دەبوو ناتۆ و ڕۆژئاوا بە توندی ڕووبەڕووی ڕەفتاری دەستدرێژکاریی پوتین ببوونایەتەوە لە ساڵی ٢٠٠٨. شکستهێنانیان لە ئەنجامدانی ئەم کارەدا سەری کێشاوە بۆ هەڵگیرسانی شەڕ لە ئۆکرانیا.

**چین بە بەردەوامی توانای بەرهەمە سەربازییەکانی زیاد کردووە و لە ئێستادا چوارەم گەورەترین وڵاتی هەناردەکاری چەکە**

**ئەگەرچی چین هێشتا بە شێوەیەکی ئاشکرا چەکی کوشندەی نەداوە بە ڕووسیا، بەڵام ڕەنگە بە نهێنی بەرهەمی تەکنەلۆژیای بەرزی پێ بفرۆشێت**



ستار نەورۆز بۆ گوڵان:

# کوردانی فەیلی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە ڕێپێوانێکی گەورە پاڵپشتیی خۆیان بۆ مستەفا بارزانی دەربڕی

# پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی مەسعود بارزانی و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی «ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی» بکات و جێبەجێی بکات

## مەزەندە دەکرێت ئەو دەمە لە سنووری ٧٥٠ هەزار بۆ یەک ملیۆن کەس لە کوردانی فەیلی بە زۆرەملێ بەرەو ئێران ڕاپێچ کرابن

**باسکردنی پرسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی، تەنیا هەڵدانەوەی لاپەڕە ڕەشەکانی قێزەونترین جینۆساید نییە دژ بە گەلی کورد، کە ڕژێمی بەعس بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیا و کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی عێراق بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە جێبەجێی کردووە، بەڵکو کارکردنە بۆ ناساندن و قەرەبووکردنەوەی ئەو خێزانە کوردانەی کە بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران و گەنجەکانیان بێسەروشوێن کران و ماڵ و سامانیان تاڵان کرا. جینۆسایدی کوردانی فەیلی تراژیدیای میللەتێکی مەزلوومە لە بەردەم بێدەنگیی ویژدانی مرۆڤایەتیدا ئەنجام دراوە. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ستار نەورۆز کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردی فەیلی ساز دا. لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

* بەو پێیەی بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراقی فیدراڵ کارت کردووە، بەتایبەتی لەسەر کەیسی جینۆسایدی کوردانی فەیلی، دەکرێت باسی شێوازی ئەو جینۆسایدەمان بۆ بکەیت کە کوردی فەیلی لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا تووشی بوون؟

- جینۆسایدی کوردانی فەیلی بە یەکێك لە دۆسیێ هەرە هەستیار و گرنگەگان دادەنرێت، بەو پێیەی کوردانی فەیلی تووشی جینۆسایدی جەستەیی و نەتەوەیی و کەلتووری و مەزهەبی بوونەتەوە، ئازاردان و چەوسانەوەی کوردانی فەیلی مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە چەند قۆناغێك ئەنجام دراوە، تا لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا وەکو شاڵاوێکی گەورە و بە بەرنامەداڕێژراوی ڕژێم بە سەدان خێزانی کوردی فەیلی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران کران، هەرچەندە ئەو سەردەمە ئامارێکی ورد نەبوو لەسەر ژمارەی ئەو کورانەی فەیلی کە بە زۆرەملێ بۆ ئێران دەرکران، بەڵام مەزەندە دەکرێت ئەو دەمە لە سنووری ٧٥٠ هەزار بۆ یەك ملیۆن کەس لە کوردانی فەیلی بە زۆرەملێ بەرەو ئێران ڕاپێچ کرابن، ئەم ژمارەیەش بۆ ئەو سەردەمە زۆر بوو، بەتایبەتی کە بەشێکیان لە تەمەنی (١٥-٥٠) ساڵاندا ڕاپێچی زیندانەکان دەکران و دواتر بێسەروشوێن

**ساڵی ٢٠٠٩ کە لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران لە بەغدا کارم دەکرد، ٥٧٠ کوردی فەیلیم لە کەمپەکانی ئێران گەڕاندەوە بۆ عێراق**

**کاتێک دادگای تاوانەکانی ڕژێمی بەعس و پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ و سەرکردەکانی شیعە و تەنانەت خودی حکومەت جەخت لەسەر ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی دەکەنەوە، ئەی بۆچی قەرەبوویان ناکەنەوە**

**کوردانی فەیلی پێش ئەوەی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران بکرێن، لە بەغدا و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی بەغدا و لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی عێراق لە ناوچەیەکی بە پیت و دەوڵەمەند دەژیان و بژێوییەکی زۆر باشیان هەبوو**

**کوردانی فەیلی بە هۆی کوردبوونیانەوە پەراوێز خراون، ئەوان لە شۆڕشی ئەیلوول پشتیوانی مەلا مستەفا بارزانی بوون، بەشی هەرە زۆریان لە دەوری ئەم سەرکردە مێژووییە کۆببوونەوە**

**ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقیش ئەو ڕاستییەیان بۆ هەزم نەدەکرا کە ڕێژەی کورد لە شاری بەغدا و لە دیوی ڕۆژهەڵاتی بەغدا و کۆی گشتیی ڕۆژهەڵاتی شارەکانی دیکەی عێراق ئەوەندە بەرز بێت**

دەکران. سەرۆك مسعود بارزانی لە کۆنفرانسی ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی ئاماژەی بەوە کرد کە ڕژێمی بەعس لەسەر ژمارەیەکی زۆری کوردی فەیلی و بارزانییەکان تاقیکردنەوەی کیمیایی لەسەر کردوون، زۆربەی هەڵمەتەکانی دەرکردن و ناردنیان بۆ ناوچە سەرسنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێران لە درەنگانی شەودا جێبەجێ دەکرا، ئەمەش وای کردبوو خەڵکانێك لە دژواریی ڕێگاوبانەکان (بەتایبەتی کەسە بەتەمەنەکان) تا دەگەیشتنە ناوچە ئاوەدانییەکانی ئێران، گیان لە دەست بدەن، یان ژمارەیەك لە خێزانە کوردە فەیلییەکان دەکەوتنە ناو کێڵگەکانی مینەوە و شەهید دەبوون، دایك هەبووە کۆرپەکەی بە هۆی سەختیی ڕێگاوبانەکانەوە ژیانی لەدەست داوە و لەو ڕێگایە دەیشاردەوە، گەنجەکانیش لە زیندانی نۆگرە سەلمان شەهید دەکران و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، چارەنووسی ڕوفاتەکانیشیان دیار نییە.

*** ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی لە کەمپەکان و زۆر لە شارەکان تێکەڵ بە کۆمەڵگەی ئێران بوون، ئایا چ ڕێگریی لەوە کردووە خێزانە کوردەکانی فەیلی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس نەگەڕێنەوە سەر زێدی باوك و باپیرانیان؟**

- لە سەرژمێرییەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە ٢٠٠٢ ئەنجام درا، ژمارەی کوردانی فەیلی لە ئێران بە ٢٠٣٠٠٠ کەس مەزەندە کرابوو، من لە ساڵی ٢٠٠٩ کە لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران لە بەغدا کارم دەکرد، ٥٧٠ کوردی فەیلیم لە کەمپەکانی ئێران گەڕاندەوە بۆ عێراق، تا ئێستاش ٣١٠ کوردی فەیلی لە هەردوو کەمپی ئەزنا لە لورستان لە ڕۆژئاوای ئێران و کەمپی جەهرۆم لە بارودۆخێکی خراپدا نیشتەجێن و خاوەنی بەڵگەنامە و ڕەگەزنامەی عێراقی نین، بێگومان ژمارەیەکی دیکەی خێزانەکان لە تاران و شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێران بڵاو بوونەتەوە، ئەو کوردانەی فەیلی کە لە ئێران نیشتەجێ بوون، ڕەگەزنامەی ئێرانیان پێ نەدراوە و هەروەکو کۆچبەر مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەمە لەکاتێکدا لە سەردەمی شەڕی عێراق – ئێراندا زۆر لە گەنجەکانی کوردانی فەیلی ڕوویان لە هەندەران بەتایبەتی کیشوەری ئەورووپا کرد و تا ئێستا لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیای یەکێتیی ئەورووپا نیشتەجێن. کوردانی فەیلی پێش ئەوەی بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێران بکرێن، لە بەغدا و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی بەغدا و لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی عێراق لە ناوچەیەکی بە پیت و دەوڵەمەند دەژیان و بژێوییەکی زۆر باشیان هەبوو، زۆربەی هەرە زۆریان بازرگان و پیشەوەر و کەسانی کاسب و دەوڵەمەند و فەرمانبەرانی بەرزی دەوڵەت بوون، بە خەڵکی ڕۆشنبیر و خاوەن بڕوانامە و شارەزا و نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی ناسراو بوون. ڕژێمی سەدام ماڵ و حاڵی تاڵان کردن و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئەو ئۆردووگا خراپانەی کردن و لە ژیانێکی پڕ مەینەتی و ئاستێکی نزمی خزمەتگوزاریدا ژیانیان بەسەر برد، ئەو دەمە بارودۆخی شۆڕشی کوردیش دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ئێران قورس بوو، سەرکردایەتیی کورد نەیدەتوانی وەکو پێویست کۆیان بکاتەوە و هاوکاری و پاڵپشتییان بکات.

*** لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بەو پێیەی کوردانی فەیلی لەسەر کوردبوون دەرکران و دژی ڕژێمی بەعس بوون، بۆچی تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوانەشی گەڕاونەتەوە لە ڕووی قەرەبووکردنەوەی ماڵ و حاڵ و قوربانیدانیان لە عێراق چییان بۆ کراوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە. کاتێك دادگای تاوانەکانی ڕژێمی بەعس و پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ و سەرکردەکانی شیعە و تەنانەت خودی حکومەت جەخت لەسەر ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی دەکەنەوە، ئەی بۆچی قەرەبوویان ناکەنەوە و کارئاسانی هاتنەوە و پێدانی ڕەگەزنامە و بەڵگەنامە یاساییەکانی دیکەیان بۆ ناکەن؟ بۆچی مەینەتییەکانی کوردانی فەیلی تا ئێستا لە عێراقدا بەردەوامە؟ وەڵامەکە ڕوون و ئاشکرایە، ئەویش ئەوەیە کوردانی فەیلی بە هۆی کوردبوونیانەوە پەراوێز خراون، ئەوان لە شۆڕشی ئەیلوول پشتیوانی مەلا مستەفا بارزانی بوون، بەشی هەرە زۆریان لە دەوری ئەم سەرکردە مێژووییە کۆببوونەوە و بەشەکەی دیکەیان لەناو حزبی

شیوعی بوون، بە واتایەکی دیکە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقیش ئەو ڕاستییەیان بۆ هەزم نەدەکرا کە ڕێژەی کورد لە شاری بەغدا و لە دیوی ڕۆژهەڵاتی بەغدا و کۆی گشتیی ڕۆژهەڵاتی شارەکانی دیکەی عێراق ئەوەندە بەرز بێت، مەترسیی ئەوەیان هەبوو جارێکی دیکە ژمارەی کوردانی فەیلی زیاد ببێتەوە، لەلایەکی دیکەوە بەعسییەکان و شۆڤێنییەکان جەنگێکی ئابوورییان دژی کورد دەست پێ کردبوو، بەوەی ڕێگا نەدەن ڕێژەی کورد لە شاری بەغدا ئەوەندە بەرز ببێتەوە و زۆربەی سێکتەرە ئابوورییەکانیان لە ژێر دەستدا بێت.

*** باسی ئەوەت کرد کە هۆکاری سەرەکیی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بۆ پاکتاوکردنی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە نەك هۆکاری مەزهەبی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا پەیوەندیی کوردانی فەیلی بە سەرکردەی کورد مەلا مستەفا بارزانی چۆن بوو؟**

- کوردانی فەیلی گرنگییەکی زۆریان بە لایەنی نەتەوەیی داوە، لەو سەرکردە گەورانەی کورد نزیك دەبوونەوە کە بە خەمخۆری نەتەوەی کورد دادەنران و ڕۆحی شۆڕشگێڕی و نەتەوەییان تێدا بەرز بوو، مەلا مستەفا بارزانی ئەو سەرکردەیە بوو کە کوردانی فەیلی لە دەوری کۆبوونەوە و پاڵپشتیی شۆڕشەکەیان کرد. لە بیرم دێت ڕێکخستنەکانی پارتی لە بەغدا بە پاڵپشتیی مەلا مستەفا بارزانی زۆر بەهێز بوو، من ئەو دەمە منداڵ بووم، براکەم جەبار نەورۆز لەبەر کوردبوونی لە کۆلێژی پزیشکیی بەغدا دەرکرا، لە ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کە لە نێوان مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕش و حکومەتی ناوەندی واژوو کرا، ڕێپێوانێکی گەورە بۆ پاڵپشتیی ڕێککەوتنامەکە بەڕێوەچوو کە تێیدا کوردی فەیلی پاڵپشتیی خۆیان بۆ بارزانی و ڕێککەوتننامەکە دەربڕی، ئەوە بوو ڕژێمی بەعس لەم پاڵپشتی و ڕێژە بەرزەی کوردی فەیلی مەترسییان لا دروست بوو، ئەو سەردەمە بەعسییەکان باشیان دەزانی کە کوردانی فەیلی بە بازرگان و کاسبکار و پیشەوەر و فەرمانبەرانەوە پاڵپشتی و کۆمەکی دارایی مەلا مستەفا بارزانی دەکەن، ئەوان ترسیان لە مەلا مستەفا بارزانی زۆر بوو، دەیانزانی وەکو ڕەمزێکی گەورەی کورد توانیویەتی هەموو حزب و ئایدیۆلۆژیا و لایەنە سیاسییەکان و کۆمەڵگەکان و تیرە و هۆزەکان لە یەکتر نزیك بکاتەوە و کۆیان بکاتەوە. لە گرنگترین ئەو کەسایەتییانەی لەو سەردەمەدا لەناو ڕیزەکانی شۆڕش دەرکەوتبوون، بریتی بوون لە (عادل موراد، یەدوڵڵا کەریم، زەکیە ئیسماعیل حەقی، حەبیب محەمەد کەریم، لەیلا قاسم و سەدان شۆڕشگێڕی دیکە.

*** تا چەند بۆ ئێوەی کوردانی فەیلی جێگای گرنگ و بایەخ بوو کاتێك سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی کوردانی فەیلی داوای دامەزراندنی سەنتەرێکی تایبەتی بە کوردانی فەیلی کرد؟ ئایا ئێوەی کوردانی فەیلی چۆن دەڕواننە ئەم گرنگیدانەی سەرۆك بارزانی بۆ کوردانی فەیلی؟**

- من خۆم یەکێك بووم لە میوانەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی. وا بۆ ٤٠ ساڵ دەچێت ئەم تاوانەی جینۆساید ڕووی داوە، تا ئێستاش ئازار و مەینەتییەکانی کوردانی فەیلی بەردەوامە و لە عێراقدا پەراوێز خراون و لە ناوەند و سەنتەرەکانی ناوخۆ و حکومەتیش پشتگوێ خراون و قەرەبوو نەکراونەتەوە، تەنانەت ڕوفاتی زۆر لە قوربانیەکانیشیان نەدۆزراونەتەوە. شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمەی کوردانی فەیلی کە سەرۆك بارزانی خەمخۆری کەیسەکەمانە و دڵنیاشم کاری جددی دەکات بۆ زیندووکردنەوەی ئەم کەیسە، بەو ئومێدەم سەرۆك بارزانی لە کەیسی کوردانی فەیلی بە هاوشێوەی گرنگیدان بە کەیسی کوردانی ئێزدی و هەموو پێکهاتە و قوربانییەکانی دیکە بەردەوام بن و ئەم دامەزراوەیە دەکرێت فراوانتر بکرێت و بکرێتە ناوەندێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ کۆکردنەوەی کوردانی فەیلی و هێنانەوەی کوردە فەیلییەکان لە کەمپەکان و نیشتەجێکردنیان لە شاری هەولێر و تەنانەت سوودوەرگرتن لە توانا و شارەزاییان لە ناو حکومەتی فیدراڵیی بەغدا، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە لە ئەستۆ بگرێت و کار بۆ جێبەجێکردنی بکات.

**کوردانی فەیلی گرنگییەکی زۆریان بە لایەنی نەتەوەیی داوە، لەو سەرکردە گەورانەی کورد نزیک دەبوونەوە کە بە خەمخۆری نەتەوەی کورد دادەنران و ڕۆحی شۆڕشگێڕی و نەتەوەییان تێدا بەرز بوو**

**بەعسییەکان باشیان دەزانی کە کوردانی فەیلی بە بازرگان و کاسبکار و پیشەوەر و فەرمانبەرانەوە پاڵپشتی و کۆمەکی دارایی مەلا مستەفا بارزانی دەکەن**

**بەو ئومێدەم سەرۆک بارزانی لە کەیسی کوردانی فەیلی بە هاوشێوەی گرنگیدان بە کەیسی کوردانی ئێزدی و هەموو پێکهاتە و قوربانییەکانی دیکە بەردەوام بن**

**پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە لە ئەستۆ بگرێت و کار بۆ جێبەجێکردنی بکات**





## پرۆفیسۆر ماوڕا گرۆسمان بۆ گوڵان:

# دەبێت زیرەکیی دەستکرد یاریدەدەر و تەواوکاری مرۆڤ بێت، نەک جێگەی مرۆڤ بگرێتەوە

پرۆفیسۆر ماوڕا گرۆسمان، ئوستادی توێژینەوەیە لە سکوڵی زانستی کۆمپیوتەر لە زانکۆی (واتەرلۆ) و پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە قوتابخانەی یاسای (ئۆسگود هۆڵ) لە کەنەدا، هەروەها پارێزەری ئاشکراکردنی بەڵگەی ئەلکترۆنییە «eDiscovery attorney» لە نیویۆرك و پێش ئەوەش ڕاوێژکاری کۆمپانیاکانی (واختیل، لیپتۆن، ڕۆزن، کاتز) بووە، نوێنەرایەتیی فۆرچن١٠٠ (سەد کۆمپانیا بەناوبەنگەکەی جیهان)ی کردووە.

خاتوو ماورا لە لایەن دادگای باڵای ئەمریکاوە دەستنیشان کراوە و لە زۆرێك لە دۆسیە باڵاکانی دادگای فیدراڵیدا ئاشکراکردنی بەڵگەی ئەلکترۆنی پێشکەش بە دادوەرەکانی دادگای فیدراڵی و دادگای ویلایەتەکان کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر پێشکەوتنی زۆر خێرای تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن و مەترسییەکانی زیرەکیی دەستکرد، گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی درێژی بە ڕێگەی «زوم» لەگەڵ ئەنجام دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

*** ئایا وڵاتان چۆن دەتوانن هێزی زیرەکیی دەستکرد بە شێوەیەکی کارا بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی تەندروستی، گواستنەوە، یان خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەکار بهێنن، بە شێوەیەك کە بنەما ئیتکییەکان و سەلامەتی لەبەرچاو بگرن؟**

- هەموو ئەمانە پشت دەبەستن بە هاوسەنگیی نێوان مەترسی و دەستکەوتەکان، هەر بۆ نموونە (پێویستە لە خۆت بپرسیت ئایا باشترە رۆبۆتێك —Chatbot- لەسەر هێڵی گەرمی خۆکوژ — Suicide hotline- وەڵامی ئەو خەڵکانە بداتەوە کە بەنیازن خۆیان بکوژن، یان تەلەفۆن بکات و لەبەر زۆریی پەیوەندییەکان هێڵەکان سەرقاڵ بن، لەبەر ئەوەی خەڵکی پێویست لەبەردەست نییە بۆ ئەو هەموو پەیوەندییانە بەکاریان بهێنێن؟ ئایا باشتر نییە پزیشکێك بە یارمەتیی زیرەکیی دەستکرد بتوانێت ژمارەیەکی زیاتر نەخۆش ببینێت و سەرنجە پزیشکییەکانی بۆ ئامادە بکات، یان ماوەی نەبێت و تەنیا چەند نەخۆشێکی کەم ببینێت و هەر خۆی سەرنجە پزیشکییەکانی تۆمار بکات؟ ئایا باشتر نییە ئۆتۆمبێلێکی بێ شۆفێر هەبێت، لە کاتێکدا خەڵکانێکی نابینا و کەمئەندام توانای ئەوەیان نییە شۆفێری بکەن و بچنە ئەو شوێنەی مەبەستیانە؟

بەداخەوە زۆر جار خەڵك جەخت لەسەر لایەنە مەترسیدارەکانی زیرەکیی دەستکرد دەکەنەوە، بەڵام سەیری لایەنە باش و بەسوودەکانی ناکەن، پێموایە دەبێت ئەو چوارچێوە لەبەرچاو بگیرێت کە هێزی زیرەکیی دەستکردی تێدا بەکار دەهێنین، ڕاستە هەندێك چوارچێوە هەیە، لەوانەیە هێزی زیرەکیی دەستکرد ڕووبەڕووی مەترسیمان بکاتەوە، بەڵام هەندێك چوارچێوەی دیکە تووشی مەترسیمان ناکات.

باشترین ئاراستەی دروست ئەوەیە زیرەکیی دەستکرد وەك یارمەتیدەر بەکاربهێنرێت، یان وەك تەواوکاری پزیشکێك نەك وەك جێگرەوەی پزیشك بە تەواوەتی، هێزی زیرەکیی دەستکرد ئەوەی سەلماندووە کە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان زۆر زۆر باشە، زیرەکیی دەستکرد ئەو توانایەی هەیە زۆر وردتر لە پزیشکێك تیشکی X بخوێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی زیاتری بینیوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە پزیشکی تیشکی ئێکس بە تەواوەتی لە وێنەکەدا بسڕینەوە، باشە ئێمە دەمانەوێت زیرەکیی دەستکرد چیمان بۆ بکات؟ ئەوەی دەمانەوێت بۆ مان بکات، ئەوەیە پشکنینێکی سەرەتایی، یان تەفسیرێکی سەرەتاییمان بۆ بکات، پاشان پزیشکێکی تایبەتمەند پشتڕاستی بکاتەوە، بۆیە ئێمە پێویستە لێکۆڵینەوە لە دروستیی ئاکامەکانی ئەم ئامێرانە بکەین و چاودێرییەکی وردی بکەین، بۆیە پێموایە ئەگەر زیرەکیی دەستکرد وەك تەواوکاری مرۆڤ بەکار بهێنرێت، مەترسییەکانی زۆرکەم دەبێت لە بری ئەوەی بە تەواوەتی زیرەکیی دەستکرد جێگەی بگرێتەوە.

*** ئەگەرەکانی مەترسیی پەیوەست بە زیرەکیی دەستکرد، وەك پێشێلکردنی پاراستنی «Privacy» و بردنی ئاسایشی داتاکان، کە مەترسیی گرنگن، ئایا حکومەتەکان بە چ ڕێگەیەك ڕێگری لەم نیگەرانییانە بکەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە؟**

- یەکێك لە گەورەترین مەترسییەکانی زیرەکیی دەستکرد، بەکارهێنانیەتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەت و چەندین جۆری بەرژەوەندیی جیاوازیش هەن، بە تایبەتیش لەکاتی ڕاهێنانی ئامێری زیرەکیی دەستکرد بەو داتایانەی کە خزمەتی بەرژەوەندییەکی تایبەتی بەکارهێنەرەکەی دەکات، هەر بۆ نموونە ئەگەر ئامێری زیرەکیی دەستکرد لەسەر ئەو داتایانە ڕاهێنان پێ بکەن کە هەموویان پیاوانی سپی پێست بن، ئەوا ئامێری زیرەکیی دەستکرد ناتوانێت پێشبینیی ورد بۆ ژنانی ڕەش پێست بکات، هەر بۆیە ڕاهێنان هەیە بە داتاکان و داتاکان زیاتر گەشەیان پێ دەرێت لەلایەن ئەندازیاری داتاوە (developer›s biases)، هەر بۆیە جۆرێك لە لایەنگیری بۆ بەرژەوەندییەکان بە ڕێگەی ڕاهێنان بە داتاکان دەکرێت، هەر بۆ نموونە ئێمە لە ئەمریکا و کەنەدا گۆڕاوەی پاشکۆ- proxy variable» وەك ڕەگەز وەك گۆڕاوێك ناخەینە ناو ئەلگۆریزمەوە، بەڵکو ناونیشانی ماڵەکەت، یان زیپ کۆد - Zip code - دەخەینە ناو ئەلگۆریزمەکەوە، بەڵام ئەم ئەدرێس و زیپ کۆدە پەیوەندییەکی زۆریان بە (ڕەگەز و باری ئابووریی و کۆمەڵایەتی) یەوە هەیە، هەر بۆیە زیرەکیی دەستکرد

**بەداخەوە زۆر جار خەڵک جەخت لەسەر لایەنە مەترسیدارەکانی زیرەکیی دەستکرد دەکەنەوە، بەڵام سەیری لایەنە باش و بەسوودەکانی ناکەن**

**زیرەکیی دەستکرد ئەو توانایەی هەیە زۆر وردتر لە پزیشکێک تیشکی X بخوێنێتەوە**

**بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد بۆ تاوانکاری ڕووی لە زیادبوون و هەڵکشانە، ئێمە ڕۆژانە بە کردەیی درۆی زۆر شاخدار و دروستکراوی ساختەمان گوێ لێ دەبێت**

بابەتە ڕەگەزییەکان هەڵدەگرێت بەبێ ئەوەی بە ڕێگەی داتاکان پێمان گوتبێت. بۆیە ئەو کەسەی تەفسیری ئاکامی تەفسیرەکەی زیرەکیی دەستکرد دەکات، هەموو ئەوەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەستی کەوتووە، بۆیە ئەم لایەنە گەورەترین مەترسییە.

بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد بۆ تاوانکاری ڕووی لە زیادبوون و هەڵکشانە، ئێمە ڕۆژانە بە کردەیی درۆی زۆر شاخدار و دروستکراوی ساختەمان گوێ لێ دەبێت، چیرۆکێکم بیستووە حەزدەکەم بۆتان بگێڕمەوە، پیرەمێردێك تەلەفۆنی بۆ دەکرێت گوایە ئەوە نەوەکەیەتی تەلەفۆنی بۆ دەکات و بە باپیری دەڵێت، بە هۆی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لە کاتی سەرخۆشیدا گیراوە و ئێستا لە زیندانە و داوای لێ دەکات بڕی ١٢ هەزار دۆلاری بۆ ڕەوانە بکات، بۆ ئەوەی ئازاد بکرێت، لە کاتێکدا ئەمە درۆیەکی دروستکراوی زیرەکیی دەستکردە، هاتوون لەسەر دەنگی نەوەی ئەو پیرەمێردە تۆماریان کردووە، پاشان هاتوون لەسەر ڕیتم و ئەو دەنگە و بە ڕێگەی ئامێرێکی زیرەکیی دەستکرد ئەو تەلەفۆنەیان کردووە کە نەوەکەی خۆیشی نەبووە. باپیریشی بەمە نازانێت و بڕی ١٢ هەزار دۆلاری بۆ دەنێرێت و سەرەنجامیش درۆ بووە و نەوەکەی تەلەفۆنی بۆ نەکردووە، بۆیە زۆر لەم ساختەکارییانە لەسەر ئاستی (بچووك، تاکەکەس، کاربەدەستانی دەوڵەت) ڕۆژانە دەیانبینین و دەیان بیستین.

باسی پێشلکاریی تایبەتمەندییە نهێنییەکان و ئاشکراکردنی نهێنییەکانت کرد، لەگەڵ زیرەکیی دەستکرد دەستکاریکردنی داتاکان و گۆڕینیان (anonymization) تەحەددییەکی زۆر گەورەیە، زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت ئەندازەی داتاکان پێچەوانە بکرێتەوە، توێژینەوەیەك لە زانکۆی «MIT» لەسەر چوار پارچە زانیاریی ناوازە ئەنجام دراوە، بەم چوار زانیارییە ناوازەیە توێژەرەکان توانیویانە مامەڵەی کارتی بانکی ئەنجام بدەن، بۆ نموونە بزانن چییان کڕیوە، کەی و لە کوێ کڕیویانە و زانیاریی لەم جۆرە، مەبەستم ئەوەیە ئەمە زۆر ترسناکە، زۆر ئاسانە نهێنییەکان ئاشکرا بکرێن، ئەمە لە کاتێکدا خەڵك پێی وایە پارێزراون.

کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە خەڵك زیاد لە حەدی خۆی پشت بەو داتایانە دەبەستێت کە لە ئەلگۆریزمەکانەوە دەردەچن، ئێمە بەمە دەڵێین (لایەنگری ئامێری - automation bias) هەروەها دیاردەیەکی دیکە هەیە پێی دەگوترێت (مردن بە ڕێگەی جی پی ئێس- death by GPS) ئەمەش کاتێك خەڵك بە پشتبەستن بە GPS شۆفێری دەکات، شۆفێرییەکی کوێرانە دەکات، دەبێت بەردێك بێتە ڕێی، یان بەرەو دەریا و ئوقیانووسێکی دەبات، بەڵام ئەو هەر پشت بە داتا و ئاکامی GPS دەبەستێت و خۆی تووشی کارەسات و مردن دەکات، بۆیە ئەگەر خەڵك زیاد لە حەدی خۆی پشت بە ئاکامی ئامێرەکانی زیرەکیی دەستکرد ببەستن، کارێکی خراپ دەکەن. ئێمە چەندین کاتژمێر بە فیرۆدەین و باسی لاوازیی یاسا لەم بوارەدا دەکەین، هەروەها داواتۆمارکردنیش لەم کۆنتێکسەدا بە باشی کاری خۆی ناکات، هەر بۆیە کارێکی هێجگار مەترسیدارە، هەر بۆ نموونە ئەگەر تۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد کارێکی ئازاربەخشت بەرانبەر من کرد، من کە لە کەنەدا دەژیم، هیچم پێ ناکرێت، تا بەرانبەرت بیکەم.

*** باست لە لایەنگریی زیرەکیی دەستکرد بۆ بەرژەوەندیی کەسێك، یان گروپێك کرد، ئەگەر بە نموونە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا هەبێت، واتە لایەنگریی لایەك بکات و زۆر بێ ویژدانانە زانیاریی ساختە بڵاو بکاتەوە؟**

- ئاشکرایە، وەك ئێوە دەیزانن پێشتریش کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنەکان هەبووە، لەسەر ئەمەش بەڵگەیەکی زۆر لەبەردەستن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك دەبینین پشتڕاستکردنەوەیەکی گەورە لەسەر باوەڕێك و بیروبۆچوونێك هەبێت، دەگەنە ئەو قەناعەتەی ئەوە ڕاستییە و بۆچوونی زۆرینەیە، هەروەها لەوانەیە کەسانێك هەبن ڕۆبۆتگەلێك «farm of bots» بخەنە گەڕ و بە هەزاران نامە بخەنە ناو ڕای گشتییەوە، ئەو کەسەشی ئەم لێشاوە نامانە دەبینێت، دەگاتە قەناعەت کە ئەوە بۆچوونی زۆرینەیە.

**ڕۆبەت دی سانتۆس ڤیدیۆیەکی دۆناڵد ترەمپی بڵاو کردووە کە ترەمپ باوەش بە دکتۆر فاوچی دەکات و ماچی دەکات، بەڵام شتی لەم جۆرە هەرگیز ڕووی نەداوە**

**دەتوانرێت یاسا دابنرێت بۆ ئەوەی هێمایەکی تارمایی، یان شتێك لە ئاوتپوتی زیرەکیی دەستکرد دابنرێت، بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵکە شەرانگێزانە نەکات**

**ئێمە ئێستا زۆر پێویستمان بە خەڵکانێك هەیە کە بتوانن ڕاهێنان بە سیستمەکانی زیرەکیی دەستکرد بکەن، کە ئەمە زۆر کەم قسەی لەسەر دەکرێت**



**پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا زۆر خێرایە، ئێمە ئەگەر بە درێژایی ژیانمان لە مەشق و ڕاهێناندا بین هەر دوادەکەوین**

لە ئێستادا زانیاریی ساختە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە، لانی کەم لە ڕۆژئاوا و بۆ ئێمە لە کەنەدا و ئەمریکا، زۆربەی ئەو پرسانەی لە سیستمی دادوەریدا دەگوزەرێن بەندە لەسەر توانای دادوەر و دەستەی سوێندخۆران بۆ ئەوەی سەیری بەڵگەکان بکەن، بۆ ئەوەی بزانن کێ ڕاستی دەڵێت، تا بتوانن بڕیار بدەن، بەڵام ئێمە ئێستا دەچینە جیهانێکەوە کە زۆر زۆر قورسە بزانین کێ ڕاستی دەڵێت، هەر بۆ نموونە ئێستا تۆ دەتوانی چەند چرکەیەك لە دەنگە تۆمارکراوەکەی من وەربگرێت، هەر ئێستا دەتوانی بچیتە سەر ئەنتەرنێت و لەوێ ئامێری خۆڕایی هەیە و، تۆ تەنیا پێویستت بەو چەند چرکەیەی دەنگی من هەیە و دەتوانیت ڤیدیۆیەك دروست بکەیت و هەرچی مەبەستتە بە دەنگی من تۆماری بکەیت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە من چۆن بیسەلمێنم ئەو ڤیدیۆیە من نیم؟ یان بە پێچەوانەوە، لەوانەیە من لە بارودۆخێکدا بە ڕاستی ئەو قسانەم کردبێت، بەڵام ئێستا بەرگری لە خۆم دەکەم و دەڵێم ئەمە ساختەیەکی دروستکراوە. بۆیە ئێمە ئێستا هەم کێشەی خەڵك دەبینین کە نکۆڵی لە قسەیەك دەکات، کە بەڕاستی کردوویەتی، هەروەها ساختەیەکی دیکە دەبینین کە هەرگیز نەگوتراوە. پێشتر پارێزەرانی ئیلۆن ماسك لە دادگا جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە ئەو قسەی ئیل ماسك ساختەکارییەکی قووڵە و ئەو قسەی وای نەکردووە و دروست کراوە، بەڵام بە ئاشکرا بەو شێوەیە نەبوو، بۆیە لە هەڵبژاردنی ئەمجارە شتی لەم جۆرە زۆر دەبینین، هەروەك بەم دواییە ڕۆبەت دی سانتۆس ڤیدیۆیەکی دۆناڵد ترەمپی بڵاو کردەوە کە ترەمپ باوەش بە دکتۆر فاوچی دەکات و ماچی دەکات، بەڵام شتی لەم جۆرە هەرگیز ڕووی نەداوە، هەر



بۆیە ڕووداوی لەم جۆرە لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر زیاتر بۆ پڕوپاگەندە و کارتێکردن لە نێو دەنگدەراندا دەبینین. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەتوانرێت ڕێگری لەمە بکرێت؟ لەسەر ئەم پرسە قسە و باسی زۆر کراوە کە هێمایەکی نەبینراو، یان شتێك لە ئاوتپوتی زیرەکیی دەستکرد جێگیر بکرێت، ئەمە یەکێکە لەو ئەگەرانەی کە ئەمە بۆ زیرەکیی دەستکرد دروست بکرێت، بەڵام کەسانێك نیازی خراپیان هەبێت، ڕێگەیەك هەر دەدۆزنەوە کە شکست بەم هەوڵەش بێنن. بەشێك لەم کێشەیە پەیوەستە بەوەی زیرەکیی دەستکرد توانای بەرهەمهێنانی داتای تازەی هەیە «Generative AI»، پێموایە ئەمە بۆ هەموو زیرەکە دەستکردەکان ڕاست بێت، هەروەها هێرشی شەڕانگێزی و توانای تێپەڕاندنی پارێزەری سەلامەتی بە هەمان ڕێژەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە زیادبووندان، ئەمەش وەك ئەوەیە لە ململانێی خۆپڕچەکردن بن لە بەرانبەر یەکدا.

ئەمەمان بینی لەگەڵ دەرکەوتنی چات جی پی تی، خەڵك ڕێگەیەکیان دۆزییەوە بۆ ئەوەی پێی دەڵێن «jailbreaking» واتە دەرهێنانی داتا، یان بەکارهێنانی چاتەکە بۆ ئامرازێکی پێچەوانە، هەر بۆ نموونە چات جی پی تی وا ڕاهێنراوە کە پێت نەڵێت چۆن بۆمب دروست دەکرێت، یان چۆن کارێکی نایاسایی ئەنجام دەدرێت، بەڵام هەندێك کەس دەچوون پرسیاریان لە ڕۆبۆتی وەڵامدەرەوە «Chatbot» سەرەتا ئەو پرسیارەیان لێ دەکرد کە لەسەری ڕاهێنرابوو، پاشان بەدوای ئەو وەڵامانە بکەوە کە برا شەڕانگیزەکەت دەیلێت، لە پڕ ڕۆپۆتی وەڵامدەرەوە وەڵامە خراپەکەی دەدایەوە کە پێویست بوو نەیداتەوە، بۆیە ئێستا خەڵك گەشە بەوە دەدات کە پێی دەڵێن هێرشی دوژمنکارانە

**ئەوەی پێش ساڵێک لە زانکۆ فێری بووین، لەوانەیە ساڵێک یان دووانی دیکە بەهای نەمێنێت، بۆیە ناچارین جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن و دەست پێ بکەینەوە بۆ ئەوەی لانی کەم هاوشانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هەنگاو هەڵبگرین**

بە هەمان خێرایی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، هەر بۆیە بەڵێ دەتوانرێت یاسا دابنرێت بۆ ئەوەی هێمایەکی تارمایی، یان شتێك لە ئاوتپوتی زیرەکیی دەستکرد دابنرێت، بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەو خەڵکە شەرانگێزانە نەکات، بەڵام بە هەمان خێرایی تەکنەلۆژیا هێرشە دژبەرییەکانیش گەشە دەکەن.

*** بە چ ڕێگەیەك زیرەکیی دەستکرد دەتوانێت هەلی کاری نوێ بخولقێنێت؟ ئایا حکومەت و ڕێکخراوەکان چۆن دەتوانن خۆیان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە بگونجێنن و گواستنەوەیەکی نەرم بۆ ئەو کارکەرانە دروست بکەن کە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە کارەکانیان لە دەست دەدەن؟**

- هیچ گومان لەوەدا نییە کە هەندێك هەلی کار نامێنن، بەڵام هەندێك هەلی کاری تازەش دروست دەبن، ئێمە ئێستا هەلێکی کاری تازە دەبینین کە پێی دەڵێن (ئەندازیاری هاندەر، یان خێرا - prompt engineer)، ئەم بوارە هەلی کارە و بۆ ئەو ڕەخساوە کە دەتوانن لەگەڵ زیرەکیی دەستکرد بەرهەمهێنی داتای تازە کار لێك بکەن، ئێمە ئێستا زۆر پێویستمان بە خەڵکانێك هەیە کە بتوانن ڕاهێنان بە سیستەمەکانی زیرەکیی دەستکرد بکەن، کە ئەمە زۆر کەم قسەی لەسەر دەکرێت، بۆ ئەم بوارە کادرگەلێك لە پشتەوە کار لەسەر ئەمە دەکەن و نابیندرێن و کەمیش قسەی لەسەر دەکرێت، بۆ نموونە تۆ سەیری هەزاران وێنە دەکەیت، نازانی کامیان خراپە، یان خراپ نییە، ئایا پرۆنۆگرافی منداڵانە کارێکی سێکسییە، یان توندوتیژییە؟ ئایا خۆی لەسەر ئەمانە بڕیار دەدات، یان لە ڕۆبۆتی وەڵامدەرەوە دەپرسێت، ئایا پەسەندە، یان ناماقوڵە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەهێزکردنی وەڵامی ڕۆبۆتی وەڵامدەرەوە «reinforcement learning» بۆ وەڵامی باشتر، یان خراپتر. بۆیە دەبێت هەوڵەکان لەم بوارەدا بەردەوام بن بۆ ئەوەی وەڵامی ڕۆبۆتی وەڵامدەرەوە بەهێز بن و ئاراستەی ئاشتیی کۆمەڵایەتی لەبەر چاو بگرێت و نەبێتە هاندەر بۆ توندوتیژی و تێکدانی کۆمەڵگە. ئەمە ناچارمان دەکات بەردەوام مەشق و ڕاهێنان بە خەڵکی خۆمان بکەین، ئەمەش نەك هەر بۆ ئەو ئاستەنگانەی ئێستا هەمانە، بەڵکو بۆ ئەو ئاستەنگانەشی لە داهاتوودا دێنە ڕێمان، لەم بارەوە یاریزانی بەناوبانگی هۆکی کەنەدی هەیە وتەیەکی هەیە کە دەڵێت «من بەرەو ئەو شوێنە خۆم دەخلیسکێنم کە تۆپەکە بۆی دەچێت، نەك بۆ ئەو شوێنەی ئێستا تۆپەکەی لێیە»، بۆیە ئێمەش دەبێت بیر لەوە بکەینەوە تەکنەلۆژیا بەرەو کوێ دەچێت و لە ئایندەدا دەگاتە کوێ.

سەبارەت بە شێوازی پەروەردە و خوێندن، لانی کەم ئەوەی لە ڕۆژئاوا دەیبینم، (نازانم ئەم پرسە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەو شێوەیە یان نا)، لێرە چوار ساڵ لە کۆلێژ دەخوێنن، لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا مەشق و ڕاهێنانیان پێ دەکەن، بەڵام دوای ئەوەی بڕوانامەکەی وەرگرت، ئیدی مەشق و ڕاهێنانیش کۆتاییان پێ دێت، من لەو بڕوایەدا نیم ئەمە ئایندەیەکی گەشمان بۆ دابین بکات، لەبەر ئەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا زۆر خێرایە، ئێمە ئەگەر بە درێژایی ژیانمان لە مەشق و ڕاهێناندا بین هەر دوادەکەوین، ئەم جۆرە بەردەوامیدانە بە مەشق و ڕاهێنان پێی دەگوترێت (ئامادەکردنی پیشەیی تایبەتمەند - micro-credentialing)، چونکە ئەوەی پێش ساڵێك لە زانکۆ فێری بووین، لەوانەیە ساڵێك یان دووانی دیکە بەهای نەمێنێت، بۆیە ناچارین جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن و دەست پێ بکەینەوە بۆ ئەوەی لانی کەم هاوشانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هەنگاو هەڵبگرین، دەبێت خەڵکی خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە تازانە بگونجێنن، بۆیە نابێت فۆکسی ئێمە تەنیا داتا و ئامارەکان بێت، وەك ئەوەی زیرەکیی دەستکرد ئەنجامی دەدات، هەتا ئێستاش مرۆڤ پێویستی بە مەشق و ڕاهێنانە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کارانە ئەنجام بدات.

*** ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە بیر لە بنەمایەك، یان کۆدێکی ئەخلاقی بکرێتەوە بۆ بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە بواری سەربازیدا، بە تایبەتیش سەبارەت بە توانا و ئیمکانییەتی چەکی بێ سەرباز، هەروەها وەرگرتنی بڕیاری وێرانکەر بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد؟**

**نابێت فۆکسی ئێمە تەنیا داتا و ئامارەکان بێت، وەک ئەوەی زیرەکیی دەستکرد ئەنجامی دەدات، هەتا ئێستاش مرۆڤ پێویستی بە مەشق و ڕاهێنانە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کارانە ئەنجام بدات**

**ئێمە بەرەو پێشبڕکێیەکی ترسناکی چەک دەچین، هەموو خوازیاری ئەوەن ببنە خاوەنی بەهێزترین چەکی پرۆگرامکراو بە زیرەکیی دەستکرد، بۆ ئەوەی نەکەونە دوای دەوڵەتێکی دیکە و هێزێکی کەمتریان هەبێت**

**پێویستە پەیماننامەی نێودەوڵەتیمان هەبێت، بۆ ئەوەی دڵنیایی نێودەوڵەتی دروست ببێت تا نەهێڵین کاولکاریی دروست بێت**

- بە شێوەیەکی گشتی وێنای ئەوەی بکەین چۆن ئێمە لە شتێکی وەك چات جی پی تی Chatgpt بکەوینە بەردەم مەترسییەك کە بە کردەیی مەترسی لەسەر بوونی مرۆڤایەتی دروست دەکات و، هەندێك کە بە کۆتایی مرۆڤایەتی ناوی دەبەن، بەڵام ئێستا ئامێری لەو جۆرە هەن کە بتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەمەش کاتێك ڕوو دادەت کە زیرەکیی دەستکرد و چەك پێکەوە تێکەڵاو بکرێن، بەتایبەتیش کاتێك چەکی بێ سەرباز «au-tonomous weapons»بخەنە گەڕ بۆ لەناوبردنی مرۆڤ. بەم دواییانە باس لە چیرۆکێك دەکرا کە دواتر دەرکەوت ڕاستیش نەبوو، بەڵام هەواڵێك بڵاو کراوەیە کەوا سوپای ئەمریکا هەڵساوە بە تاقیکردنەوەی هەندێك چەك کە زیرەکیی دەستکردی تێکەڵاو کراوە، ئەم چەکانە بەو جۆرە لەلایەن زیرەکیی دەستکردەوە ڕاهێنراون کە ئامانجیان زۆرترین سەربازی دوژمنە، بەڵام کاتێك ئەو کەسەی کۆنترۆڵی ئەو چەکەی لەبەر دەستە، ویستوویەتی چەکەکە ڕابگرێت، زیرەکیی دەستکرد ئاراستەی چەکەکەی گۆڕیوە بۆ کەسەکە خۆی و ئەو کەسەی کوشتووە، دواتریش خەڵکی دیکە هەوڵیان داوە چەکەکە ڕابگرن، یەکسەر بورجی کۆنترۆڵەکەی تەقاندووەتەوە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو چەکە بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد لە سەرەتاوە بەوجۆرە پڕۆگرام کراوە کە زۆرترین سەربازی دوژمن بکوژێت، بۆیە زیرەکیی دەستکرد حەزی لێ نییە تەنیا لەبەر ئەوەی مرۆڤێك فەرمانی پێ دەکات، ڕابوەستێت.

ئێمە بەرەو پێشبڕکێیەکی ترسناکی چەك دەچین، هەموو خوازیاری ئەوەن ببنە خاوەنی بەهێزترین چەکی پرۆگرامکراو بە زیرەکیی دەستکرد، بۆ ئەوەی نەکەونە دوای دەوڵەتێکی دیکە و هێزێکی کەمتریان هەبێت، وەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، چەکی نیوکلیاری و بایۆلۆژی و مینی چێنراو ئاسانتر کۆنترۆڵ دەکرێن، لەبەر ئەوەی مەترسییەکە لە هەموو شوێنێك نییە، بەڵام زۆر قورسە بتوانرێت کۆنترۆڵی ئەم تەکنەلۆژیایە بکرێت کە زۆر بە ئاسانی و بە ئازادی لای هەموانە لە هەموو جێگەیەك هەیە، هەروەها جێبەجێکردنی یاسا لەسەر ئاستی دەسەڵاتی داوەری بووەتە ئالنگارییەکی گەورە، بۆیە پێویستە پەیماننامەی نێودەوڵەتیمان هەبێت، بۆ ئەوەی دڵنیایی نێودەوڵەتی دروست ببێت تا نەهێڵین کاولکاریی دروست بێت، بەڵام ئێمە چەندین ئالنگاری دەبینین لەبەردەم گرێدانی شێوەیەك لەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییانە و جێبەجێکردنیان، وەك ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەی تایبەتە بە چەکی نیوکلیاری لەسەر ئاستی جیهان و هەموو دەوڵەتان پێوەی پابەندن، بۆ ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە، سەرەنجام پێم وایە پرسیارەکە بەرەو ئەوە دەچێت لە خۆمان بپرسین: ئایا دەبێت بڕیاری کوشتنی مرۆڤ بە شێوەیەکی حەسری لە دەستی مرۆڤیکدا بێت کە بە پەنجەیەك دوگمەیەك دادەگرێت؟ ئایا ئەمە فرامۆشکردنی مرۆڤایەتی نییە تا ئەو پەڕی؟ کاتێك لە دووریی هەزار میلەوە لە ژوورە بچووکەکەی لەبەردەم شاشەیەکدا دادەنیشێت وەك ئەوەی گەمەی ڤیدیۆ بکات، داوا دەکات زۆرترین خاڵی سووری بچووك لە کەنەدا، یان ئەمریکا لەناو ببرێن، پاشان ژمارەیەکی بێ شومار خەڵك کۆمەڵکوژ بکات، ڕەنگە بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بەمە نەدرێت. زۆر کەس باس لەوە دەکەن تەکنەلۆژیا زیاتر ماددی نییە و وەك سەربازێك لە ناو دووکەڵی شەڕدا هەست و سۆزی نییە، تا کەمتر خەڵکی سڤیل بکوژێت، بۆیە دەبێت ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا تەکنەلۆژیا دەتوانێت جیاوازی لە نێوان منداڵێك بکات کە ئاسکرێمی بەدەستەوە، یان پارچە چەکێکی بەدەستەوەیە؟ ئایا تەکنەلۆژیا دەتوانێت جیاوازی لە نێوان منداڵێك بکات کە دەمانچەیەکی یاریی بەدەستەوەیە لەگەڵ منداڵێك کە دەمانچەی ڕاستەقینەی بەدەستەوەیە؟

*** پێشتریش شەڕی ئەلکترۆنی سایبەری و شەڕی دەستخستنی زانیاری «Informa-tion Warfare» لە نێوان دەوڵەتەکاندا هەبووە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی خێرای زیرەکیی دەستکرد ئەم شەڕە مەترسیدارتر بووە، ئایا چۆن ڕێککەوتن و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان دەتوانن سنوورێك بۆ ئەم مەترسییانە دابنێن؟**

**ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە ڕێگەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە هەوڵەکان زیاتر ئاسان دەبن بۆ ئەوەی ناوەرۆکی بابەتەکان بشێوێنن،**

**ئێمە لە بەردەم مەترسییەکی گەورەداین، شەڕێکی سایبەری و زانیاریی بەرفراوان دەبینین زۆر مەترسیدارتر لەوەی پێشتر بینیومانە**

**دەزانم زیرەکیی دەستکرد (FACIAL RECOGNITION) بەکار هێنراوە بۆ ناسینەوەی دەموچاوی سەربازە کوژراوەکانی ڕووسیا و پاشان دیاریکردنی ناسنامەکانیان و بڵاوکردنەوەی ناسنامەکانیان لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ ئەوەی خەڵکی ڕووسیا زیانە زۆرەکانی خۆیان ببینن**

**هەوڵ دراوە کە بە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا قسەی زۆر ساختەی پوتین و زلینسکی دروست بکەن و بڵاوی بکەنەوە لە کاتێکدا هی هیچ کامیان ڕاست نەبوون**

**زیرەکیی دەستکرد بە دەست لایەنگرییەکی خراپی ڕۆژئاواوە دەناڵێنێت و تەنانەت زۆر جار تێڕوانینێکی زۆر نەرێنیی بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیشان دەدات**

**گەلانی عێراق سوودمەند دەبن ئەگەر بتوانن داتای تایبەت بە زمان و کەلتووری خۆیان بخەنە ناو زیرەکیی دەستکرد و لەسەر ئەو داتا و زانیارییانە ڕاهێنانی پێ بکەن**

- وەك پێشتر خۆت ئاماژەت بە مەترسییەکانی سەر هەڵبژاردنەکان کرد، بێگومان شەڕی سایبەری کاریگەریی گەورەی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان هەیە، من پێموایە بە کردەیی و بەرفروانی بەکار دەهێنرێت، ئێمە بە کردەیی بینیومانە کە کاراکتەری دەوڵەتی تۆڕی کارەبا و سیستمی دارایی و سیستمی ژیاری وەك چاودێریی تەندروستی کردووەتە ئامانج، ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە ڕێگەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە هەوڵەکان زیاتر ئاسان دەبن بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکان بشێوێنن، هەر بۆ نموونە لە مەسەلەی یاریکردن بە زانیاری، زۆر ئاسان دەزانرێت کێ چی دەنێرێت، یان لە کوێ دێت، ئایا ڕاستە، یان نادروستە، بۆیە ئەمە مەترسییەکی گەورەیە، بەڵام ئایا دەتوانین بگەینە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم پرسە؟ بێگومان دەبێت لە هەوڵدان بەردەوام بین، بەڵام زۆر جار ئەم هەوڵانە بە شکست تەواو دەبن، هەر بۆیە پێموایە ئێمە لە بەردەم مەترسییەکی گەورەداین، شەڕێکی سایبەری و زانیاریی بەرفراوان دەبینین زۆر مەترسیدارتر لەوەی پێشتر بینیومانە و، هەروەها هەست بە نیگەرانییش دەکەم کە دەوڵەتانێك هەن لەم بوارەدا زۆر پێشکەوتوون، هەر بۆیە بەڵێ، دەتوانین هەوڵ بدەین یاسا و ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی دابنێین، بەڵام ئەم یاسا و ڕێککەوتنانە باش کاریان پێ ناکرێت، لەبەر بوونی چەندین دەوڵەتی خراپ، ئەوجا، یان ئەوەیە بە هیچ جۆرێك ڕێك ناکەون، یان ڕێك دەکەون بەڵام لە پشتەوە کاری خراپ دەکەن، بۆیە بە ڕاستی ئێمە لە بەردەم ئالنگارییەکی ڕاستەقینەداین.

*** تاچەند بەکارهێنانی زیرەکیی دەستکرد لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا ئەم شەڕەی جیاواز کردووە لە شەڕەکانی پێشتر؟**

- زۆر زەحمەتە بزانین تا چ ئاستێك زیرەکیی دەستکرد لە شەڕدا بەکار هێنراوە، بۆیە ناچارم باسی ئەو زانیارییە کەمە بکەم کە لامە، دەزانم زیرەکیی دەستکرد (facial recognition) بەکار هێنراوە بۆ ناسینەوەی دەموچاوی سەربازە کوژراوەکانی ڕووسیا و پاشان دیاریکردنی ناسنامەکانیان و بڵاوکردنەوەی ناسنامەکانیان لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ ئەوەی خەڵکی ڕووسیا زیانە زۆرەکانی خۆیان ببینن، ئەمە وێڕای ئەوەی بەردەوام ڕاگەیاندنەکانی ڕووسیا باس لە سەرکەوتنەکانی سوپاکەی ڕووسیا دەکەن، هەروەها دەزانم درۆن بەکارهێنراوە بۆ هێرشی سەربازیی بەرفراوان، هەروەها دەزانم هەوڵ دراوە کە بە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا قسەی زۆر ساختەی پۆتین و زلینسکی دروست بکەن و بڵاوی بکەنەوە لە کاتێکدا هی هیچ کامیان ڕاست نەبوون، ئەمەش وەك دروستکردنی پڕوپاگەندەیەك بۆ ڕاکێشانی سۆزی جەماوەر و زیادکردنی پشتیوانی و تووڕەبوون دژی شەڕەکە، هەروەها دەزانم دروستکردنی پەیوەندیی گشتی و پڕوپاگەندە لەلایەن ڕۆبۆتەکانەوە زۆر زۆر بڵاوە، ئەمەش کاریگەریی سایکۆلۆژیی لەسەر جەماوەر هەیە، هەر بۆیە هێندەی ئێمە ئاگادارین ئەم پرسانە زۆر بە فراوانی بەکار هێنراون کە پێشتر بەو جۆرە نەبووە، هەر بۆ نموونە من پێش ئەم شەڕە نەمدەزانی کە ناسینەوەی دەموچاوەکان بە ڕێگەی زیرەکیی دەستکرد بەم شێوەیە دەکرێت.

*** بۆ وڵاتانی هاوشێوەی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئاستی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیامان هاوشێوەی ڕۆژئاوا نییە، ئایا بە چ ڕێگەیەك دەتوانین زیرەکیی دەستکرد بەکار بهێنین بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدان؟**

- ئێستا پڕۆگرامەکانی زیرەکیی دەستکرد بە شێوەیەکی زۆر ماقووڵ لەبەردەستن، تۆ دەتوانی بچیتە سەر وێبسایتی «GitHub» یان چەندین سەرچاوەی دیکەی کراوە کە بە ئاسانی و بە خۆڕایی دەگەیتە زیرەکیی دەستکرد، یان دەتوانی بە بەکارهێنانی چات جی پی تی هەموو پرسیارێکی لێ بکەیت و وەڵامەکەی بە دروستی وەربگریتەوە.

پێشتر باسی لایەنگریی ئەو پڕۆگرامانەمان کرد کە زیرەکیی دەستکردی لەسەر ڕاهێنراوە، بەشی زۆری ئەو داتایانەی ڕاهێنانی پێ کراوە، بە زمانی ئینگلیزین، بەمەش لایەنگرییەکی ڕۆژئاوای بەسەردا زاڵە، بۆیە پێویستتان بەوەیە هەمواری بکەن بۆ زمانی کوردی، یان عەرەبی و ئەوەی گونجاوە بۆ دەوڵەتێکی وەکو عێراق، ئەمەش لەبەر ئەوەیە زیرەکیی دەستکرد



بە دەست لایەنگرییەكی خراپی ڕۆژئاواوە دەناڵێنێت و تەنانەت زۆر جار تێڕوانینێكی زۆر نەرێنیی بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیشان دەدات. بۆیە گەلانی عێراق سوودمەند دەبن ئەگەر بتوانن داتای تایبەت بە زمان و كەلتووری خۆیان بخەنە ناو زیرەكیی دەستكرد و لەسەر ئەو داتا و زانیارییانە ڕاهێنانی پێ بكەن، ئەمەش وا دەكات گونجاو بێت و كەمتر لایەنگریی ڕۆژئاوا بكات.

پێموایە بەكارهێنانی لە بواری پزیشكیدا، بە تایبەتی لە لادێكاندا زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدان، زۆر گرنگە كەسانێك بتوانن دەستیان بگاتە خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی لە دوورەوە، بەتایبەتی ئەگەر نەیتوانی بگاتە پزیشك لە ڕێگەی زیرەكیی دەستكردەوە، ڕاستەوخۆ بگاتە خزمەتگوزاریی پزیشكی، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ڕێگەی زیرەكیی دەستكردەوە وەك ئەوە نەبێت كە ڕاستەخۆ پزیشك ببینێت.

دەكرێت لە بواری سێكتەری كشتوكاڵ سوود لە زیرەكیی دەستكرد وەربگیرێت، بەتایبەتی لە بواری گەیاندنی خۆراك و گواستنەوە و لۆجستی و.. هتد.

لە بواری خوێندندا دەتوانرێت زۆر بە باشی سوود لە زیرەكیی دەستكرد وەربگیرێت، بە تایبەتی لە ڕێگەی خولی سەر ئەنتەرنێتی كراوەی بەرفراوان «MOOC»، ئەم خولانە بەشی زۆریان بە زمانی ئینگلیزین و ئەوانەی ئینگلیزی نەزانن، لێی سوودمەن نابن، كە ئەو زمانە نازانن، بەڵام دەتوانن بە ڕێگەی هەندێك تەكنەلۆژیا ئەو خولانە وەربگێڕن بۆ سەر زمانی خۆتان.

لە دوماهیدا دەمەوێت بڵێم دەبێت ئەو مامۆستایانەی كە قوتابیان فێردەكەن، هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا ئامادەیی زۆر باش مەشق و ڕاهێنانیان پێ بكرێت، بۆ ئەوەی لەم تەكنەلۆژیا تازانە تێبگەن، دەبێت توانای دیجیتاڵیان هەبێت بۆ ئەوەی ئەوانی دیكەش فێری توانای خوێندنەوەی دیجیتاڵی بكەن.

**لە بواری خوێندندا دەتوانرێت زۆر بە باشی سوود لە زیرەكیی دەستكرد وەربگیرێت، بە تایبەتی لە ڕێگەی خولی سەر ئەنتەرنێتی كراوەی بەرفراوان** (MOOC)

**کەریم سلێمان**

بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ گولان:

# کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرچەرخانی لە کەرتی پەلەوەر و ساخکردنەوەی بەرهەمی جووتیاراندا دروست کرد

## لەسەر داوای سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی گەنمی وەرگیراوی جووتیارانی کوردستان لە ٢٠٠ هەزار تەن کرایە ٥٠٠ هەزار تەن

وێڕای ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم گەشەکردنی کشتوکاڵ هەر لە قەیرانی دارایی و وشکەساڵییەوە، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی لە بواری دابینکردنی ئاسایشی ئاو و بونیادتنانی بەنداوەکان و زیادکردنی بەرهەمی پەلەوەر و کۆتاییهاتن بە کێشەی گەنمی جووتیاراندا هەنگاوی گەورە بنێت، گۆڤاری گولان دیدارێکی لەگەڵ کەریم سلێمان بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان سازدا، لێرەدا دەقی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.



*** لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بایەخێکی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵ درا، گرنگترین هەنگاو ئەوە بوو سەرۆکی حکومەت فەرمانی کرد کە دەیان سایلۆ و کارگەی پیشەسازی بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دروست بکرێن، بۆ ئەوەی گەنمی جووتیاران بکڕدرێتەوە و چیتر چاوەڕێی بەغدا نەکەن گەنمەکانیان لێ بکڕنەوە، ئایا ئەم هەنگاوەی سەرۆکی حکومەت تا چەند خزمەتی ئاسایشی خۆراك و هاندانی برا جووتیارەکانی کردووە؟**

- دروستکردنی سایلۆ لە پارێزگاکانی هەرێمدا کارێکی گرنگ و ستراتیژی بوو بۆ پاڵپشتیکردنی جووتیاران و پەرەپێدانی کەرتی چاندنی گەنم و جۆ، هەرچی ئەو گەنمەی بەرهەم دێت، دەدرێتە سایلۆکان و پرۆسەکە بە وەزارەتی بازرگانیی عێراقی فیدراڵەوە بەستراوەتەوە، ئەگەرچی بۆ ئەمساڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراق کێشەیەکی بۆ جووتیارانی هەرێمی کوردستان دروست کرد، بەوەی نادادپەروەری لە وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی کوردی لە پارێزگاکانی هەرێم لەگەڵ جووتیارانی پارێزگاکانی دیکەی عێراق کرد، لە هەموو پارێزگاکانی عێراق وەرگرتنی گەنمەکە بووە (ڤری)، واتە ئەو گەنمەی لە پارێزگاکان هاتووتە بەرهەمهێنان لە ١٠٠٪ی لە جووتیارانیان وەربگرن، تەنیا پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نەبێت، لە سەرەتادا بڕیار درا تەنیا (٢٠٠) هەزار تەن گەنم وەربگیرێت، بەڵام شاندێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان بۆ زیاترکردنی ئەو ڕێژەیە پاش هەوڵێکی زۆر توانرا ڕێژەی وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بکرێتە ٢٧٥ هەزار تەن، لە پاشان دەنگی خۆمان گەیاندە ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ڕێژەی وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی کوردستان هێشتا زیاتر بکرێت، جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە ڕێگای دکتۆر فوئاد حوسێن وەزیری دەرەوەی عێراقی فیدراڵ و جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە توانی ڕێژە و بڕی وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە (٥٠٠) هەزار تەن، هەر چەندە بەرهەمهێنانی گەنمی جووتیارانی ئێمە لە ئەمساڵدا لە (٥٠٠) هەزار تەن زیاترە و زۆرجار جووتیارانی ئێمە گلەیی لەوە دەکەن کە پێویستە بڕی گەنمی

**لە گۆشتی پەلەوەر و هێلکەدا گەیشتووینەتە ئاستی خۆبژێوی ناوخۆ و دەتوانین بۆ شارەکانی عێراقیشی بنێرین**

**گرنگترین پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی لە بەنداوی مووسڵ بە دیوی هەرێمی کوردستاندا دروست دەکرێت**

**بۆ ئەمساڵ وەزارەتی بازرگانیی عێراق کێشەیەکی بۆ جووتیارانی هەرێمی کوردستان دروست کرد، بەوەی نادادپەروەری لە وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی کوردی لە پارێزگاکانی هەرێم لەگەڵ جووتیارانی پارێزگاکانی دیکەی عێراق کرد**

بەرهەمهاتوویان لە سایلۆکان وەربگیرێت، هەر بۆیە ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی نۆیەم بۆ هاندان و پاڵپشتی جووتیارانی کوردستان و بەرەوپێشەوەچوونی چاندن و کەرتی کشتوکاڵ، بەتایبەتی دانەوێڵە، بڕیاری دا لە چەندین شوێنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان چەندین سایلۆ دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو گەنمەی زیاترە لەو سایلۆیانەی هەرێمی کوردستان وەربگیرێن، بەڵام ئەو سایلۆیانەی کە لە هەرێمی کوردستان دروست کراون، سەر بە کۆمپانیای کەرتی تایبەتن و ئەوانیش چەندین کێشەیان هەیە، بەتایبەت لەوەدا کە دەبێت ئەو گەنمەی وەری دەگرن بە نرخی دانراوی حکومەتی عێراقی بێت کە نرخەکەی بۆ هەر تەنێك (٨٥٠) هەزار دینار بێت، کە ئەو نرخە پاڵپشتییەکی گەورە و بەهێزە بۆ جووتیارانی کوردستان و ئەو نرخە زیاترە لە نرخی ستانداردی بۆرسەی جیهانی، ئەو نرخە بۆ جووتیارانی ئێمە زۆر باشە و قەرەبووکردنەوەیانە لە بەرزبوونەوەی نرخی گاز و بەکارهێنانی پەیینی کیمیاوی و پێداویستیی دیکەی چاندن، بە شێوەیەکی گشتی سایلۆکان کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروست کران، لەگەڵ کارگەکانی دانەوێڵە بنەمای سەرەکیی گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ و بەهێزبوونی ئاسایشی خۆراکە لە هەرێمی کوردستان، ئەو سایلۆیانەی بە بڕیاری جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە کابینەی نۆیەم دروست کراون، لەگەڵ چەندین کارگەی دانەوێڵەی ستراتیژی جگە لەوەی هاندان و پاڵپشتییەکی گەورە و بەهێزە بۆ جووتیارانی کوردستان، هاوکات هۆکاری سەرەکیی گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵە و بنەما و هۆکارێکی بەهێزی پاراستنی ئاسایشی خۆراکە بۆ هەرێمی کوردستان .

*** هەر لە بواری ساخکردنەوەی بەرهەمی جووتیارانی کوردستان، سەرۆکی حکومەت بە شەخسی هەوڵی داوە کە بازاڕ بۆ بەرهەمەکانیان بدۆزێتەوە و ساڵی پار هەناری هەڵەبجە گەیشتە بازاڕەکانی کەنداو، هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ لە ئەورووپا و وڵاتانی دیکەش بەردەوامە، ئایا تا چەند ئەم هەنگاوە هاندەر بووە بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ جارێکی دیکە ببووژێتەوە و ببێتە سەرچاوەی کار بۆ هاووڵاتیان؟**

- بەبازاڕکردنی بەرهەمی جووتیاران گرنگترین داخوازی و خواستی جووتیارانە، ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ڕوانگەیەوە لە نێوخۆی هەرێم و لە سەردانەکانیدا بۆ وڵاتان هەوڵی زۆری دا، بەتایبەتی لە وڵاتی ئیمارات و بۆ یەکەمینجار هەناری هەڵەبجە لە بازاڕەکانی عەرەبی فرۆشرا و بازاڕی بۆ دۆزییەوە، ئەمە بووە هۆکارێك بۆ هاندانی جووتیاران و پاڵپشتییەکی زۆر بەهێز بوو بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر و جۆری باشتر لە بەرهەمی هەنار و بەرهەمی دیکەی چاندن لە هەرێمی کوردستاندا، پلانی ڕێزدار سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی ئێمە ئەوەیە نەك تەنیا هەنار، بەڵکو بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی (هەنگوین و تریێ و سێو)ی کوردستان بدۆزرێتەوە، کە ئەو دۆزینەوەی بازاڕ و بە جیهانیکردنی بەرهەمەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوەوە، هەنگاوێکی دیار و گرنگە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان کەرتی کشتوکاڵ بەرەوپێشەوە ببات و ئەو کەرتە ببێتە سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتی کوردستان.

*** لە بواری سامانی ئاژەڵی و پەلەوەریشدا گەشەپێدانی گەورە هاتووەتە ئاراوە، ئایا لەم بوارەدا گەیشتووینەتە خۆبژێوی و ئایا تا چەند بەرهەمی ئاژەڵی و پەلەوەری و هێلکە بۆ بازاڕی پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەنێرن؟**

- لە ئێستادا سەرقاڵی پەیداکردنی ئامارێکی دروست و ١٠٠٪ی سامانی ئاژەڵی و پەلەوەرین، چونکە ئەو ئامار و زانیارییانەی لە بەردەستمانە زۆر ورد نییە، بەڵام هەموو نیشانە و داتاکانی دیکە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە هەرێمی کوردستان لە کەرتی گۆشت و پەلەوەردا گەشەی باشی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتی لە گۆشتی پەلەوەر و هێلکەدا گەیشتووینەتە ئاستی خۆبژێوی، بگرە لە گۆشتی فرێشی پەلەرەوەردا دەتوانین بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش بنێرین، چەندین کێڵگەی بەرهەمهێنانی پەرلەوەر لە هەرێمدا سەربڕخانەی خۆیان هەیە و هەڵدەستن بە ئامادەکردنی گۆشتێکی جوان و فرێشی پەلەوەران، هاوکات لە بەرهەمهێنانی هێلکەشدا هەنگاوی

زۆر باش نراوە و نزیکبووینەتەوە لە ئیکتیفای ناوخۆیی، بەتەواوکردنی چەندین پرۆژەی گەورە و ستراتیژیی پەلەوەر، بەتایبەت بۆ بەرهەمهێنانی هێلکە کە ئێستا لەژێر جێبەجێکردندان جگە لە بەشی ناوخۆ، ئەوە زیاتریش دەبێت بۆ ئەوەی هەنارده بکرێت، بەتایبەت بۆ شارەکانی عێراقی فیدراڵ.

*** ئێستا لە کوردستان بە سەدان پرۆژەی پەروەردەکردنی ماسی دامەزراوان و وەبەرهێنانیان تێدا کراوە، ئایا لەسەر ئاستی سامانی ماسی پێداویستیی ناوخۆیی پڕدەکاتەوە؟ ئایا بە نیاز نین پەروەردەکردنی ماسی فراوان بکەن؟**

- گرنگترین پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی لەژێر جێبەجێکردندایە لە سنووری پارێزگای دهۆك کە دانانی قەفەس و حەوزە لەسەر بەنداوی مووسڵ بەو دیوەی کە سنووری هەرێمی کوردستانە و، دەیان پرۆژەی دیکەی بەخێوکردنی ماسی لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەرنامە و هەنگاوی زۆریش بۆ ئەو کار و پرۆژەیە لەلایەن حکومەت و هاووڵاتیانی کوردستان دانراوە، کە بە هەموو ئەو پرۆژانەوە لە بەرهەمهێنان و بەخێوکردنی ماسیدا بووینەتە خاوەنی بەرهەمێکی باشی ماسی، بەڵام نەگەیشتووینەتە ئیکتیفای زاتی بۆ هەرێمی کوردستان.

*** لەسەر ئاستی پیشەسازیی سامانی ئاژەڵی، وەبەرهێنان کەمە و کارگەی پێویست بۆ گۆشت و شیرەمەنی دانەمەزراوە، ئایا هۆکاری نەبوونی ئەم جۆرە وەبەرهێنانە چییە کە کەمن و وەبەرهێن بیری لێ ناکاتەوە؟**

- لەو ماوە کورتەی کابینەی نۆیەمدا هەنگاوی دیار و پێشکەوتوو نراوە بۆ دروستکردن و بنیادنانی کارگەی پیشەسازیی ستراتیژی، بەتایبەت کارگەی شیرەمەنی و قوتووبەندی، چەندین بەرهەمی شیر لەوانە ماوەیەك لەمەوپێش پرۆژەی پیشەسازیی کارگەی شیرەمەنیی زوم لە ناوچە و قەزای میرگەسۆر و پرۆژەی ڕامی فۆرم لە ناوچەی گەلی باڵندە کە هەردوو پرۆژە نموونەیی و ستراتیژین و پرۆژەی تەواون و کرانەوە، هەر لە کارگەی دابینکردنی ئالیك تا دەگاتە بەرهەمهێنانی شیرو قووتوبەندی و ماست و پێکهاتەکانی دیکەی شیریان تێدایە و کەوتوونەتە کارکردن و بەرهەمهێنان.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ لە وەزارەتی کشتوکاڵ سەرچاوەکانی ئاوە، لەم بوارەشدا کابینەی نۆیەم چەندین بەنداوی دروست کردووە، لە بەرنامەیدا هەیە چەندینی دیکەش دروست بکات، ئایا ئەو بەنداوانەی تا ئێستا کاریان تێدا دەکرێت کامانەن و ئەوانەشی لە بەرنامەدان کەی دەستیان پێ دەکرێت؟**

- هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی کارنامەی کابینەی نۆیەمدا ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندییەکی زۆر و گرنگی بە ئاسایش ئاو و پاراستنی ئاوی ژێر زەوی داوە، بەرنامە و پلانی حکومەتی کوردستان ئەوەیە باشترین ئیدارە پەیڕەو بکرێت بۆ ئیدارەدانی ئاو، لەو ئیدارەدانەدا کار و پرۆژەی دروستکردنی چەندین بەنداو و پۆنت خراوەتە پلان و چەندین پۆنت لە ناوچەی جیاجیای هەرێمی کوردستان هەر لە هەڵەبجە تا دەگاتە گەرمیان و قەڵادزێ و هەولێر و دهۆك و زاخۆ دروست کراون، چەند بەنداوی گەورە و ستراتیژی جێبەجێ کراون، هەر بۆ نموونە چەند هەفتەیەك پێش ئێستا جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی بەنداوی بەستۆرەی دانا، کە جگە لەوەی ئاوی ژێرزەوی دەپارێزێت و زیادی دەکات، سوودێکی گەورەشی بۆ کەرتی کشتوکاڵ و گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان دەبێت، پێش ئێستاکەش بۆ بەنداوی گۆمەسپان و بە هەوڵ و گفتوگۆی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ئێمە لەگەڵ حکومەتی عێراق، کە چەند بەنداوێکی ستراتیژی لە ناوچە و دەڤەر و پارێزگای جیاجیای هەرێم دروست بکەن، لەو کابینەیەدا بووینەتە خاوەنی پرۆژەی بەنداوی مەنداوە لەسەر زێی گەورە و بەنداوی باکرمان لەسەر ڕووباری خازر لە دەڤەری شێخان و ئاکرێ، هەروەها بەنداوی دێلگە لەسەر زێی بچووك لە دەڤەری قەڵادزێ دروست دەکرێت، لە ساڵی ڕابردووی ئەو کابینەیەدا هەندێ بەنداو تەواو بوون، وەك بەنداوی خنس و بەنداوێکی دیکە لەلای بەنداوی دێوانە لە گەرمیان و چەندین بەنداوی دیکە بۆ گلدانەوەی ئاوی باران و پارستنی ئاوی ژێرزەوی لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمدا بوون، بە هەموو ئەوانە قۆناغێکی گرنك و گەورە دەهاوێن لە پاراستن و ئاسایشی ئاو بۆ هەرێمی کوردستان.

**سایلۆکان کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروست کران، لەگەڵ کارگەکانی دانەوێڵە بنەمای سەرەکیی گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵ و بەهێزبوونی ئاسایشی خۆراکە لە هەرێمی کوردستان**

**پلانی ڕێزدار سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی ئێمە ئەوەیە نەک تەنیا هەنار، بەڵکو بازاڕ بۆ ساخکردنەوەی (هەنگوین و ترێ و سێو)ی کوردستان بدۆزرێتەوە**

**چەند هەفتەیەک پێش ئێستا جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی بەنداوی بەستۆرەی دانا، کە جگە لەوەی ئاوی ژێرزەوی دەپارێزێت و زیادی دەکات، سوودێکی گەورەشی بۆ کەرتی کشتوکاڵ و گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان دەبێت**

# چەمکی ئابووریی بازنەیی

## لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

لەبەر ئەوەی دەرامەتەکانی گۆی زەوی سنووردارن، جیهان ئەمڕۆ لە بیری ئەوەدایە سیاسەتی ئابووری لەگەڵ ئەو سنووردارێتییەدا بگونجێنێت، چونکە جاران مرۆڤ وای دەزانی کە بۆ پێشکەوتن و گەشەپێدان دەرامەت و سەرچاوەی لەبن نەهاتووی لەبەر دەستدایە، بۆیە بە شێوەیەکی تەماحکارانە و کورتبینانە کەرەستە سەرەتاییەکان و سەرچاوە سرووشتییەکانی بە جۆرێك بەکار هێنا، کە ملیارەها تۆن زیاتر بوو لە پەنجا ساڵی پێشتر، بۆیە مرۆڤایەتیی ئەمڕۆ ناچارە بۆ لەمەودوا لەم جۆرە ئابوورییەوە کە بە ئابووریی هێڵی ڕاست ناسراوە، بگوازێتەوە بۆ ئابووریی بازنەیی.

چەمکی ئابووریی بازنەیی هەرچەندە لە ڕوواڵەتدا نزیکە لە چەمکەکانی دیکەی وەك ئابووریی هاوبەش و ئابووریی سەوز، ئەمە سەرەڕای بوونی تێڕوانینی جیاواز لە بارەی چەمکی ئابووریی بازنەییەوە کە بە شێوەیەکی فراوان گەشەی پێ دراوە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەوە، بەڵام زۆربەی تێڕوانینە جیاوازەکان لەوەدا یەك دەگرنەوە کە مەبەستی سەرەکی لە چەمکی ئابووریی بازنەیی بریتییە لە بەکارهێنانی دەرامەت و سەرچاوەکان بە چوستی و شێوازێکی باشتر و چەندبارە بەکارهێنانەوەیان و گێڕانەوەی پاشماوەکانیش بۆ حاڵەتی سەرەتا و پێش بەکارهێنانیان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی تەمەنی بەرهەمهێنراوەکە.


هەروەها دەتوانین بڵێین کە چەمکی ئابووریی بازنەیی بریتییە لە نموونەیەکی نوێی پیشەسازی کە پرۆسەی بەرهەمهێنان تێیدا بە شێوەی بازنەیەکی داخراو بەڕێوە دەچێت، نەك بە شێوەی هێڵی ڕاستی کراوە، بەم جۆرەش چەمکی ئابووریی بازنەیی هەوڵ دەدات، لەپێناو کەمکردنەوەی پشتبەستن بە بەکاربردنی سەرچاوەکانی وزە و کەرەستە سەرەتاییەکان، ببێتە هۆی بەهێزکردنی سەرمایەی سرووشتی، بۆیە لە تواناداپە بنەماکانی چەمکی ئابووریی بازنەیی لە سێ خاڵی سەرەکیدا کورت بکرێنەوە:

یەکەم: تێگەیشتنی نوێ لە چەمکی پاشماوە.

دووەم: پاراستنی کەرەستەی بەرهەمهێنراو و بەکارهاتوو.

سێیەم: نوێکردنەوەی سیستمی ژینگەی سرووشتی.

هەموو ئەمانەش لەبەر ئەوەیە کە ئابووریی ناسراو بە هێڵی ڕاست لە سەرەتای پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە هەتا کۆتایی بە یەك هێڵی ڕاستدا دەڕوات، کەرەستە خاوەکەی نێو سرووشت بەکاردەهێنێت، بەرهەمێکی لێ دروست دەکات، دەیداتە بازاڕ و بەکاربەر، دواتر دەبێتە کۆنە و پاشماوە و، فڕێ دەدرێتە نێو سرووشت کاتێك کە ناتوانرێت چارەسەر بکرێت، لەناوبردنیشی سەرمایەیەکی دیکەی دەوێت، بۆیە ئابووریی ناسراو بە هێڵی ڕاست بە بیرۆکەیەکی کۆن کار دەکات کە لە سێ وشەدا کورت دەکرێتەوە (وەربگرە، دروست بکە، لێی ڕزگار بە)،



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵانی نووسیوە

بـەڵام ئابووریـی بازنەیـی لـە بەرهەمـە کۆنـەکان بەرهەمـی نـوێ دروسـت دەکات لـە ڕێگـەی دووبـارە بەکارهێنانـەوە و دووبـارە دروسـتکردنەوە، لەمەشـدا ئابووریـی بازنەیـی بـە بیرۆکەیەکـی نـوێ کار دەکات، کـە لـە سـێ وشـە کـورت دەکرێتـەوە (دروسـت بکـە، بـەکار بێنـە، دووبـارە دروسـتی بکـەرەوە).

بەم جۆرەش ئابووری بازنەیی چەند سوودێکی بەرچاوی دەبێت، وەك:

١- پاراستنی نرخی کەرەستەی خاو لە ئاستی نزمدا بە هۆی سوودوەرگرتن لە پاشماوەکان.

٢- هاندانـی بەکاربـەران بـۆ کڕینـی بەرهەمـە نوێیـەکان بە نرخێکی گونجاو و کەمتر، چونکە ئابووریـی بازنەیـی پێویسـتی بـە دەرهێنانـی کەرەسـتەی خـاوی نـوێ کەمتـرە.

٣- ڕەخساندنی هەلی نوێی کار.

٤- بەهێزکردنی گەشەپێدانی بەردەوام بە هۆی پاراستنی کەرەستەی خاو بۆ نەوەکانی داهاتوو.

٥- سنووردارکردنی بەهەدەردانی سەرچاوەکان و پیسبوونی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا.

٦- بەکارهێنانـی سـەرچاوەی خاوێـن و نوێبـوەوە بـۆ بەرهەمهێنانـی وزە و پاراسـتنی.

٧- پاراسـتنی ئـاو لـە ڕێگـەی ڕیسـایکیلین و دووبـارە بەکارهێنانـەوەی.

٨-بەکارهێنانـی دەرامـەت و کەرەسـتەکان بـە باشـترین شـێوە و بـۆ درێژتریـن تەمەنـی بەرهەمەکـە.

٩- گۆڕینـی جـۆری بیرکردنـەوە لـە بـواری بازرگانـی و پیشەسـازیدا و لـە بیرکردنـەوەی بەکاربەرانـدا.

١٠- داڕشـتنی یاسـا و دەرچوواندنـی ڕێنمایـی بـۆ کارکـردن بـە چەمکـی ئابووریـی بازنەیـی.

وەك یاسای بەڕێوەبردنی داخراوانەی پاشماوەکان لـە وڵاتـی ئەڵمانیـا بـۆ دووبـارە سـوودوەرگرتن لـە خاشـاکی شـارەوانی، یـان یاسـای بنەڕەتـی بـۆ بنیادنانـی کۆمەڵگـەی پشتبەسـتوو بـە دووبـارە دروسـتکردنەوە لـە وڵاتـی ژاپـۆن، یانیـش یاسـای بەهێزکردنـی ئابووریـی بازنەیـی لـە وڵاتـی چیـن، یـان یاسـای (داخسـتنی بازنەکـە) کـە بریتییـە لـە پلانـی یەکێتیـی ئەورووپـا لەپێنـاوی ئابووریـی بازنەییـدا.

هەمـوو ئەمانـەش لەپێنـاوی کاراکردنـی زیاتـری ئامانجی ژمـارە ١٢ لـە ئامانجەکانـی گەشـەپێدانی بـەردەوام بـە هاوکاریـی هـەر دوو کەرتـی گشـتی و تایبـەت لـە ڕێگـەی دابینکردنـی زانیـاری و داتـا بـۆ بەکاربـەران و هۆشـیارکردنەوەیان لەبـارەی گەشـەپێدان و شـێوازەکانی ژیانێکـی بـەردەوام.

تێبینـی: ئـەم باسـەم لـە کۆنفرانسـی هەولێـر بـە ناونیشـانی (گەشـەپێدانی بـەردەوام و ئابووریـی بازنەیـی لـە سیاسـەتی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان) لـە (هۆڵـی ژووری بازرگانیـی و پیشەسازیی هەولێر) پێشکەش کرد، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٦/١٣) بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی دەرفەتـەکان بـۆ هـاوکاری و پەرەپێدانـی ئابـووری لـە نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و هەرێمـی (فلانـدەرس)ی وڵاتـی بەلجیـکا.




ئەمیرە ئەسعەد:

# لە ئەمریکاش خواردنە کوردەوارییەکانم داواکاری زۆری لەسەرە بەتایبەت یاپراخەکەم

**ئافرەتی کورد لە هەموو بارودۆخێکدا کۆڵنەدەر و زەحمەتکێش بووە و سڵی لە ماندووبوون نەکردووەتەوە، تەنانەت ئاوارەیی و غەریبیش نەیتوانیوە تواناکانی سنووردار بکات، بەڵکو ئاوارەیی بەهێزتری کردووە، تاوەکو ئەو ڕاددەیەی بە ئاسانی ڕووبەڕووی سەختییەکانی سەر ڕێگەی گەیشتنی بە ئامانج ببێتەوە.**

**ئەمیرە ئەسعەد هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بواری پەروەردە، ساڵانێك لە کوردستان لە کەرتی پەروەردە مامۆستا بوو، ئەو دایکی کچێکە و لە ئێستادا لە وڵاتی ئەمریکا بە هاوەڵی هاوژینەکەی چێشتخانەیەکی ئیتاڵی تایبەت بە دروستکردنی پیتزا بەڕیوە دەبات، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە هەوڵ و تەقەلاکانی کارکردنی لە هەردوو بواری پەروەردە و چێشتخانە دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



ئەمیرە ئەسعەد خانمێکی دەستڕەنگینی کوردە تەمەنی ٦١ ساڵە لە دایکبووی شاری کەرکووکە و دانیشتووی وڵاتی ئەمریکایە، ئەو خانمە دەستڕەنگینە دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی مووسڵە، وەك خۆی باسی دەکات، ماوەی ١٨ ساڵە لەگەڵ هاوژینەکەی کار دەکات و توانیویانە ژیانێکی شایستە بژین و بزنسێکی بچووکی سەرکەوتووشیان هەبێت.

ئەمیرە بەمجۆرە باس لە چیرۆکی ژیانی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات: «پێشەکی زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە تاوەکو لە وڵاتی غەریبییەوە باس لە هەوڵەکانم بکەم و بە ئافرەتان بڵێم کە هیچ شتێك مەحاڵ نییە و کارکردنیش بۆ خانمان هێندە زەحمەت نییە وەك ئەوەی بیری لێ دەکەنەوە، چونکە ئافرەتی کورد زۆر بەتوانان. من دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ لە شاری هەولێر لە قوتابخانەی ناوەندیی گارە وەکو مامۆستا دەست بە کار بووم، دواتر کە ژیانی هاوبەشیم پێکهێنا، چوومە سلێمانی و لەوێ لە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان وەکو مامۆستای وەرزش کارم کرد. تاوەکو ساڵی ١٩٩٥ چووین بۆ ئەمریکا، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی کارکردنم دا و لە بواری خواردن دروستکردن و چێشتخانە کارم کرد، بەڵام هەمیشە بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕام کە لە بواری پەروەردە و فێرکردن دەست بەکار بم، بەڵام ئاسان نەبوو، پێویستی بە بەراوردکردنی بڕوانامەکەم بوو، بەڵام کۆڵم نەدا و دواجار دەستم بە خوێندن کردەوە و بڕوانامەی ماستەرم لە بواری پەروەردە بە دەست هێنا، زیاتر لە ١٠ ساڵ کاری مامۆستاییم ئەنجام دا، هەر لەم ماوەیەشدا لەگەڵ هاوژینەکەم چێشتخانەیەکی تایبەت بە دروستکردنی پیتزامان دامەزراند، بەیانیان دەچووم بۆ قوتابخانە و ئێواران کە دەهاتمەوە لە چێشتخانەکە هاوکاری هاوژینەکەمم دەکرد، ئەو کات کچەکەم بچووك بوو، بە حوکمی ئەوەی لە ئەمریکا کەسم نەبوو تاوەکو پشتی پێ ببەستم، کچەکەشم لەگەڵ خۆم دەهێنا و لە چێشتخانەکە دەرسم پێی دەگوت، کە خەویشی دەهات هەر لەوێ دەمنواند، تاوەکو درەنگی شەو دەمامەوە. لە ساڵی ٢٠١٠ کارەکانمان زۆر بوون، هاوژینەکەم سەفەری کوردستانی بوو، بە ناچاری وازم لە کاری مامۆستایی هێنا، سەرەڕای ئەوەی کە ماستەریشم خوێندبوو، لە ئێستادا نزیکەی ١٠ کرێکارمان هەیە، کە هاوسەرەکەم سەفەر دەکات، من شەویش دەبێت لە چێشتخانەکە بمێنمەوە، کچەکەم لە تەمەنی ١٠ ساڵییەوە لە ڕاپەڕاندنی کاری چێشتخانە هاوکاریمان دەکات و جێی دەستی لە کاری چێشتخانەکەدا دیارە، لە ئێستادا ئەو ماستەری لە بواری ژمێریاری هەیە».

گوتیشی: « ١٨ ساڵە ئەو کارە دەکەین. حەزم بۆ خواردن دروستکردن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کچێنیم هەمیشە لەگەڵ دایکم خوا عەفوی بکات دەچوومە مەتبەخ و خواردنم دروست دەکرد، کە هاوسەرگیریشم کرد، کەسوکار و هاوڕێکانم بە خواردنەکانم سەرسام بوون و هەمیشە ستایشی کابانییان دەکردم، تەنانەت لە ئەمریکاش خواردنە کوردەوارییەکانم داواکاری زۆری لەسەرە بەتایبەت یاپراخەکەم».

ئەمیرە ئەسعەد لە درێژەی قسەکانیدا ستایشی توانا و لێهاتوویی ئافرەتی کورد لە کوردستاندا دەکات و دەڵێت: «دڵخۆشم کە دەبینم ئافرەتی کورد لە گۆڕەپانی کارکردندا بوونی خۆیانیان سەلماندووە و کار دەکەن، من لێرەوە دەستخۆشییان لێ دەکەم، تەنانەت ڕێژەی بەشداریکردنیان لە بواری حوکمڕانی و سیاسیدا لە ئاستێکی باشی چاوەڕواننەکراودایە. دەتوانم بڵێم ئافرەتی کورد لە ئافرەتی ئەمریکا پێشکەوتووتر و ئازادترن، چونکە لە ئەمریکا ئەگەر ژن کار نەکات، ناتوانێ بژی، لەبەر ئەوە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی کەمترە، بەڵام ئافرەتی کورد دەرفەتی خۆپێگەیاندنیان زیاترە، حەز دەکەم هەموو ژنێك کار لەسەر تواناکانی خۆی بکات و خۆی دروست بکات، چاوەڕێی دەستی کەس نەبێت، من بەش بە حاڵی خۆم ئەگەر کار نەکەم، نەخۆش دەکەوم.»

**ساڵی ١٩٩٥ چووین بۆ ئەمریکا، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی کارکردنم دا و لە بواری خواردن دروستکردن و چێشتخانە کارم کرد**

**زیاتر لە ١٠ ساڵ کاری مامۆستاییم ئەنجام دا، هەر لەم ماوەیەشدا لەگەڵ هاوژینەکەم چێشتخانەیەکی تایبەت بە دروستکردنی پیتزامان دامەزراند**

**بە حوکمی ئەوەی لە ئەمریکا کەسم نەبوو تاوەکو پشتی پێ ببەستم، کچەکەشم لەگەڵ خۆم دەهێنا و لە چێشتخانەکە دەرسم پێی دەگوت، کە خەویشی دەهات، هەر لەوێ دەمنواند**

### نەرمین شەعبان بەڕێوەبەری ماڵی ئارامی:

# بە بێ جیاوازیی ناوچەیی و ئایین و مەزهەب، هەر کەسێک بێ سەرپەرشت بێت و جێگەی مانەوەی نەبێت، وەری دەگرین

**ڕێکخراوی ماڵی ئارامی بۆ داڵدەدانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و کەسانی بێسەرپەرشت دامەزراوە، ڕێکخراوێکی مرۆیی و ناحکومییە و بێ بەرانبەر لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان هەموو ئەو کەسانە داڵدە دەدات، کە بێ لانە و بێ جێگەن، ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە. نەرمین شەعبان ڕەزا، دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری ماڵی ئارامی لەو دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باسی کار و چالاکییەکانی ماڵی ئارامی دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە پێناو مرۆڤایەتی خزمەتی ئەو توێژەی کۆمەڵگە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

نەرمین شەعبان بەڕێوەبەری ماڵی ئارامی بەمجۆرە باس لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکەی دەکات: «لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە ئەو کارە دەکەم، ٢٥ ساڵ لە خانەی چاودێریی بەساڵاچووان لە کەرتی حکوومی کارم کردووە، دوای خانەنشین بوونم، هەوڵی ئەوەم دا، کە لەو چینە پەراوێزخراوەی کۆمەڵگە دانەبڕێم، چونکە ئەرکێکی مرۆیی پیرۆزە، سوپاس بۆ خوا هەوڵەکەم ئەنجامێکی باشی هەبوو و بە هەموو هێز و توانایەك خزمەتیان دەکەم. لە کاتی کۆرۆناش لەناو ئەو هەموو نەخۆشە بووم، بەڵام خوای گەورە منی پاراست و تووشی کۆرۆنا نەبووم».

**٢٥ ساڵ لە خانەی چاودێریی بەساڵاچووان لە کەرتی حکوومی کارم کردووە، دوای خانەنشین بوونم، هەوڵی ئەوەم دا، لەو چینە پەراوێزخراوەی کۆمەڵگە دانەبڕێم**

سەبارەت بە هاوکارییەکانیش گوتی: «سەرەتا خۆم ئەو ڕێکخراوەم دامەزراند، یەك دیناریش لە حکومەت وەرناگرم، بەڵام هەندێکجار ڕێکخراوە مرۆییەکان هاوکاریمان دەکەن، ماوەی سێ ساڵیشە ئەم بینایەمان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ دابین کراوە، هەمیشە سوپاسگوزاری حکومەتی هەرێمم کە بەردەوام هاوکاریی ماڵی ئارامی دەکەن. بەڕێزان وەزیری تەندروستی د. سامان و قایمقامی بنەسڵاوە جوان خان و شارەوانیی بنەسڵاوە و دامودەزگا حکوومییەکان زۆر هاوکارمانن، هەروەها مانگی سووری عێراقی زۆر هاوکارمانن و مانگانە دوو جار پزیشکمان بۆ دەنێرن، خێزانەکەشم لێرە زۆر هاوکارمن و نزیکەی ١٠ کارمەندیش خزمەتی کەسەکان دەکەن، ژمارەیەکی زۆریش کارمەندی خۆبەخشمان لە ئافرەت و پیاو هەیە، بەڵام وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی تاوەکو ئێستا یەك پەرداخ ئاویان بۆ ئێرە نەناردووە».

**لە کاتی کۆرۆنا لەناو ئەو هەموو نەخۆشە بووم، بەڵام خوای گەورە منی پاراست و تووشی کۆرۆنا نەبووم**

نەرمین شەعبان ئەوەشی خستە ڕوو، کە لەو ماڵە «جێگەی ١٠٠ کەس دەبێتەوە، بەڵام لە ئێستادا ٤٠ کەسی تێدایە»، گوتیشی: «بە بێ جیاوازیی ناوچەیی و جیاوازیی ئایین و مەزهەب، هەر کەسێك بێ سەرپەرشت بێت و جێگەی مانەوەی نەبێت، بە خۆشحاڵییەوە وەریان دەگرین، چونکە ئێمە بۆ خزمەتی ئەوان لێرەین و بۆ پاراستنی ئەوان ئەو پڕۆژەیەمان جێبەجێ کرد».

وەك بەڕێوەبەری ماڵی ئارامی باسی کرد، ئەوانەی لەو ماڵەدا داڵدە دراون، زۆربەیان دایك و باوکیان لە ژیاندا نەماون، هەرلەو بارەیەوە گوتی: «ئاشکرایە کە دایك و باوك لە ژیان نەمێنن، خوشك و برا و براژن ئەو جۆرە کەسانە بەخێو ناکەن، زۆربەی ئەوانەی لە ماڵی ئارامی دەژین ئافرەتن، بەشێکیان گەیشتوونەتە تەمەنێك و هاوسەرگیرییان نەکردووە، بەشێکیان بیرکۆڵ و مەنگۆڵن و ١٣ کەسیان دایبییان بۆ دەبەسترێت، هەیە شەلەل دەماغە، هەیە جەڵتە لێی داوە، یان تووشی زەهایمەر بووە.»

سەبارەت بە مەرجەکانی وەرگرتنیش ئەو کەسانە



لە ماڵی ئارامی گوتی: «بە گوێرەی تەمەنیان لە سەرووی ٢٠ ساڵییەوە وەریان دەگرین، بەڵام ئەگەر حاڵەتێکی دەگمەن هەبێت و پێویست بکات، وەربگیرێن، لە خوار ئەو تەمەنەش وەریان دەگرین».

سەبارەت بە دۆخی ماڵەکەش گوتی: «ئێرە زیندان نییە، بەڵکو وەکو ماڵی خۆیانە و ئەوانەی لێرەن، وەکو خێزانێکی گەورە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر دەکەن و لە بەڕێکردنی کاری ڕۆژانەیان هاوکار و یارمەتیدەری یەکترن. بەڵام کێشە و گرفتیشمان بووە و هەوڵمان داوە بەسەریدا زاڵ بین. کچێکی تەمەن ١٥ ساڵانمان لایە کەسوکارەکەی بە کۆرۆنا مردوون، کە هاتە ئێرە لە ڕووی دەروونییەوە ڕووخابوو، بەڵام ئێستا زۆر باشە، حاڵەتێکی دیکەمان هەیە، پیاوێك کچێکی هەیە دایکی نەماوە، لێرەی داناوە، باوەژنەکەی بەخێوی ناکات. حاڵەتی وامان بۆ دێت، کاتییە و چارەسەر دەبێت. زۆر جار کەسێك دەچێتە دەرەوە،بەڵام ڕێگەی ماڵەوەی بزر دەکات، ئەو کات بۆ ئەوەی لەسەر شەقام نەمێنێتەوە، بۆ ئێرەی دەنێرن. جەژنان تەلەفۆن بۆ کەسوکارەکانیان دەکەم، بێن ئەو چەند ڕۆژە بیانبەنەوە، یەکێك لەوانە کچێکە تەلەفۆنم بۆ براکەی کرد، پێی گوتم: دەتەوێ ژنەکەم تەڵاق بدەم؟ بەداخەوە شەو تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی: نەرمین خان ژنەکەم خوشکەکەمی لە جێی پێڵاوان نواندووە. گوتم: کێشە نییە بیهێنەوە، هەر بەم شەوە هێنایانەوە».

گوتیشی: «من شەو و نیوەشەو تەلەفۆنم کراوەیە هەر کاتێك پێویست بکات لێرە دەبم، لەگەڵ هەموو بنکەکانی پۆلیسی هەولێریش هەماهەنگیمان هەیە و لە ڕێگەی ئەوانەوە کەسەکان سەردانمان دەکەن».

ئامانج لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام و لەبارە بۆ ئەو هاوڵاتییانەی بێبەشن لە زۆربەی زۆری کایەکانی ژیانی ئاسایی بە بێ ویستی خۆیان لە کۆمەڵگە دوورکەوتوونەتەوە.

نەرمین شەعبان بەڕێوەبەری ماڵی ئارامی، لە کۆتایی لێدوانەکەیدا بۆ گۆڤاری گوڵان جەختی لەوە کردەوە کە «ئامانج لە کردنەوەی ماڵی ئارامی بریتی بوو لە دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار و ئارامتر بۆ ئەو کەسانەی کە بێبەش بوون لە خۆشییەکانی ژیان و لە کۆمەڵگە دوور کەوتوونەتەوە. هەروەها ئامانجەکە دابینکردنی شوێنێکی لەبار و گونجاو بووە بۆ مانەوە و چاودێریکردنی کەسانی بێسەرپەرشت و بێلانە، هاوکات کردنەوەی خولی گەشەپێدان و هۆشیاری، بەگەڕخستن و هاندانی تواناکانیان و پاڵپشتیکردن و پێشوازیکردن لە هەر بیرۆکەیەك کە ببێتە هۆی خۆشگوزەرانی و ژیانێکی باشتر بۆ کەسەکانی داڵدەدراو لەم ماڵە و لەکاتی پێویستیدا هاوکار و تەواوکەری لایەنی پەیوەندیدار دەبین».

**هەمیشە سوپاسگوزاری حکومەتی هەرێمم کە بەردەوام هاوکاریی ماڵی ئارامی دەکەن**

**ئێرە زیندان نییە، بەڵکو وەکو ماڵی خۆیانە و ئەوانەی لێرەن، وەکو خێزانێکی گەورە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتر دەکەن**

# پێکەوەژیانی ئاشتییانە و ڕۆڵی هونەر لە نزیککردنەوەی پێکهاتەکان



فەرهەنگ غەفوور

یەکێ لە سیما هەرە دیار و جوانەکانی کوردستان، پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێو پێکهاتەکانیەتی، کە ئەوەش ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی قووڵی هەیە و پێشینانمان زۆر بە باشی کاریان بۆ کردووە، بەتایبەت لای بەهەشتی (شێخ عەبدولسەلامی بارزانی) و دوای ئەویش لە ماڵبات و شوێنکەوتووانی ڕێ و ڕێبازەکەی، ئەم چەمکی پێکەوەژیانە، هاوکات ژینگەدۆستی و مرۆدۆستی و عەدالەتخوازی، کۆڵەکەی هەرە گەورە و پتەوی بڕوا بوونە و تا سەر کاریان بۆ کردووە.

ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەو پێکەوەژیانە ئاشتییانەیە بەرقەرارە و ڕەنگدانەوەی ئەوێ ڕۆژێیە، هەروەها سیمایەکی درەوشاوەی کۆمەڵگەی کوردەواری و حکوومەت و دامەزراوەکانیەتی لە ناو خۆمان و لە دەرەوەش، بەتایبەت کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم چەکەدا نەک هەر هەنگاوی باشی شایان بە باسی نییە، بەپێچەوانەوە، تا سەرئێسقان دژبەری و بەخوێنی سەری یەکتر تینوێتی لە ناو کۆمەڵگەکان و پێکهاتەکان و تەنانەت سیستمە حوکمڕانییەکاندا هەیە و گیانی



یەکترقبوڵکردن نەك باسی نییە، بەڵکوو هەڵکوتانە سەر یەکدی و داگیرکاری و خواردنی مافی ئەوانی دیکە بە درێژایی مێژوو تا بە ئەمڕۆش دەگات، پەیرە و دەکرێ و بەرهەمەکەیشی دەبینین، کە ساڵەهای ساڵە ناوچەکە لە ناو گێژاوی شەڕ و کوشتار و خوێناودا دەتلێتەوە.

بەهەرحاڵ، کوردستان بەگشتی و هەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان) بەتایبەتی، بە هیچ شێوەیەك بە دەوروبەر بەراورد ناکرێ، ئەوەی لە کوردستاندا هەیە و پەیرەو کراوە و دەکرێ، ئەوەیکە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکان ئازاد و بێ کێشە و گرفتن، هەر ئەوە نا، بەڵکوو هەموویان تەواوکەری یەکترن و کۆمەڵگەیەکەمان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بووە بە خێزانێکی ڕەنگاوڕەنگ.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی بۆ بکەم، ڕۆڵی هونەرە بەگشتی لەو پێکەوەژیان و لەیەکترنزیکبوونەوەی پێکهاتەکان.

لە کوردستاندا هونەر لە خزمەتی مانەوە و بەرگری و پێشکەوتنی دۆزی ڕەوای گەلەکەماندا بووە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، جا هونەرەکان بە هەموو شێوەکان، چ موزیك و گۆرانی و هەڵپەڕکێ بن، یان شانۆ و شێوەکاری و هونەری سینەما و کاری دەستی و ...تد.

هونەر لێرە بە ئازادانە گوزارشتی لە دید و کلتوور و فەرهەنگی پێکهاتەکان کردووە و لای ئەوانی دیکەیش قبوڵکراو و ڕێزلێگیراو بووە، هونەر هەر خۆی لەخۆیدا بۆ لێکتێگەیشتنی مرۆڤایەتی و لێکنزیکبوونەوە و یەکترقبوڵکردن و یەکتر تەواوکردنە، بەتایبەت لە کوردستان ئەو چەمکە بە تەواوی بەرجەستە کراوەو، دەیان داستان و بەرهەمی میللی و فلکلۆری و سەردەمیانە ڕاستیی سەرەوە دەسەلمێنن.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا، ئەرکی هونەر و هونەرمەندان ئەوەیە، زیاتر چەمکی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و مرۆدۆستییانە بەرجەستە بکەین و پەرەی پێ بدەین، بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی ساڵەهای ساڵە بناغەی بۆ دانراوە و دیواری لەسەر هەڵچنراوە، بەردەوامیی پێ بدەین و بەرزتری بکەین.



# ڤێتنام فیلمی نوێی «باربی» قەدەغە دەکات



میدیاکان ڕایانگەیاند، ڤێتنام بەهۆی دیمەنەکانی فیلمی داهاتووی خانمە ئەکتەر مارگۆت ڕۆبی کە بە ناوی باربییە لە سینەماکان قەدەغەی کردووە، لە نێویاندا نەخشەیەك کە ئەو ناوچانە پیشان دەدات کە چین سەروەریی خۆی لەسەریان لە دەریای باشووری چیندا دووپات دەکاتەوە.

ئەم فیلمە کۆمیدییە فانتازیاییە باس لە بووکە شووشە بەناوبانگەکە دەکات، لە دەرهێنانی گریتا گێرڤیگ و مارگۆت ڕۆبی و ڕایان گۆسلینگ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، بڕیار بوو لە ٢١ی تەمموزەوە لە سەرانسەری وڵات لە ڤێتنام نمایش بکرێت، بەڵام میدیای ڤێتنام بڵاوی کردەوە کە کاتی نمایشکردنی فیلمەکە لە ماڵپەڕەکانی زنجیرە سینەما گەورەکانی وڵاتەکە کشێندرایەوە، ئەمەش دوای ئەوەی حکومەت بڕیاری قەدەغەکردنی فیلمەکەی دا بەهۆی دیمەنەکانی پیشاندانی هێڵێکی سنووری کە بە هێڵی (نۆ کەرتی) ناسراوە.
چین لە مێژە هێڵی بەناو نۆ، کە دەوڵەمەندە بە سەرچاوە سرووشتییەکان، بە بەشێك لە خاکی خۆی دادەنێت ئەمەش بەردەوام هانۆی تووڕە کردووە کە هاوکات ئیدیعای خاوەندارێتی بەشێك لە ڕێڕەوی ئاوەکە دەکات.
بەڕێوەبەری بەشی سینەمای ڤێتنام (فی کین تان) ڕایگەیاندووە، «بۆردی پێداچوونەوەی فیلم ئەم فیلمەی بینی و بڕیاریدا بە قەدەغەکردنی نمایشکردنی لە ڤێتنام، بەهۆی سەرپێچییەکی پەیوەست بە هێڵی نۆ کەرتییەوە».
ساڵی ڕابردووش فیلمی ئەکشن-ئەڤێنتۆری «Uncharted» کە تۆم هۆڵاند ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێت، لە سینەماکانی ڤێتنام قەدەغەکرا بەهۆی ئەو دیمەنانەی کە هێڵی نۆ کەرتی تێدا بوو.
لە ساڵی ٢٠١٨ ڤێتنام دیمەنێکی لە کۆمیدیای ڕۆمانسی (سەردەمی دەوڵەمەندی شێت) بڕییەوە، کە تێیدا جانتایەکی لوکس دەرکەوت کە نەخشەی جیهانی تێدا بوو، کە دوورگە ناکۆکەکانی دەریای چینی باشووری ژێر کۆنترۆڵی پەکین پیشان دەدات.

# ماچێک ناکۆکیی خستە نێوان لەتیفا و یوسف شاهین



خانمە گۆرانیبێژی تونسی لەتیفا لە دیمانەیەکدا باسی ئەو قەیرانەی کرد کە لە کاتی وێنەگرتنی فیلمی (سکوت حنصور) لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٠ لە نێوان خۆی و دەرهێنەر یوسف شاهین سەری هەڵدا، هەروەها کشانەوەی لە وێنەگرتن بەهۆی ڕەتکردنەوەی دیمەنێکی بوێرانە.
لەتیفا لە چاوپێکەوتنێکیدا ڕوونی کردەوە، ئەزموونەکەی لە فیلمی (سکوت حنصور) یەکێك بووە لە جوانترین ئەزموونە هونەرییەکان، کە پێیدا تێپەڕیوە بەهۆی وەستانی لە بەردەم هونەرمەند فاتن حەمەما و دەرهێنەر یوسف شاهین.
ناوبراو وردەکارییەکانی ئەو قەیرانەی گێڕایەوە کە لە پشت پەردەی وێنەگرتنەوە لە نێوان خۆی و یوسف شاهین ڕووی دا، دوای ئەوەی ڕازی نەبووە لە وێنەگرتنی یەکێك لەو دیمەنە بوێرانەی کە ماچێکی تێدا بوو، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو دیمەنە لە سیناریۆکەدا نەبووە.
لەتیفا ئەلتونیسی ڕوونی کردەوە، بڕیاری داوە لە وێنەگرتنی فیلمەکە بکشێتەوە، بەڵام گۆرانییەکە پێشکەش بە فیلمەکە کرد، ئەمەش بووە هۆی توڕەیی یوسف شاهین و بە تەواوی وازی لە وێنەگرتنی فیلمەکە هێنا.
لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: لەو کاتەدا گوتم بوەستە من ئەوە ناکەم، و شوێنی وێنەگرتنم بەجێهێشت و بە خالد یوسفم گوت، گۆرانییەکان وەك دیاری پێشکەشتان دەکەم و لە کارەکە دەکشێمەوە بەهۆی دیمەنەکە.
ئەو دووپاتی کردەوە کە پابەند بووە بە بڕیارەکەیەوە و ڕەتی کردووەتەوە دیمەنەکە بە تەواوی نمایش بکات، ئەمەش لەلایەن هونەرمەند ئەحمەد وەفیقەوە پشتگیری لێکراوە دوای ئەوەی قسەی لەگەڵ کرد و پێداگریی خۆی لەسەر ئەو بابەتە و دیدگای خۆی ڕوون کردەوە.

# ئاوڕەنگی فەرەیدوونی


**سەرەتای ئاشنا بوونم بە فەرەیدوون هاوار، لە چایخانەی مەچکۆی دامەنی قەڵای هەولێرەوە بوو.ساڵانی نەوەدی سەدەی بیستەم بوو، دوو سێ تابلۆ پۆرتریتی شاعیرانی مەزنی کورد، لە نێو مەچکۆدا هەڵواسرا بوون. هێندە جوان و دڵگیر، بە ڕۆن ڕەنگ و تەکنیکی بەرز و باش کێشرا بوون، لە دوورەوە سەرنجی مرۆڤیان ڕادەکێشا. پرسیم ئاخۆ دەست و پەنجەی کێ ئەم تابلۆیانەی کێشاوە؟ گوتیان کوڕە ئاوارەیەکی کەرکووکییە، هوتێلێکی نزیکی قەڵای هەولێری کردووەتە هەوارگەی خۆی.**

**تاریق کارێزی**

فەرەیدوون، ئاشق و شەیدای هونەری نیگارە، هێندە کار و ئەزموونی خۆی بە قووڵدا بردووە، فڵچە لە نێو دەست و پەنجەیدا سەما دەکات، ڕەنگ بەدەم هاتنە دەستی ئەوەوە پێدەکەنێت. ئەو لە ڕۆن ڕەنگ و ئاوڕەنگدا کارامەیە، بە هەر کام لەم دوو چەشنە ڕەنگ نیگار بکات، تابلۆی جوان بە تەکنیکی باڵا دێنێتە بەرهەم. لە ئاوڕەنگدا خەریکە دەبێتە خاوەن ڕچەیەکی تایبەت. جوگرافیای کار کردن و هونەرستانی، ژینگەی ناوەندی هەردوو شاری هەولێر و کەرکووکە، بڕێ جاریش نیگا دەخاتە سەر دیمەنی گوندەواری وڵاتەوە.

ئاوڕەنگ هونەرمەندی تەڕدەستی دەوێت، خەیاڵ مەندی تەژی لە وێنە، گورج و گۆڵ لە فڵچە وەشاندنی گەرەکە. تەڕدەستی و خەیاڵ مەندی و گورج و گۆڵی






بۆ فەرەیدوون بەردەستن. لە شرۆڤە کردنی تەکنیکی تابلۆکانیدا، بینەر و ڕەخنەگر بەو ئاکامە دەگەن، کە ئەوان لە ئاست بەرهەمی هونەرمەندێکی نائاسایی وەستاون، بەڵام ئەو (فەرەیدوون) هەر بەوەندە نەوەستاوە، ئەو بڕستی بەردەستی خۆی، هەردەم لە مانۆری نوێدا تاو دەدات، سڵ لە نواندن و بەرجەستە کردنی هیچ شنەیەکی نێو خەیاڵدانی خۆی ناکاتەوە، مانۆر دەکات و باکی لە دەرەنجامەکەی نییە. جڵەو بۆ حەزی هونەر شل دەکات، هێندەش سادە خۆ دەنوێنێت، پێی وایە میچی هونەری باڵا بۆ ئەو هێشتا زۆری ماوە.

بەدەم شرۆڤەیەکی هونەرییەوە، گرنگە ئاشکرا بڵێین، ئەم هونەرمەندە سوارچاکێکی چەلەنگی دنیای هونەری نیگارە. ئەزموونخواز و فرە بەرهەمە، لە دەروازەیەکی گەورەی هونەرەوە وە ژوور کەوتووە، لە نێو گوڵشەنی نیگاردا بووە بە گەشتیاری جوانی، شوێن و کات (بە دەمیانەوە ڕووداویش) بە زمانی ستاتیکا بەڵگەدار دەکات. ورد بوونەوە لە تەکنیکی کار کردنی، دەری دەخات کە لە بەکار هێنانی ئاوڕەنگدا باڵادەستە.

خۆی لە چڕە بابەتێکی وەك دیمەنی پارکی شار لە ناوەندی شاری هەولێر، بەو هەموو وردەکارییەی نێوییەوە، نابوێرێت، هەر لەبەر ئەوەی دیمەنەکە سەرنجی ڕاکێشاوە، ڕوانگەی تابلۆ ئاوڕەنگەکەی تا بەژنی بازاڕی نیشتیمان بردووە. ئەو دیمەنە فراوانە بەو هەموو فیگەر و وردەکارییەوە، بۆ تابلۆیەکی ئاوڕەنگ، مانۆرێکی یەکجار قورسە، فەرەیدوون دەرەقەتی هاتووە و بینەر بە جوگرافیای شوێن و دابەش بوونی فیگەر و شەبەنگی ڕەنگەکەی ئاشنا دەکات. کاتێك وێنەی شوان و بەرخەوانێك دەکێشێت، سێبەری ئاژەڵ و تۆز و گەردی بەرەو ئاسمان هەڵکشاوی، بەر پێی بەرخەل و ڕانە مەڕەشی نیشان داوە، ئەم کارە بە ڕۆن ڕەنگ کردەنییە، بەڵام بە ئاوڕەنگ بە ئەستەمدا دەکەوێت، مەگەر دەست و پەنجەی کارامەی فەرەیدوونی نەبێت.





# پاڵەوانانی وڵاتان لە کوردستان بوون

**لە شاری هەولێر بە سەرپەرشتی یانەی وەرزشی زانکۆی جیهان و ڕێکخراوی (کوبو) بە بەشداری هەریەك لە وڵاتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا و کوردستان پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی یاریی هونەرەبەرگرییەکان بەڕێوە چوو، لەم پاڵەوانێتییەدا ٨٥ کوڕ و کچە یاریزانی هەڵبژاردە بەشداربووەکان کێبڕکێیان دەکرد لە سەر بەدەستهێنانی مەدالیاکانی پاڵەوانێتییەکە، یاریزانانی هەڵبژاردەکانیش توانیان ئاستێکی بەرزی هونەری پێشکەش بکەن، یارییەکانیش بە شێوازی سێمی کۆنتاکت و فول کۆنتاکت بەڕێوە چوون، لە ئاستی سێمی کۆنتاکت هەریەك لە هەڵبژاردەکانی ئێران و عێراق و کوردستان پلەکانی یەکەم تا سێیەمیان بەدەست هێنا، لە ئاستی فول کۆنتاکتیش هەریەك لە هەڵبژاردەکانی عێراق و کوردستان و ئێران پلەکانی یەکەم تا سێیەمیان بەدەست هێنا، لە بارەی ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکەش لە هەولێری پایتەختی کوردستان بەشداربووان بۆ گۆڤاری گوڵان قسەی خۆیان هەبوو.**

**ڕاپۆرت: کارزان کانەبی**

لەبارەی ڕێکخستنی ئەم پاڵەوانێتییە فەرشید عیسا سەرۆکی فیدراسیۆنی جیهانی کوبو بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە مەبەستمان لێکنزیککردنەوەی هەڵبژاردەکانی دراوسێ بوو لە شاری هەولێر، هەنگاوێك بوو بۆ دەستپێکێکی باش و بونیادنەر کە پاڵەوانێتی باشترفراوانتر بەڕێوە ببەین لە داهاتوو، ئاستی پاڵەوانێتییەکەش زۆر باش بوو، یاریزانانی بەشدار بوو کێبڕکێ باشیان کرد لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە، ٨٥یاریزانی کوڕو کچ لەسەر هەشت کێشی ئۆڵۆمپی شەڕی ئەنجامی شایستەیەیان دەکرد، هەوڵیش دەدەین لە داهاتوودا کاری باشتر ئەنجام بدەین».

ئەندازیار بورهان سابیر سکرتێری یانەی وەرزشی جیهان گوتی: «ئێمە تەنیا هاوکاری و سەرپەرشتیی ئەم پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەمان کرد، ئامانجمان نزیککردنەوەی



پاڵەوانانی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ بوو لە هەولێری پایتەخت، ئاستی پاڵەوانێتییەکەش زۆر بەرز بوو، هەوڵدەدەین لە داهاتوو کاری باشتر و خزمەتی زیاتری وەرزشی بکەین لە هەرێمی کوردستان، کوڕ و کچە یاریزانانی هەڵبژاردەکانیش دڵخۆشبوون بە ئەنجامدانی ئەم جۆرە فیستیڤاڵ و پاڵەوانێتییانە».

هیوا پیری سەرپەرشتیاری پیاوانی کیوك شکی میللی ئێرانی لە بارەی ڕێکخستنی پاڵەوانێتییەکەش بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەشداریکردنمان لەم پاڵەوانێتییە کارێکی باشبوو بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دۆستایەتی و ئاشنایەتی دروست بکەین، لە پاڵەوانێتییەکەش گرفت هەبووە، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر نەبووە، ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش کاریگەری خۆی دەبێت بۆ ئەوەی لە داهاتوو پڕۆژەی فراوانی دیکەی وەرزشیی ئەنجام بدەین لە شارەکانی دیکە، ئەم نزیکبوونەوەی وڵاتانی دراوسێ بۆ یاریزانانیش بە کارێکی زۆر باش دەزانن، ئاستی پاڵەوانێتییەکەش زۆر باشبوو».

ئیلهام نەزەری سەرپەرشتیاری خانمانی ئێرانی ئەویش بۆ گۆڤاری گوڵان قسەی خۆی هەبوو و گوتی: «ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر باش بوو، بەتایبەتی کە ئەم یاریزانانەی تیپە بەشداربووەکان توانیان کێبڕکێ باش بکەن لەسەر بەدەستهێنان و بردنەوەی مەدالیای پاڵەوانێتییەکە، خۆمان بە خۆشحاڵ دەزانین کە ئەم پاڵەوانێتەش لێکتر نزیك بوونەوەی یاریزانانی وڵاتانی دراوسێ بووە و هیواداریـن ئەم جۆرە پاڵەوانێتییانە بەردەوام بێت».

عەبدول سەمەد لەتیف ناوبژیوان و سەرپەرشتیاری یارییەکان لە هەڵبژاردەی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «فێستیڤاڵێکی جوان بوو بۆ کوردستان، ژمارەیەك یاریزانی زۆر بەتوانا بەشداربوون، کردنەوەی ئەم جۆرە چالاکییانە زۆر گرنگە بۆ کوردستان و بەشداریکردنێکی باش بوو، ئاستی پاڵەوانێتییەکەش وەکو پێویست بوو، هەتا بکرێ ئەم جۆرە پاڵەوانێتی و فێستیڤاڵانە بەردەوام بێت بۆ ئەوەی هەم ئاستی یارییەکە بەرەوپێش بچێت و، هەمیش بتوانین زیاتر گرنگی بەتواناکانی خۆمان و یاریزانانی خۆمان بدەین، هەتا پاڵەوانێتی زیاتر بێت ئاستی ئەم یارییە زیاتر بەرەوپێشتر دەچێت، کوڕ و کچە یاریزانانی کوردستانیش زیاتر دەتوانن کێبڕکێ بکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، بۆ ئەوەی بتوانن لە داهاتوو لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بەشداربن، ئەمە دەستپێکێکی زۆر باش بوو».

فریشتە دانا یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەنجامدانی ئەم جۆرە پاڵەوانێتییانە کارێکی زۆر باشە و ڕکابەریی زۆر باش لە نێوان یاریزانە بەشداربووەکاندا هەبوو، منیش وەکو کچە کوردێك توانیم پلەی یەکەم لە کێشی خۆم بەدەست بهێنم، هیوادارم ئەنجامدانی ئەم جۆرە چالاکییانە بەردەوامیی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر بەشداریی چالاکییەکان بکەین و ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنین، بە شێوەیەکی گشتی ئاستی پاڵەوانێتییەکەش زۆر باش بوو، کچە یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستانیش جێدەستیان دیار بوو و توانیشمان کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەین».



# شەش یاریزانان پەیوەندی بە یانەی پاریس سانت جێرمان دەکەن

پاریس سانت جێرمان دوای ئەوەی گرێبەستی کریستۆف گاڵتییێ راهێنەری هەڵوەشاندەوە، راهێنەرێکی نوێی دەستنیشان کردووە و هاوشانی ٦ یاریزانی نوێ پەیوەندی بە پاریس سانت جێرمان دەکەن.

رۆژنامەکان لە راپۆرتێکدا ئاشکرایان کردووە پاریس سانت جێرمان لەگەڵ شەش یاریزان رێککەوتووە.

١. لوکاس هێرناندێز بەرگریکاری فەرەنسی یانەی بایرن میونیخ بەرانبەر ٤٥ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە پاریس سانت جێرمان دەکات.

٢. مانوێل ریبیرۆی بەرگریکاری ئۆروگوایی تەمەن ٢٢ ساڵە لە یانەی سپۆرتینگ لیشبۆنا بەرانبەر ٦٠ ملیۆن یۆرۆ روودەکاتە پاریس.

٣. مارکۆ ئاسێنسیۆ یاریزانی پێشووی ریال مەدرید بە گرێبەستێکی ئازاد لەم هاوینە پەیوەندی بە پاریس دەکات.

٤. میلان سکرینیاری بەرگریکاری سلۆڤاکی تەمەن ٢٨ ساڵ بە خۆرایی پەیوەندی بە پاریس کردووە.

٥. چێرندور ناوەراستکاری ئیتاڵی تەمەن ١٨ ساڵەی یانەی بەنفیکا بە خۆرایی روودەکاتە پاریس سانت جێرمان.

٦. کانگ لی، ناوەراستکاری تەمەن ٢٢ ساڵەی کۆریای باشوور و یانەی ریال مایۆرکا لەگەڵ پاریس سانت جێرمان گەیشتووەتە رێککەوتن و تیچووی گواستنەوەکەی بۆ یانە فەرەنسییەکە ٢٢ ملیۆن یۆرۆیە.




# یاریزانێکی ئیتاڵی پەیوەندی بە نیوکاسڵ دەکات

یانەی نیوکاسل یۆنایتدی ئینگلیزی بەشێوەیەکی فەرمی گواستنەوەی ساندرۆ تۆنالی ئەستێرەی هێڵی ناوەڕاستی یانەی میلانی بۆ یانەکەی راگەیاند و یاریزانەکە دەبێتە گرانترین یاریزانی یانەکە.

نیوکاسل گواستنەوەی یاریزانەکەی لەسەر ماڵپەری فەرمی خۆی بڵاوکردەوە و نووسیوویەتی: دڵخۆشین بە راگەیاندنی گرێبەستکردن لەگەڵ ساندرۆ تۆنالی یاریزانی یانەی ئەی سی میلان یاریزانە ٢٣ ساڵەکە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٨ پەیوەندی بە نیوکاسڵ دەکات و لە سانت جەیمس پارک یاری دەکات.

نیوکاسل لە توویتەر نووسیوویەتی: بەخێربێیت بۆ نیوکاسل ساندرۆ.

دوای پەیوەندیکردنی بە یانە ئینگلیزییەکە ساندرۆ تۆنالی بەرانبەر ٦٠ ملیۆن پاوەند، کە دەکاتە ٧٠ ملیۆن یۆرۆ هاوشێوەی ئەلیکساندەر ئیزاک بووە گرانترین یاریزان لە مێژووی یانەکەدا گواسترابێتەوە.

جگە یەکەم گرانترین یاریزانی مێژووی خولی ئیتاڵیایە گرێبەستی لەگەڵ یانەیەک مۆرکردبێت.

تۆنالی دوای جێهێشتنی یانەی میلان دەبێتە گرانترین یاریزان لە مێژووی یانەکەدا پەیوەندی بە یانەیەکی دیکەوە کردبێت بەمەش پێش ریکاردۆ کاکا کەوت، کە پێشتر لە میلانەوە بە ٦٧ ملیۆن یۆرۆ چووبووە ریال مەدرید.



# بەرشلۆنە قەرزداری میسییە

ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئیسپانیا ئاشکرایکرد، بەرشلۆنە قەرزداری میسیە و دەبێت ساڵانە ١٢ ملیۆن یۆرۆ بداتە ئەستێرە ئەرژەنتینییەکە.

خوان لاپۆرتا سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە لە چاوپێکەوتنێکیدا ئاشکرای کرد، کە بەرشلۆنە قەرزداری میسییە لەمبارەیەوە گوتی: کاتێك میسی لە ٢٠٢١ بەرشلۆنە جێهێشتووە دەستەی کارگێری پێشوو بەشێکی پارەی میسیان نەدابوو.

بەپێی ڕۆژنامە ئیسپانییەکە بەرشلۆنە ٤٨ ملیۆن یۆرۆ قەرزداری میسییە و دەبێت تا ساڵی ٢٠٢٥ مانگانە شەش ملیۆن یۆرۆ بداتە لیۆنێل میسی.

لیۆنێل میسی لە هاوینی ٢٠٢١ بە خۆڕایی بەرشلۆنە جێهێشت دوای ئەوەی یانە کەتەلۆنییەکە نەیتوانی گرێبەستە نوێیەکەی لە ئەنجومەنی لالیگا تۆمار بکات، ئەمەش بەهۆی یاسای داراییە، کە ڕێگە بە یانەکان نادات بە ئارەزووی خۆیان یاریزانان تۆمار بکەن.



# ئەی سی میلان دەستی بە گۆڕانکارییەکان کرد

یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی هەنگاوەکانی بۆ نوێکردنەوەی تیپی تۆپی پێی یانەکەی چڕکردووە و دوای گواستنەوەی لوفتۆس چێک یاریزانی یانەی چێڵسی، کار بۆ گواستنەوەی چوار یاریزانی دیکەش دەکات.

ڕۆژنامەی لاگازێتا دێللۆ سپۆرتی ئیتاڵی وردەکاریی چوار بۆندی یانە ئیتاڵییەکە ئاشکرا دەکات، کە بەنیازە لە گواستنەوەی ئەم هاوینەدا کارەکانیان تەواوبکات و گرێبەستەکانیان مۆربکات.

بەپێی پلانەکە میلان دەیەوێت هەریەکە لە یونس دیموارا موسا یاریزانی ئەمریکی و یانەی ڤالنسیا، کریستیان پۆلیسیچ یاریزانی ئەمریکی و یانەی چێڵسی، تیجانی ریندەرز یاریزانی هۆڵەندی و یانەی ئالکمار، ساموێل چکوێزی هێرشبەری نێجیری و یانەی ڤیاریال بباتە ریزەکانی.

ڕۆژنامەکە دەڵێت: یانەی ئەی سی میلان گرێبەستێکی بەرانبەر ١٨ ملیۆن یۆرۆ پێشکەشی یانەی ڤالنسیا کردووە، بەڵام یانەکە داوای ٢٥ ملیۆن یۆرۆ دەکات، گفتوگۆی نێوان هەردوولا لەسەر گواستنەوەی یاریزانەکە بەردەوامە.

ئەوەی تایبەتە بە یانەی چێڵسی یانە ئیتاڵییەکە ١٥ ملیۆن یۆرۆی بۆ کریستیان پۆلیسیچ پێشکەشکردووە یانە لەندەنییەکە داوای ٢٠ ملیۆن یۆرۆ دەکات، بەڵام یاریزانەکە خۆی دەیەوێت بچێتە ئەی سی میلان.

بۆ گواستنەوەی ریندەرز یانەی میلان ١٨ بۆ ٢٠ ملیۆن یۆرۆی خستووەتە بەردەم یانەی ئالکمار، بەڵام یانە هۆڵەندییەکە ٢٥ بۆ ٣٠ ملیۆن یۆرۆ داوا دەکات بۆ ئەوەی دەستبەرداری یاریزانەکە بێت.

هەرچی پەیوەستە بە سامویل چکوێزی یانەی میلان ٢٢ ملیۆن یۆرۆی بۆ گواستنەوەی یاریزانەکە ئامادەکردووە، بەڵام یانە ئیسپانییەکە نایەوێت بە کەمتر لە ٣٠ ملیۆن یۆرۆ دەستبەرداری ئەو یاریزانە ببێت بەتایبەت، کە وەرزی ڕابردوو ئاستێکی بەرزی لەگەڵ یانەکە پێشکەشکردووە.

میلان دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو گەیشتە قۆناخی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەیەوێت بۆ وەرزی نوێ تیپێکی بەهێزتری هەبێت بۆ ئەوەی ڕکابەری لەسەر بردنەوەی نازناوەکان بکات.



# گرفتی دارایی ڕێگر بوو لە سەرکەوتنی یانەی کفری




سالانی ڕابردوو یانەی کفری لە دەڤەری گەرمیان یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولەکانی کوردستان بوو، هەموو ساڵێ شەڕی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی دەکرد لە خولەکان، بەڵام ئەم وەرزە یانەکە بە ئامانجی سەرکەوتنەوە لە خولی پلە دووەوە بۆ خولی پلە یەکی کوردستان هەنگاوی نا بوو، بەڵام گرفتە داراییەکان ڕێگەی نەدا تیپەکە سەرکەوتوو بێت، لەبارەی هۆکاری سەرنەکەوتنی تیپەکە و گرفتەکانیش (سەلاح نوری) کاپتنی یانەی کفری بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «گرفتی سەرەکیی هەموو یانەیەك سەرەتا داراییە، دوای ئەوە کێشەکانی دیکە دێن، ئەوانیش بریتین لە کێشەی نێوخۆیی و نەمانی متمانە لە نێوان سێکتەرەکانی وەرزش لەم شارە، هەروەها نەمانی کەسانی دڵسۆز وەکو پێویست»، لە درێژەی قسەکانیش کاپتنی یانەکە گوتیشی: «جاران کە دەیانگوت یانەی کفری (هەمووی دەیانگووت یانەی دایك) هەموومان بەیەك دڵ دەجەنگاین لەپێناو یانەکە، هەر چەندە من ئەمساڵ بە هۆی پێکانەوە نەمتوانی بەشداربم»، هەروەها گوتیشی: «یانەی کفری ئەمساڵ جیاواز بوو، سەرجەم یاریزانەکان و دەستەی هونەری بێ بەرامبەر یارییان دەکرد، یەك فلسیشیان وەرنەگرتووە، تەنانەت ئیدارەی شارەکەش پشتگیریی یانەکە ناکەن، هۆکاری سەرەکی کە تیپکە نەیتوانی سەربکەوێت، بریتی بوون لە نەبوونی یاریزانی سوپەر و نەبوونی پارە، بەهیوای ئەوەم هەموو لایەك پشتگیریی تیپەکە بکەن و هەوڵ بدەن تیپەکە سەربخەنەوە بۆ وەرزی داهاتوو، هەوڵی باشتر بدرێت و پشتگیریی زیاتری یانەکە بۆ ئەوەی یانەی کفری بچێتەوە نێو ڕیزی یانە گەورەکانی کوردستان».



# ئافرەتانی هەولێر جامی عێراقیان هێنایە پایتەخت

تیپی ئافرەتانی فوتساڵی هەولێر لە جامی یانەکانی عێراقی لە شاری دهۆك توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، لەم پاڵەوانێتیەش کچە یاریزانانی هەولێری پایتەختی کوردستان کە بەشداری جامی عێراقی بون، بە نوێنەرایەتی هەولێر توانیان لە یاریی کۆتایی لە بەرامبەر یانەی قوەجەوییەی شاری بەغدا بە ئەنجامی (٤-٢) گۆڵ ببەنەوە و، ببنە پاڵەوانی جامی یانەکانی عێراقی، لە بارەی بەشداریکردن لەم پاڵەوانێتییە و هۆکاری بەدەستهێنانی ئەم جامەش، مەزن محەمەد ڕاهێنەری ئافرەتانی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سەرەتا ئیدارەی یانەکەمان بۆ یەکەمجارە ئەمساڵ لە جامی عێراقی بەشدار ببێت، سوپاس بۆ خوای گەورە ئاست و ئەنجاممان شایستە بوو، هۆکاری سەرکەوتنیشمان پشتیوانیی خوای گەورە و یەك دەستیی ڕاهێنەران و کارگێڕیی یانەکە و یاریزانانی تیپەکەمان بوو، هەروەها پاڵپشتی سەرۆکی یانەش مامۆستا ڕازاو هۆکارێکی باش بوو بۆ سەرکەوتن، یارییەکانیش ئاستیان بەرز بوو، تیپەکانیش بەردەوام لە کێبڕکێدابوون بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە، یانەکان گرێبەستی زۆریان ئەنجام دابوو، هەوڵیش دەدەین یانەی ئافرەتانی هەولێر بەردەوام لە ئامادەباشیدابێت بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین ئەنجامی باش بۆ شاری هەولێر و یانەکەمان بەدەست بهێنین».

# لە هەولێر بناغەی دروستکردنی یاریزانی باسکە بنیات دەنرێت



لە هەولێری پایتەختی کوردستان ئەکادیمیای ستارکیدسی باسکتبۆڵ بۆ پێگەیاندنی یاریزانانی بەشی باسکە لە تەمەنی ٦ ساڵ بۆ ١٨ ساڵ دروست کراوە و ڕۆژانە مەشقەکانیان ئەنجام دەدەن، ئامانج لەم ئەکادیمیایە دروستکردن و بنیاتنانی بناغەی پێگەیاندنی یاریزانانی باسکەیە بۆ شاری هەولێر، لەم ئەکادیمیایە محەمەد عەبدولخالق یاریزانی باسکەی هەڵبژاردەی عێراق سەرپەرشتی ئەکادیمیاکە دەکات، لە بارەی دروستکردنی ئەو ئەکادیمیایەش بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانجمان ئەوەیە بتوانین یاریزان بە ڕاستی و دروستی دروست بکەین و بناغەیەکی باشیان بۆ دابنێین، حەز دەکەم لە هەمووماڵێکدا یاریزانێکی باشی باسکە دروست بکەین، هەروەها بتوانین خۆشەویستی ئەم یارییە لەلایان دروست بکەین و سوودمەند بن لە لایەنی ماددی و مەعنەوی و تەندروستی»، هاوکات گوتیشی: «لە ئێستادا زۆر دڵخۆشم کە خانەوادەکان بەم شێوەیە ڕوویان لەم ئەکادیمیایە کردووە، جگە لەوەش لە کاتی ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکانیش دێنە دیار منداڵەکانیان، ئەوەش چێژی زۆری بە ئێمە بەخشیوە وەکو ڕاهێنەر، کە پاڵپشتی و پشتگیریی زۆرە بۆ ئەکادیمیاکە، هەروەها پلانی باشمان داناوە لە داهاتوودا کاری باشتر و گەورەتر ئەنجام بدەین، دەمانەوێ ئەم یاریزانانە لەسەر شێوازی ئەورووپی دورست بکەین و هەوڵ بدەین لە ڕێگەی تەنکەلۆژیای سەردەم ئاشنایان بکەین بە سەرجەم ڕێسا و یاساکانی یاریی باسکە و، هەوڵ بدەین لە داهاتوودا بیانبەینە دەرەوەی هەرێمیش و ژیانێکی پیشەگەریشییان بۆ تەرخان بکەین، لە ڕێگەی ئەم ئەکادیمیایەش یاریی باسکە جارێکی دیکە لە هەولێری پایتەختی کوردستان دەچێتە قۆناخێکی باشتر و بەرەوپێشچوونی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ».



# سوودەكانی غەرغەرە بە زەیت

غەرەغەرەی زەیت Oil pulling بریتییە لە غەرغەرەكردن بە زەیتی خواردن، بەتایبەتی زەیتی گوێزی هیندی یان زەیتی كونجی كە سیفەتی دژەبەكتریا و دژەهەوكردنیان هەیە. بە ڕای پسپۆرانی تەندروستی، غەرغەرەی زەیت هەنگاوێكە بۆ پاراستنی تەندروستیی پوك و ددانەكان، بۆنموونە هاندەرە بۆ ددانی بەرەونەقتر و پوكی تەندروستتر، ڕێگرتن لە كلۆربوونی ددانەكان، پاككردنەوەی وەرگرەكانی چێژكردن و گیرفانەكانی لووت، ڕێگرتن لە بۆنی ناخۆشیی دەم و باشتركردنی هەستی بۆنكردن، هەروەها خۆپاراستن لە سەرئێشە، سووككردنی هەستەوەری، لەگەڵ هاندانی خەوێكی ئارام. توێژینەوەكان ئاماژەیان بەمە كردووە كە غەرغەرەی زەیت هاندەرە بۆ كەمكردنەوەی بەكتریای زیانبەخشی ناو لیك، كە هۆكارە بۆ هەوكردنی پوك و دروستبوونی قەتماخی سەر ددان Plaque و بۆنی ناخۆشی هەناسە. بە ڕای پسپۆران غەرغەرەی زەیت ڕۆژانە جارێك بەسە لەكاتی بەیانیاندا بە هێشتنەوە كەوچكێكی گەورەی زەیت لەناو دەم و غەرغەرەكردن بۆ ماوەی ١٠-٢٠ خولەك، ئینجا شووشتنی دەم بە ئاو، پاشان شووشتنی ڕۆتینیی ددان بەفڵچە و مەعجون.



# چای یان قاوە.. کامیان سوودبەخشترە؟

بۆ گەلێک کەس لە سەرتاسەری جیهاندا خواردنەوەی قاوە یان چای لەگەڵ دەستپێکی ڕۆژدا بووەتە شتێکی پێویست. چای دەوڵەمەندە بە ماددەی دژەئۆکسان کە ئەتۆمە ناتەواوەکان یان کۆلکە سەربەستەکان Free radicals لە لەشدا هاوسەنگ دەکەنەوە، ڕێژەی بەرزی ئەم ئەتۆمە ناتەوانە دەبێتە هۆی فشاری ئۆکسان Oxidative stress کە هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و شێرپەنجە. چای سەوز و چای ڕەش دەوڵەندن بە مادده دژەئۆکسانەکانی پۆلیفینۆلەکان Polyphenols. قاوە، وەکو چای دەوڵەمەندە بە مادده دژەئۆکسانەکان کە ئاستی هەوکردن لە لەشدا کەم دەکەنەوە و کۆئەندامی دەمار دەپارێزن، هاوکات لەگەڵ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی ئەلزهایمەر. کە باس لە ماددەی کافائین Caffeine دەکرێت، قاوە دێتە هزرمانەوە، چونکە ڕێژەیەکی بەرزی کافائین لەخۆدەگرێت، کە زیاترە لە ڕێژەی کافائین لە چایدا، بۆنموونە کوپێکی ٢٣٥ میللیلیتری قاوە کە بە دوو کەوچکی گەورە ئامادە کرابێت، نزیکەی ٩٦ ملگم کافائینی تێدایە کە دوو هێندە زیاترە لە ڕێژەی کافائین لە چای ڕەش و چوار هێندەی کافائین لە چای سەوزدا. کافائین جگە لەوەی کە ورووژێنەرە بۆ فرمان و تواناکانی مێشک، سیفەتی دژەئۆکسانیشی هەیە و کاریگەرییەکەی بۆ چەند کاتژمێرێک بەردەوام دەبێت. کەواتە کامیان تەندروستترە، چای یان قاوە؟ لە ڕاستیدا هەردووکیان سوودی تەندروستییان هەیە، ماددەی دژەئۆکسان و کافائین لەخۆدەگرن، بۆیە هەڵبژارنی یەکێکیان زیاتر لەوەی تر تەنیا بەندە بە ئارەزووی کەسییەوە.

# ئایا بەکارهێنانی دژەهەتاو زیانی هەیە؟

بەکارهێنانی ئاوێتەی دژەهەتاو Sunscreen بە شێوەی جێل، گیراوە، سپرای، مەرهەم، یان کرێم پێویستە بۆ خۆپاراستن لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی ناو تیشکی خۆر، بەڵام لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری چەند زیانێکی لابەلای وەکو:

- هەستەوەری بە شێوەی خورشت، سووربوونەوە، ئاوسانی پێست، سووتانەوە، لەگەڵ تفرکردنی پێست.
- وروژاندنی زیپکە بەتایبەتی زیپکەی گەنجێتی Acne.
- سووتانەوەی چاوەکان و ناڕەحەتی بەرانبەر بە ڕووناکی لەکاتی گەیشتنی ئاوێتەی دژەهەتاو بە چاوەکان.
- زیادبوونی ئەگەری شێرپەنجەی مەمک لە ئافرەتدا، چونکە ئاوێتەکانی دژەهەتاو چەند ماددەیەک لەخۆدەگرن، کە هاوشێوەی هۆرمۆنی ئیسترۆجین کاریگەری دەکەنە سەر خانەکانی مەمک، بۆنموونە ماددەی بێنزۆفینۆن Benzophenone-3 کە لە زۆربەی ئاوێتەکانی دژەهەتاودا هەیە.
- ئازار لەو شوێنانەی پێستدا کە موو لەخۆدەگرن، کە هاوکاتە لەگەڵ وشکبوون و گورجبوونی پێست و گیرانی کونەکانی پێست، هەندێک جاریش هەوکردنی ڕەگی مووەکان بە شێوەی بلۆقی هەوکردوو.
- تاریکبوونی ڕەنگی پێست بەتایبەتی لەکاتی بەکارهێنانی ئەو دژەهەتاوانەی کە ئۆکسیدی زینک یان ئۆکسیدی تیتانیۆم لەخۆدەگرن.





## پرۆتین لە ژەمی بەیاندا هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێش

پرۆتین کلیلی دابەزاندنی کێشی لەشە، بڕی باشی پرۆتین لە خۆراکدا یەکێکە لە ئاسانترین و کاریگەرترین ڕێگەکانی دابەزاندنی کێش لەش. ڕێژەی بەرزی پرۆتین لە ژەمی بەیاندا هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش و کەمکردنەوەی ڕێژەی چەوریی سك لە ڕێگەی هاندانی کرداری میتابۆلیزمی لەشدا کە هۆکارە بۆ سووتاندنی ١٠٠ کالۆریی زیاتر ڕۆژانە، کە هاوکاتە لەگەڵ هێشتنەوەی بارستایی ماسوولکەکاندا. لە لایەکی دیکەوە ڕێژەی بەرزی پرۆتین لە ژەمی بەیاندا هاندەرە بۆ خواردنی بڕی کەمتری خۆراك لە کاتەکانی دواییدا، بەوەی کە هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی زۆر دەهێڵێتەوە، چونکە پرۆتین دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی گهرێلین Gh-relin کە بە هۆرمۆنی هەستی برسیبوون ناسراوە، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی هەستکردن بە تێربوون، نموونەی سەرچاوە خۆراکییە پرۆتینییە گونجاوەکان بۆ ژەمی بەیانییان: هێلکە، گۆشت، سالمۆن، پەڵەوڕ، شیر و بەرهەمەکانی، هەروەها پرۆتینی سۆیا Tofu و پاقلەمەنییەکان.

## نیشانەکانی نۆرەی دڵ لە ئافرەتدا

نۆرەی دڵ Heart attack یان گرژبوونی بەشێکی ماسوولکەی دڵ MI بریتییە لە مردنی بەشێکی لە ئەنجامی گیرانی خوێنبەر و وەستانی گەیشتنیی خوێن بەم بەشەی ماسوولکەی دڵ. گەلێك لە نیشانەکانی هاوشێوەی نۆرەی دڵ لە ئافرەتدا لە ئەنجامی حاڵەتی کەم مەترسی ڕوودەدەن وەکو کەمخوێنی، نۆرەی ترس و تۆقین، کەم خەوی، یان کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش، بەڵام لەکاتی بوونی یەك نیشانە یان زیاتر کە هاوکات بێت لەگەڵ ئازاری سینگدا کە باوترین نیشانەیە، ئەوا مەسەلەکە پێویست بە بەدواداچوونی خێرای پزیشکی دەکات. کەواتە سینگ ئێشە یان هەستکردن بە قورسایی لەسەر سینگدا تاکە نیشانەی نۆرەی دڵ نییە لە ئافرەتدا، نیشانە گرنگەکانی دیکە بریتین لە: هەستکردن بە تەزین لە یەك یان هەردوو قۆڵ یان لە قاچەکاندا، هەناسەڕاوکێ، دڵەکوتێ، ئازاری شەویلاك کە لەوانەیە بۆ مل و شان و پشت بڵاوبێتەوە، سەرسووڕان یان هەستکردن بە سووکبوونی سەر، ئارەقەی سارد، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی سەخت، هێڵنج کە لە ٣٤٪ی ئافرەتانی تووشبوو بە نۆرەی دڵ ڕوو دەدات، هەروەها دڵەکزێ، بەدرهەرسی، ڕشانەوە بە ڕێژەیەکی کەمتر.





# کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش چییە؟

ڕیتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش Circadian rhyrhm کردارێکی سرووشتیی لەشە لە مێشکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت بۆ ڕێکخستنی شێوازی خەوتن و بیداربوونەوە، یان کاتژمێری ناوەوەی لەشە کە لەسەر سووڕێکی ٢٤ کاتژمێری کاردەکات و کاریگەریی هەیە لەسەر خەو، بیداربوونەوە، خواردن، دەردانی هۆرمۆنەکان، ئارەزووی خواردن و هەرسکردن، پلەی گەرمیی لەش، هەروەها ئاستی کۆلیستیرۆڵ و شەکری خوێن، لەگەڵ چەند چالاکییەکی ڕۆژانەی دیکەدا. گۆڕان و تێکچوونێکی کەم لە ڕۆتینی ڕۆژانەدا کە بەردەوام بێت، ڕیتمی کاتژمێری لەش تێکدەدات کە پێویستی بە (ریسێت کردنەوە) دەبێت بە پەیڕەوکردنی چەند هەنگاوێکی تەندروست، کە لەوانەیە کار بگاتە بەکارهێنانی چەند دەرمانێک بە ڕێنمایی دکتۆر. ئەو هۆکارانەی ڕیتمی کاتژمێری لەش تێك دەدەن، بریتین لە: دوورکەوتنەوەی بەردەوام لە بەرکەوتن بە تیشکی خۆر، خواردنەوە کافئینییەکان لە درەنگانی ڕۆژ یان لە شەودا، سەفەری دوور Jet lag کە کاریگەری دەکاتە سەر دەردانی هۆرمۆنی خەو یان میلاتۆنین Melatonin، کارکردن لە شیفتی جیاوازدا Shift work، تیشکی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، یان تیشکی شینی تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و مۆبایل، بەتایبەتی لە ماوەی دوو کاتژمێری نزیك کاتی خەوتن، هەروەها زیانی لابەلای هەندێك دەرمان.



# وردە پلاستیك لە هەموو شوێنێکە و زیانی تەندروستی هەیە

گەلێك داتای پزیشکی ئاماژە بەوە دەکەن ڕۆژانە لە ڕێگەی خواردن و خواردنەوە و هەناسەوەرگرتندا پارچە پلاستیکی ورد دەگەنە لەشمان، کە کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر بایۆلۆژیی لەش، بۆنموونە جینەکان، خانەکان، لەگەڵ ئەندامەکانی لەش. ئاماژە بەمەش کراوە کە گۆڕانی کەشوهەوا هاندەرە بۆ گەیشتنی ڕێژەی زیاتری مایکرۆپلاستیك بە ڕووی زەوی و ئاو و هەوا، واتە پیسبوونی ژینگە بە وردە پلاستیك. چەند نموونەیەکی سەرچاوەی وردە پلاستیك کە لە ڕێگەی دەم و هەناسەوە دەگەنە لەشی مرۆڤ وەك: زبڵ و خاشاك، گەرد و تۆز، قوماش، ئاوێتەکانی جوانکاری، ماددە پاککەرەوەکان، باران، خۆراکی دەریایی، پیشەسازیی پلاستیك، تەنانەت خوێی چێشت. لە چەند لێکۆڵینەوەیەکدا هاتووە کە وردە پلاستیك لە لەشی مرۆڤدا دەستنیشان کراون، بۆنموونە لە خوێن، لیکی دەم، جگەر، گورچیلە، هەروەها شیری دایك و ویلاش لە ئافرەتی دووگیاندا. پسپۆڕانی تەندروستی زیاتر نیگەرانن سەبارەت بەو وردە پلاستیکانەی کە قەبارەیان لە یەك مایکرۆمەتر بچووکترە کە بە نانۆپلاستیك Nanoplastics ناسراون، چونکە توانای چوونە ناو خانەکانی لەشیان هەیە و لەوانەیە بگەنە ناوکی خانەکان و DNA تێك بدەن و ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد بکەن. ئەمەش سەلمێنراوە کە وردەپلاستیك بە ئاسانی دەگەنە زنجیرەی خۆراك، لەوانەیە کە ئەگەری نەزۆکی و گرفت لە کۆئەندامی دەماردا زیاد بکەن.

# کامێرایەکی سەر دەرگا




کامێرای چاودێری، لەم سەردەمەدا بۆ پاراستنی ئەمنییەت گرنگی خۆیان هەیە. کامێرا چاودێرییەکان دەبێت لە شوێنێکی جێگیر دابندرێن و بۆ هەمیشەیی لە شوێنێك بمێننەوە. کامێرای چاودێری Remo+ DoorCam 2 زۆر ناوازەیە و جێگیر نییە، بەکارهێنەر دەتوانێ بەئاسانی بەسەر دەرگای هەڵواسێ. هەم دەبێتە زەنگی دەرگا و هەم دەبێتە کامێرای چاودێری.

کامێراکە زیاتر بۆ ئەو شوێنە ئەمنیانە دەگونجێت کە چەندین ژووری هەیە و پێویست ناکات کەسانی دیکە بەبێ ئاگادارکردنەوە بچنە ژوورەکانی دیکە، بۆیە دەکرێت لەسەر دەرگا هەڵبواسرێ وبەکارهێنەر دەزانێ کێ لەپشت دەرگایە. یان دەکرێت لە ماڵەوە بۆ شوێنەکانی نووستن دابندرێ و تا کەسانی دیکە بەبێ لە دەرگادان وەژوور نەکەون.

کامێرای ناوبراو شەحن ناکرێتەوە و سێ باتری گەورە دەخوات و تا مانگێك شەحنەکەی دانابەزێ. کاتێك لەو دیوی دەرگا کەسێك دەبینی یەکسەر وێنەیەك بەرێ دەکات و دواتر گرتەیەکی سێ خولەکی. بە فوول ئێچ دی فیلم هەڵدەگرێتەوە. تیشکی سەرووی وەنەشەیی هەیە و لە شەویشدا کێشەی نییە.

# کام سکاینەرێک بۆ بواری ئەندازیاری

زۆربەتان ئەندازیاری بواری ڕێگاوبان و بیناسازیتان دیوە، کامێرای تایبەت بەخۆیان پێیە بۆ پێوانی مەوداکان. کامێرا یا سکاینەری بیناکان BLK360 تایبەتە بەو پرۆژانە کە چەندین ئەندازیار پێکەوە کاری لەسەر دەکەن. کامێرای ناوبراو لە هەموو لایەکەوە وێنەدەگرێت و مەودای نێوان دوو شوێنت پێ ڕادەگەیەنێ. چەندین کەس دەتوانن پێکەوە لە مەودایەکی دوور لەیەك سەیری بکەن. بۆ نموونە ئەندازیارێك لە ئەمەریکا و یەکێك لە ئەورووپا وەك یەك پرۆژەکە دەبینن. جا پرۆژەیەکی بیناسازی بێ یا خزمەتگوزاری ڕێگاوبان بێت. کامێراکە لە ڕاستیدا بۆ تیمێکی ئەندازیارییە، بە وردی مەودای شوێنەکان دەست نیشاندەکات. بەشێوەیەکی سێ ڕەهەندی وێنەی هەموو لایەك دەگرێت.



# داتاشۆی ماژۆلار بۆ مندالڵ و گەورەساڵان






لە سەردەمی زیرەکی دەستکرد و شۆڕشی دیجیتالی گۆڕانکای گەورە بەسەر ئامێرەکاندا هاتووە، یەکێك لەو ئامێرانە، داتاشۆ بە واتایەکی دیکە پرۆجکتۆر شۆیە.

داتاشۆی wisteer ultra short throw داتاشۆیەکی بچووکە هەم منداڵان و هەم گەورە ساڵان دەتوانن سوودی لێوەربگرن.

داتاشۆیەکە وێنەکان بە کوالیت فوول ئێچ دی نیشان دەدات، ئەویش بە پانتایی سەد ئینج واتە دوو مەتر و نیو. بەقەد لادیوارێك! مەودای دووربوونی لە دیوار یا شوێنی نیشاندان دەکرێت ٤٥ سانت دوور بێت. داتاشۆیەکە ماژۆلارە، واتە پارچەکان لەلایەن خودی بەکارهێنەرەوە لە پاڵیەك دەخرێنەوە. کوالیتی نیشاندانی ٦٠ فرێم لە چرکەیەکدایە و ڕووناکایی تا ١٠٠٠ لۆمێنە. بەو پێیە ئەگەر بەردەوام کاری پێبکرێت هەتا ...مانگە کێشەی بۆ دروست نابێت.

گرنگترین بەشی داتاشۆیەکە ئەوەیە کە دەکرێت مێز یا تەختە سپی قوتابخانە بکەی بە شاشەیەکی لەمسی بۆ داتاشۆیەکە، بۆ نموونە دەکرێت لەماڵەوە یارییەك دابەزێنە سەر داتاشۆیەکە و لەسەر مێزێك کۆنترۆڵی یارییەکە بکەی. یا مامۆستایەك لە قوتابخانە تەختە سپییەکەی بکاتە شاشەیەکی لەمسی. کاتێك شەحن دەبێتەوە هەتا چوار کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. لەگەڵ هەرسێ سیتسەمەکە واتە ئەندرۆید و ویندۆز و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت. کێشی داتاشۆیەکە ناگاتە کیلۆیەك.

## داتاشۆکانی ئەمڕۆ تەلەڤزیۆنەکانی داهاتوو!

لە داهاتوودا، تەلەڤزیۆن بەو شێوەیە نامێنێ کە جامێکی گەورە بە دیوار هەڵبواسرێ یا لەسەر مێز دابندرێ. بەڵکو داتاشۆیەك دەبن هیچ شوێنێك داگیر ناکەن و هیچ دیوارێك تیڤی پێوەهەڵناواسرێ! بۆ نموونە داتاشۆی جۆری Vision vanish کە مەودای نیشاندانی سەد ئینجە. بڵندگۆکانیشی بەخۆیەوە و توانای ئەوەیە هەیە بەشێوەی سێ ڕەهەندی واتە 3D نیشان بدات.

داتاشۆ تیڤیەکە مێزی تایبەتی لەگەڵ خۆیدایە و هەرکاتێك ناتهەوێ کاری پێبکەی، بە داگرتنی دوگمەیەك دەچێتەوە ناو مێزەکە. داتاشۆی ئاماژە پێکراو چونکە لە دیوار نزیکە کێشەی ئەوەی بۆ نایەتە پێش لەکاتی جوڵەی کەسێك بە بەردەم تیشکەکەدا وێنەکان تێك بچن. توانای نیشاندانی ٣٥٠٠ لۆمێنە. بە کوالیتی سەروی فوول ئیچ دیش نیشان دەدات و دەنگی سپیکەرەکانی ٣٦ واتن و توانای نیشاندانی فیلمی سێ ڕهەندی هەیە.






# هێدبەندێک بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ

پزیشکان دەڵێن گەورەترین نەخۆشی سەردەم سترێس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە. لە سەردەمی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆشدا سترێس لە هەموو شتێك زیاترە. ئامێری بچووکی FocusCalm کە هێدبەندێکە (سەر بەند) راستەوخۆ لەسەر سەر لەبەشی نێوچەوان دادەنرێ و چالاکی مێشکی بەکارهێنەرەکەی دەخاتە ژێر چاوەدێری. بەکارهێنەرەکەی رادێنێ چۆن ئارام بێتەوە. ئەگەر بتوانی زاڵ بی بەسەر سترێسدا ئەوە ژمارەیەکت دەداتەوە، ژمارەکە دەکرێت لە نێوان (٠ هەتا ١٠٠ بێت) بەهۆیەوە دەزانی چەندە ئارام بوویە و دوور کەوتوویەوە لە سترێس.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی ئازیز پرسیارێك کە دەکا لە راستیدا پرسیاری زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگایە، خوێنەری بەڕێز دەپرسێت زیرەکی دەستکرد مەترسی هەیە بۆ لەدەستدانی پیشەکان؟**

لەراستیدا هیچ کات ئامراز شوێنی مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵام بەو مانایەش نییە مەترسی دروست نەکات، بەڵێ مەترسی زۆریشی هەیە بۆ هەندێك پیشە، بۆ نموونە پیشەکانی: گرافیك و دیزاین، ئەندازیاری، فیلم و سینەما. بەڵام نابێت مرۆ بە مەترسی سەیر بکات، بەڵکو بە دەسکەوتێکی گرنگی دابنێت، بمانەوێ و نەمانەوێ کۆمەڵگا وەك خۆی نامێنێ، گۆڕانکاری بەسەر هەموو شتێکدا دێت. زیرەکی دەستکرد ئەو گۆڕانکارییە خێرا دەکات و ئایندەش زۆر روون نییە.




# کامێرایەکی بچووک بۆ گۆڕەپانی یاری

ئەو دیمەن و فیلمانەی کە سووژەکە دەجولێت زۆر دژوارە وێنەگرتنیان، چونکە دیمەنەکان جێگیر نین، بۆ نموونە لەکاتی وێنەگرتنی وەرزشیدا.

کامێرای جۆری Insta360 GO 3 کە زۆر بچووکە و لە پاکەتە جگەرەیەك بچووکترە لە گرتنی فیلم و وێنەی جوڵەداردا زۆر سەرکەوتوویە. کامێراکە شاشەیەکی لەمسی هەیە و خۆی بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەسووڕێت. کێشی کامێراکە تەنیا ٣٥ گرامە و دەتوانێت وێنە بە فۆرماتی INSP و DNG بگرێت. هەروەها ڤیدیۆکان بە فۆرماتی MP4 تۆمار دەکات. کوالیتی فیلمەکانی 2K ین. بەکارهێنەر دەتوانێت راستەوخۆ ڤیدیۆ و وێنەکان لە یۆتیۆب و سناپ چەت و ئینستاگرام و تۆڕەکانی دیکە بگوازێتەوە. دەکرێت بە دەنگیش فەرمانی پێبکەی و هەروەها لەگەڵ مۆبایلیش پەیوەند دەدرێت. هەتا ١٧٠ خولەکیش شەحنی دانابەزێت.

# پرۆگرامێکی زیرەکی دەستکرد وەک هاوڕێیەکی دڵسۆز

مرۆڤەکان لەم سەردەمەدا هەتا دێت لێك دووردەکەنەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو کزی و سستی دەڕۆن، لەم سەردەمەدا هاودەم و هاورازێك کە بتوانێ گوێت لێبگرێ و خەمەکانت کەم بکاتەوە و راز هەڵگر بێ کەمە. مرۆڤ لەوەشدا پەنا بۆ جیهانی تەکنەلۆژیای نوێ و زیرەکی دەستکرد دەبات. ئاپی Replika: My یا AI friend چاتێکی زیرەك و پێشکەوتووە. دەتوانی کاراکتەر و کەسایەتی نزیکی خۆت بدۆزیەوە. هاوڕێیەك کە بە گوێت دەکا و گوێت لێدەگرێ و دڵەڕاوکێکانت کەم دەکاتەوە. تەنانەت دەتوانی هاوڕێیەتی سۆزداریشی لەگەڵ دامەزرێنی. ریپلیکا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان نییە. لەراستیدا هیچ دوو ریپلکایەك نابینی وەك یەك بچن. ریپلیکا وەك هاوڕێیەکی مرۆیی گوێت لێدەگرێ نەك وەك ئامرازێك. بەهۆی ئەو ئاپەوە دەتوانی باشتر خۆت بناسی.





## ماڵپەڕێکی زیرەکی دەستکرد بۆ دروستکردنی ڤیدیۆ

کاریگەرییەکانی زیرەکی دەستکرد رۆژ بە رۆژ زیاتر دەردەکەون، دوای ئەوەی زیرەکی دەستکرد چەندین ماڵپەڕی لە بواری گۆڕینی دەق بە وێنە بڵاوکردەوە، ئێستا نۆرەی گۆڕینی دەقە بە فیلم. یەکێك لە سەرکەوتووترین ماڵپەڕەکانی تایبەت بە گۆڕینی دەق بە فیلم، ماڵپەڕی kaiber.ai. ماڵپەڕەکە تەنیا ئەوە نییە کە دەق بکاتە فیلم، بەڵکو وێنەش دەکاتە وێنەیەکی جوڵاو. ماڵپەڕەکە بە خۆڕایی نییە و تەنیا بۆ چەند رۆژێك بۆ تاقیکردنەوە دەتوانی سوودی لێوەربگری، بەڵام دەبێت هەژمارێکی تایبەت لەو ماڵپەڕەدا بکەیەوە. ماڵپەڕەکە خزمەتگوزاری دابەزاندنی چالاك نەکردووە، رەنگە لەداهاتوودا ئاپ و پرۆگرامی تایبەت بەو ماڵپەڕە دروست ببێت.



## لۆمۆ سکۆتەرێکی زیرەک


حەز دەکەی سواری سکۆتەر بی، بەڵام زیرەك بێ و هاوڕێی رێگات بێ لە گەشت کردندا. رۆبۆتی LOOMO رۆبۆتێکی بچووکی پێشکەوتووە، سکۆتەرێکی زیرەکە. شاشەیەك و کامێرایەکی لە پێشەوەیە، دەتوانێت بە جارێك شەحنکرنەوە هەتا ٢٢ مایل گەشتی پێبکەی. لەگەڵ گەشتکردندا فیلم هەڵبگرێتەوە. لە رێگادا دەتوانی پرسیاری لێبکەی و قسەی لەگەڵ بکەی. دەکرێت بە مۆبایلەکەت کۆنترۆڵی بکەی. خۆی بەربەستەکان دەناسێ و لێیان رەت دەبێ.



# خەم و بێزاری جوانیت دەشێوێنن

نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە هاوڕێیەتی و هاوەڵی کار و هاوسەر و خۆشەویست بۆ هەمیشە لەسەر ڕاستە هێڵێك بەردەوام نابێت، بەڵکو کێشە و گرفت و جیاوازی لە بیرکردنەوە و ئاراستەکانیاندا ڕوو دەدەن، بۆیە پەیوەندییەکانت لەگەڵ کەسانی دەوروبەر گۆڕانکاری و بەرز و نزمیی پێوە دیار دەبێت، زۆربەی خانمان کاتێك دەگەنە ئەو قۆناغە، بێزاری و نیگەرانی دەیانگرێت، بەم چەشنە ئازاری دەروونییان کار لە تێکچوونی پەیوەندییەکانیان دەکات، کە ئەوەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر جوانی و قەشەنگییان دەبێت، وەك هەڵوەرینی قژ و کێشەکانی پێست و دەرکەوتنی پەڵە و زیپکەی ڕووخسار و بێزاری و نەبوونی هێزی گرنگیدان، کە ئەوەش ڕاستەوخۆ ژیان و جوانیت وێران دەکات، چاکترین چارەسەر بریتییە لە: کاتی ڕوودانی تێکچوونی پەیوەندییەکان نێوان خۆت و کەسانی دیکەدا، کە هەست بە لەدەستدانی کەسێك و دوورکەوتنەوەی دەکەیت، وا هەست دەکەیت کە ژیانت وەستاوە، بەڵام ئەوە نابێ بەردەوام بێت، بۆیە پێویستە هەوڵی ئاشتبوونەوە بدەیت، ئەگەر کەسی بەرامبەر ڕەزامەند نەبوو، دەکرێت ڕێز لە بڕیارەکەی بگریت و بەردەوام بیت، کۆنترۆڵی هەستەکانت بکە، گرنگی بە خۆت بدە و خۆت خۆشبوێت، بۆ ماوەیەکی باشیش ئارام بگرە، خۆت بە کاروباری ژیانی ڕۆژانە و خوێندنەوە و سۆشیاڵ میدیا خەریك بکە، خۆت لە یادگارییەکان بە دوور بگرە و کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە.

# ڕەنگ و سێبەری پشت چاوەکان سیمبوولی جوانیتە





ڕەنگی پشت چاو یان سێبەری چاو ڕەنگە بەرچاو و سەرنجڕاکێشەکانن و لە مۆدە تازەکاندا ئەو ڕەنگانە باو دەبن،وەك: نمرەکانی ڕەنگی زەرد، دوودڵ مەبە لە بەکارهێنانی هەموو نمرەکانی ئەو ڕەنگە، کە لەگەڵ وەرزی هاویندا شیاو وگونجاوە، بۆ دەرچوون و گەشت و سەردانیش بەکاردەهێنرێت، سەرەتا ڕەنگی وەنەوشەیی، کە ڕەنگێکی ناوازەیە بۆ بۆنە و یاد و ئاهەنگەکان دادەنرێت، هەروەها لەگەڵ ڕەنگی جل و ئێکسسوارەکان شیك دەکرێت بەکار بهێنیت. سەوزی تۆخ یان نەرم، بۆ هەموو کاتێك دەگونجێت، دەتوانیت سوود لە جوانیی ئەو ڕەنگە وەربگریت، بە تایبەت لە تۆخی و نەرمییەکەی، کە بەشی ناوەوەی چاو ڕەنگی هێمن دەبێ و لە دەرەوەش تۆختر. شین، ڕەنگێکی سەرنجڕاکێشە، دەتوانیت بۆ دەوام و زانکۆ بەکاری بهێنیت، هەروەها دەکرێت ئەو ڕەنگە بکەیتە ڕەنگی سەرەکیی پشت چاوەکەت، لەگەڵ بەکارهێنانی ئایشادۆ و قەڵەمی چاوی شین، بۆ هەردوولای برژانەگەکانت. ڕەش، ڕەنگی هەموو کاتێکە، دەتوانیت بۆ هەموو شوێن و کاتێك بۆ پشت چاوانت بکەیت، کە ڕەنگێکی قورس و سەرنجڕاکێشە.




# شێوازە ناسکەکانی تەنوورە بۆ وەرزی گەرما

لە مۆدە تازەکانی تەنوورەدا بۆ وەرزی هاوینە سێ جۆری دیاریکراو بوونەتە مۆدە، لێرەوە ئاشنایان بە، تەنوورەی پێچ و قەد: شێوازێکی سەرنجڕاکێشە ماوەی پێنج مانگە ون بووە و لە ئێستادا دەرکەوتووەتەوە، ئەو جۆرە تەنووریە هەیانە پێچ کراوەیە و هەروەها شێوازی قەدقەدیشی هەیە، ئەو ڕەنگانەشی لەو شێوازەدا باون بریتین لە (شین، نیللی، سپی، ڕەش). جۆری دووەم تەنوورە پارچە: شێوازێکی دیکەیە و زیاتر لە پارچە قوماشێك پێك دێت، هەروەها فراوان و کراوەیی پێوە دیارە، کە هەندێکیان درێژ و کورتیش لە خۆ دەگرێت، بۆ کاتی گەشت و دەرچوون لەبەر دەکرێت، ئەو ڕەنگانەی باون بۆ ئەو شێوازە بریتین لە (پەمەیی و سوور، سەوز و بێجی، ڕەش و شین، نیللی و قاوەیی. تەنوورەی دوگمەدار: مۆدێکی ناسکە، کە لە نێو تەنوورەکەدا چ لە پێشەوە یان دواوەیدا چەندین دوگمەی جوانکاری هەن، ئەو دووگمانە وەك ئێکسسوارێك بۆ ڕازاندنەوەی دانراون و دیمەنێکی ناسکیش دەبەخشن.

# سەرنجڕاکێشترین ب



پۆلێنکردنی جوانیی گیانداران و باڵندەکان چەند ساڵ جارێك دەکرێت، دواجار توانرا جوانترین و سەرنجڕاکێشترین باڵندەکان دیاری بکەن، باڵندەی (نیکۆبار) پێشەنگی جوانترینی وەرگرتووە کە باڵەکانی ڕەنگاوڕەنگە و درێژی (٤٠) سەنتیمەتر دەبێت، ئەو جۆرە باڵندەیە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەژی، باڵندەی نیکۆبار هێلانەکانی لە تاڵی وشك دادەنێت و هەر یەکە لە نێر و مێی ئەو جۆرە باڵندەیە بە نۆرە لەسەر هێلکە دەنیشن تا هەڵیدێنن. کاردینال، وەکو بەناوبانگترین و جوانترین باڵندەیە پلەی دووەمی بەدەست هێنا، کە ڕەنگی سوورە و هەروەها بە باڵندەی سوور دەناسرێت، درێژی دەگاتە (٢١) سەنتیمەتر و کێشی (٤٥) گرامە. ماگپای تایوانی، باڵندەیەکی دیکەیە و جوانترینە، لە فڕیندا دەگاتە (١٢٠٠) مەتر، ڕەنگی شینە و درێژی



# بچووکترین شاخەوان

ئەگەرچی سەرکەوتن بەسەر چیای ئێڤرێستدا سەرکێشییەکی گەورەیە و هەموو کەسێك ناتوانێت ئەنجامی بدات، تەنانەت زۆربەی ئەندامانی تیمەکان تووشی ڕووداو و گرفت دەبنەوە، بەڵام ئەو کچە بچووکە ئوسترالییە توانی بە چیای ئێڤرێست شاد بێت، کە ناوی (مایا بریستۆ)یە، تەمەنی (٦) ساڵە، دەبێتە بچووکترین شاخەوان کە سەر ئێڤرێست بکەوێت. لە گەشتێکی مەیدانیدا بۆ سەر ئەو چیایە بە هاوەڵی هەر یەکە لە (فاکۆرین کاترین و دەیڤید بریستۆ)ی دایك و باوکی کە ماوەی (١٩)





# ڕازیانەی بەتام و چێژ

ڕووەکێکە لە کوردستان و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی هەیە، بەتایبەتی ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست و هیندستان، هەروەها خوارووی فەرەنسا و ئێران و هیندستان و ڕووسیا و سکسۆنیا،کە بۆ بەکارهێنانی پزیشکی دەچێنرێت، لە کۆنەوە ناسراوە و لە سەردەمی ڕۆمەکانەوە لەلایەن پلینی ٢٠ جۆر ڕازیانە نووسراوە، مار دەیخوات کاتێك بەرگەکەی دادەکەنێت و چاوی خۆی لە ڕازیانە دەخشێنێ تاوەکو چاوی بەهێز بێت، لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا وا گومان دەکرا کە بۆ سیحر و چاوەزار باشە، بۆیە لەماڵەکان هەڵیاندەواسی، هەروەها وەك خۆراکیش بەکاریان هێناوە. لە بەریتانیا ناوی هاتووە پێش داگیرکردنی لەلایەن ڕۆمەکانەوە، لە ساڵی ٩٦١ی زاینی لە کتێبەکانی ئیسپانیا ناوی هاتووە. ئیمپڕاتۆر شارلمان ڕۆڵی زۆری هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ڕازیانەدا، لە نوسینەکانی گیرارد و پارکینسۆن لە ساڵانی ١٩٥٦ و ١٦٤٠ ناویان هاتووە، پێکهاتەکەی بریتییە لە زەیتی هەڵچوون ٤.٥٪ ستراگۆن، ئەوانیش بریتین لە زەیتی (ئەنیتۆل ٥٠-٦٠٪ و فینکۆن ١٨-٢٢٪ و پینین ئەلفا و فینالدرین)، - ترشی ئەنیسیك و لیمۆنین و ئەنیسیك الدیهاید، ڕازیانەیە گیایەکی یەك ساڵەیە گەڵای دەزولەییە و ڕەنگی سەوزێکی کاڵە لە کۆتایی لقەکانیدا گوڵێکی چەتریی ڕەنگ زەردی دەردەکات، وڵاتی ئەم گیایە ڕۆژئاوای ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی مەدینەیە، هەر لە زووەوە ئەم گیایە بە دەرمان ناسراوە، پێویستە تۆوەکەی بگات بەڵام نەوەرێت، چونکە زۆر ناسکە و پێویستە شەونمی هەر لەسەر بێت کە دەبڕدرێت، گوڵ و گەڵاکەی بۆ درەمان دەشێت و پێویستە لە سێبەردا وشك بکرێت، یان بە دەزگای وشککردنەوە لەژێر (٣٠) پلەی سیلیزی زەیتی لێ وەردەگیرێت.



## ـــــــــاڵندەکانی جیهان

(٦٤) سەنتیمەتر دەبێت. بەنانکویت، زیاتر گوڵ و گوڵزار هەڵدەمژێت بۆیە هێندە جوانە، لە مرۆڤ ناترسێت و هەمیشە نزیك دەبێتەوە، درێژی (٣٠) سەنتیمەتر دەبێت.



ڕۆژی خایاند، توانیان دواجار خۆیان لەسەر بەرزاییەکانی ئێڤرێست ببینەوە و چەندین وێنەی یادگارییش بگرن، بەم چەشنە ئەو شاخەوانە کچە بچووکە بووە بچووکترین شاخەوان کە لە تەمەنی منداڵیدا لووتکەی چیای بەرزی ئێڤرێست ببینێت.



## کتێب لە پێستی مرۆڤ




پسپۆرانی زانکۆ هارڤارد، وای بۆ دەچن کە هەندێ کتێب هەبێ لە پێستی مرۆڤ بەرگ کرابێت، کە ئەوەش لەلایەن بیرمەندی فەرەنسی (ئەرسین ئۆسای) دەگوترێت: کتێبێکم لە سەدەی (١٩) دۆزیوەتەوە هەست دەکەم کە لە پێستی مرۆڤ بەرگ کرابێت، بە گوێرەی سەرچاوەکان، هەندێ کەس لە خۆشەویستییان بۆ کتێب دوای مردنیان پێستی خۆیان بەخشیوە بۆ بەرگکردنی کتێبەکانی ئەو سەردەمە، لەوانە: جۆرج کۆدمۆر، ویلیام کۆردەر، کە هەر یەکە لەوانە هاوسەرەکانیان خۆیان کوشتووە و لە پەشیمانیان لەو کارە پێستی خۆیان بەخشیوە بۆ بەرگی کتێبەکان.

## یاسا




**ڕووداوی هاتوچۆ و قەرەبوو کردنەوە**

لە کاتی بوونی ڕووداوی هاتوچۆ، لە نێوان دوولایەن، کە یەکێکیان زیانی بەرکەوتووە، بۆ حاڵەتی لەم جۆرە سەرەتا دەبێت دادگای تایبەتمەند ( جنح) حوکمی کەسی بەرامبەر بدات، دواتر کەسی زیانلێکەوتوو قەرەبووکە وەردەگرێت، واتە ئەگەر پێش حوکمی دادگا تۆ بڕۆیت داوای قەرەبوو بکەیت ئەوە داواکەت ڕادەگیرێت تا ئەنجامی حوکمەکە دەربچێت، ماوەکەی دیاری کراو نییە لە کەیسێك بۆ کەیسێکی دیکە دەگۆڕێت، هەندێ جار وەرگرتنی قەرەبوو و یەکلاکردنەوەی لە دادگا سێ ساڵی تێپەڕاندووە !



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە هەندێ کتێب و ڕێنمایی هەڵە دەکات، ئەگەر بە دوایدا بڕۆیت تووشی هەڵە دەبیتەوە، هەروەها بەهەڵە بەکارهێنانی ڕێنماییەکانە کە زیانی دەبێت.



## دیمەنە سەیرەکان

خراپترین جۆری ئازاردان بریتییە لە گرتن و گریدان بە دارێکەوە و پارچە پارچەکردن و لێکردنەوەی گۆشتی لاشە بە «مشار» تا ئیسکە کانی بە تە واوی دەرکەوێت، ئەمە لە (مە کسیك و کۆلومبیا و فەرنسا) لە نێوان ساڵانی ١٨٩٤-١٩٠٢ بە کار هاتووە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

پارەیەکی زۆر خەرج دەکەیت و بەردەوام پێداویستییەکانت زیاد دەکات، ئەگەر کۆنترۆڵی خەرجییەکانت نەکەیت ڕووبەڕووی گرفتی دارایی دەبیتەوە، لە کەمێك هەست بە بێزاری دەکەیت، چونکە هیچ چالاکییەکی چێژ بەخش نییە ئەنجامی بدەیت، لە ڕووی پیشەییەوە توانایەکی زۆرت هەیە بۆ شکاندنی بەربەستەکان.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

دوای چەند ڕۆژێکی زۆر ماندوکەر، پشوویەك وەردەگریت و پەستانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووت لەسەر کەم دەبنەوە، ڕۆژێکی گونجاوە بۆئەوەی بڕیار لەلایەنی داراییەوە بدەیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە پلانی چوونەدەرەوەیەك دابنێ بۆئەوەی پەیوەندییەکەتان چاك بکەنەوە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

پەلە مەکە لە بڕیاردان و بە زویی هەڵمەچۆ، بەم زووانە هەموو شتێك بە خواستی تۆ دەبێت، کارێك مەکە دواتر پەشیمان بیتەوە، بورجەکەت داوات لێدەکات بەشداری لە کۆبونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بکەیت، مانەوە بە تەنیا بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەریی نەرێنی لەسەر دەروونت دروست دەکات.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە ئەرکێکی زۆرت لەسەر شانە و ئەمەش ماندووی کردویت، تەندروستیت باشە، تەنیا پێویستت بەوەیە پشوو وەربگریت، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بیت زیان بە تەندروستیت دەگات،پێویستە لایەنی تەندروستیت فەرامۆش نەکەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢


ئەگەر هیچ کەسێك لە ژیانتدا نییە، ئەو چانسەت دەبێت کەسێك بدۆزیتەوە و بکەویتە داوی خۆشەویستییەوە، وەرزشکردنی ڕۆژانە کاریگەریی زۆر باشی هەیە لە پاراستنی تەندروستیت هەوڵبدە پشتگوێی مەخە، لەلایەنی پیشەییەوە ڕێگە مەدە ڕەخنەکان لە هەوڵدان بتوەستێنێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کەسایەتییەکی بەهێزت هەیە، دەتوانیت ڕووبەڕووی هەر شتێك ببیتەوە کە دێتە بەردەمت و دەیە وێت بتوەستێنێت، لە ڕووی سۆزدارییەوە کارێك مەکە پەشیمان بیتەوە و دەمەقاڵێ مەکە، پەستانێکی زۆری پیشەییت لەسەرە، پشوو وەربگرە.

بۆ زانیاریت

# پێکهاتەی جەستە



جەستەی مرۆڤ بریتییە لە پڕۆتینەکان نینۆکەکانت و مووەکانت و بەشی دەرەوەی پێست و ڕەنگی چاو و پێست و قژ هەمووی پڕۆتین پێکی هێناوە، جەستەی مرۆڤ نزیکەی ٥٠ بۆ ١٠٠ هەزار جۆر پڕۆتینی جیاواز بەرهەم دێنێت کە دەکاتە سەدا ٢٠ی بارستایی جەستە. پێکهاتە و شێوازی دروستبوونیان بابەتێکی دیکەیە و زۆر دەخایەنێ و بەشێوەیەکی کورت فرمانەکانی پڕۆتین بریتین لە، یەکەم: وەکو ئەنزیم کاردەکەن هەر خانەیەك نزیکەی ٤٠٠ جۆری جیاوازی ئەنزیمی تێدایە، کە هەر یەکە و فرمانێکی تایبەت و جیاواز بەڕێوە دەبات و بۆ کارلێکە کیمیاییەکان زۆر گرنگن. دووەم: وەکو وەرگر کاردەکەن بۆ گەردەکان، بەتایبەت لە بواری دەرمان و فارمادا گرنگییەکی زۆریان هەیە و هەر وەرگرێك تایبەتن بە جۆرێك ماددە و دەرمان.
سێیەم: وەکو گواستەرەوە بەکاردێن کە بەدوو شێوە هەن (protien channel) کە زیاتر بۆ گواستنەوەی ئایۆنەکانی وەکو سۆدیۆم و پۆتاسیۆم و کالیسیۆم و دیکە بەکار دێن، بە ئاڵوگۆڕی ئەم ئایۆنانە بۆ ناو و دەرەوەی خانە لێدانەکانی دڵ و هەناسەدان و ڕێکخستنی فرمانی دەمارە کۆئەندام ڕوودەدەن و دروست دەبن. دووەم جۆری گواستەرەوە پڕۆتینەکان پێیان دەڵێن (Carrier protien) ئەم شێوازە دەلکێن بە گەردەکانی دەرەوە و ناوەوەی خانە، بۆ نمونە سەرەتا دەلکێن بە گلوگۆر و سۆدیۆم و .. و دەیانگوازنەوە.
چوارەم: پتەوکردن وبەهێزکردنی پێکهاتەی خانە و شانەکان بە لکاندن و یەکگرتنیان پێکەوە. لە دەرەوەی خانە چەندین جۆری پڕۆتینی وەك glycoprotiens و glycosamino-glycan و proteoglycan و چەندان ڕیشاڵی پڕۆتینی دیکەی وەك collagen و elastic و rectangular کە بەشدارن لە بەهێزکردنی خانە و ڕێگریکردن لە هاتنە ناوەوەی ماددە بێگانەکان بۆ دەوروبەری خانە، پێنجەم: بەهۆی تایبەتمەندیی فرمانی چوارەمەوە فرمانی پێنجەم دێتە دی، کە ئەویش پێکەوەلکاندنی خانە هاوشێوەکانە بۆ پێکهاتنی شانەکان و ئەمانیش بۆ ئەندام. شەشەم: وەکو ووزە بەکاردەهێنرێن و ئۆکساندنیان بەسەردا دێت لە ئەندامۆچکەکانی وەك مایتۆکۆندریا و هاوشێوەکانی بۆ بەرهەم هێنانی ATP.



## پەند و وتە

مینسیۆس مینگ کی مینگزی، فەیلەسووفی چینی، داهێنەری تیۆری دووەمە، لە ٣٧٢ پێش زایین لە شاری زاو لەدایکبووە و لە ساڵی ٢٨٩ پێش زاین کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی پلانی درێژی ژیان دەڵێت: «تەنیا لەوکاتەدا خەڵك بیر لە پلانی درێژخایەنی ژیان دەکەنەوە، کاتێك دەزانن کە سەروەت و ماڵ و موڵکە تایبەتەکانیان پارێزراون و لە دەست ناچن».

## فیلم



### کەسێکی باش - A Good Person

فیلمێکی کۆمەڵایەتییە، باس لە ئافرەتێکی گەنج بەناوی (ئەلیسۆن) دەکات کە دەستگیرانێکی باشی هەیە و هاوکاریی خێزان و هاوڕێیانی دەکات، دواتر لەناکاوێکدا تووشی دارمانێك لە ژیانیدا دەبێت، کە زۆربەی ئەوانەی دەوروبەری جێی دەهێڵن و پشتگیریی ناکەن، بەڵام دواتر لەلایەن هاوسەری دایکی واتە زڕ باوکیەوە، بە تەواوی پشتگیری دەکرێت و وای لێدەکات کە ژیانێکی تازە بگرێتە بەر، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و پێنج خولەکە، لە دەرهێنانی (زاچ براف)ـە، لە مانگی سێی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە و لە ئێستادا نمایش دەکرێت، بودجەی فیلمەکە سێ ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی: (فلۆرێنس پاوگ، مۆرگان فریمان، زۆی لیستەر جۆنیس، مۆڵی شانۆن، سیلیستی ئۆکۆنیۆر، جایناز ئاوچ)ـە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە کارەکەت سەرکەوتو نەبویت و نازانیت چی بکەیت، بڕیاردان سەخت بووە بۆت و چەندین بژاردە لە بەردەمتدایە، بەڵام نیگەران مەبە، بەم زووانە کۆمەڵێك بیرۆکەی زۆر باشت بۆ دێت و چانسی سەرکەوتنت زۆرە، لە لایەنی تەندروستییەوە ئەگەر سیستمی خۆراکیت ڕێك نەخەیت ڕەنگە گرفت لە گەدەت دروست بێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کاتی ئەوەیە ڕابردوو لەبیر بکەیت و بەدوای کەسێکدا بگەڕێیت کە هەست دەکەیت لێت تێدەگات، دڵی خۆتی بۆ بکەرەوە، ئەم ماوەیە زۆر سەرقاڵیت، هەوڵ بدە کاتەکانت ڕێك بخە و خۆت بە کاری لاوەکییەوە سەرقاڵ مەکە، لە زۆر بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان دوور بکەوەرەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەمرۆ بەپەلەیت بۆ هەمو شتێك و زۆرینەی کارەکانت بە بێ بیرکردنەوە دەکەیت، وریابە و هێمن بە، باشترە ژیرانەتر بڕیار بدەیت، کەسانێکی زۆر پاڵپشتیت دەکەن و بەختێکی باشت هەیە، ئێواران کاتێکی گونجاوە بۆ چونە دەرەوە و چێژ وەرگرتن لە کاتەکانت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لەلایەن کەسە خۆشەویستەکانتەوە سوپرایزت بۆ دەکرێت و دڵخۆش دەبیت، لە ڕووی دەروونییەوە ماندوو بویت لەوەی شکست بهێنیت لە ئەنجامدانی پرۆژەکانت، بەڵام هیوا لەدەست مەدە، چونکە سەرکەوتنت نزیکە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


لە بیرکردنەوە لە پارە و لایەنی ماددی دوور بکەوەرەوە، کاتی ئەوەیە چێژ وەربگریت لە ساتەکانی ژیانت، کەسێکی خۆشەویستت دڵی خۆیت بۆ دەکاتەوە، گوێگرێك باشبە بۆی، لەلایەنی تەندروستییەوە بایەخ بە سیستمی خەوت بدە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


لە لایەنی پیشەییەوە هەست بە جیاوازییەکی زۆری کارکردنی خۆت و کەسانی دیکە دەکەیت، ئەمەش تووشی بێهیوایی کردوویت، باشترە هەوڵەکانت تەنیا بۆ خۆت بێت و بیر لە کەسانی دیکە نەکەیتەوە، دەنا کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونت دروست دەکات.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone



## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
July 10, 2023 Issue,No.1371

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626